کورتە چیرۆک

# لەگەڵ چپەی گەڵاکان

فەڕۆخ نیعمەتپور



# لە گەڵ چپەی گەڵاکان

**(کۆمەڵە چیرۆک)**

**نووسینی: فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**٢٠١٢**

**بابەت:** کتێب
**ناوی بابەت:** لە گەڵ چپەی گەڵاکان
**تیراژ:**
**ژمارەی سپاردن:**
**چاپخانە:**

**پێرست:**

ـ لەوێ.................................... ٥
ـ لە گەڵ چپەی گەڵاکان............... ١١
ـ باخچەکەی باوەگەورە................ ١٧
ـ خەوی دایکێک........................ ٢١
ـ تەم و مژەکەی ئەو سەری شار...... ٢٦
ـ خەون بە مردووەکانەوە دەبینم....... ٣٣
ـ کوێرەرێیەک وەک پێکەنین.......... ٣٧
ـ مانگەشەوی سەر سنوور............ ٣٨
ـ خاولییەکە............................... ٤٤
ـ ژوورە پڕ لە مارەکان............... ٤٩
ـ بێگانە بە ئاسمان..................... ٥٣
ـ دەرگای نێوان ساڵەکان.............. ٥٨
ـ ژووری چاوەڕوانی................... ٦٥
ـ باغی سێبەر........................... ٦٩
ـ گوڵەگەنمەکان........................ ٧٤
ـ کۆڵانی تۆزاوی...................... ٧٩
ـ ئایەتەلکورسی........................ ٨٣
ـ وێنەکێش.............................. ٨٦
ـ مانگەشەوی سەر سنوور........... ٩٠
ـ قەراغەکان.......................... ٩٦
ـ ژووری چاوەڕوانی............... ١٠٠
ـ دەرگای نێوان ساڵەکان.......... ١٠٤
ـ خائینترین بێ وڵات............... ١١٠
ـ تەلەفۆن............................ ١١٢
ـ بەفرە وەڕەزەکان................ ١١٦
ـ باران.............................. ١١٩
ـ دۆزینەوە.......................... ١٢٣
ـ لە گەڵ کۆڵان..................... ١٢٧

## لەوێ

سوار فڕۆکەکە دەبم. بەختم هەیە، لە تەنیشت یەکێک لە پەنجەرە گچکەکان دادەنیشم. خەڵکەکە سەرقاڵی خۆ دامەزراندنن. سەرنجیان دەدەم. زوو وەڕەز دەبم. نیگا وەردەگێڕم و سەیری دەرەوە دەکەم، "جیهانێک لە دەرەوە بە قەد پەنجەرە چکولەکە"، بەڵام دەرفەت هەیە، سەیری دووردەستەکان دەکەم. دووردەستەکانی روانین و تێکەڵبوونی زەوی و ئاسمان. کتوپڕ غەمێک دامدەگرێ... ئەوە پەنجەرەکە نیە، بەڵکوو ئەوە شاخەکەی ئەوبەر و دارستانەکەی بەریەتی کە ناهێڵێ ئەودیوی دووردەستەکان ببینم. چاوەکانم دەقونجێنم. رەنگە خەیاڵ بتوانێ بمبا، بمبا بۆ ئەودیو... ئەو دیوی کێوە بێروحمەکە... کۆترێک کە چەند شاخ و دارستان دەبڕی و بەڵام سەرئەنجام لە پانتایی بێکۆتاییەکی بێڕەنگ دەکاڵێتەوە.
فڕۆکەکە دەلەرزێ. دەنگەکەی هێزێکی سەیری تێدایە، هێزی مۆتۆڕێک کە دەتوانێ ئەوەندەت لە زەوی دووربخاتەوە کە لەو بڵیندابییە هەست بە خوایەتی بکەی. خوایەکی ترسنۆک! بیرلەوەی رەنگە تەیارەکە هەرکات بکەوێتە خوارەوە. جا بە هەر هۆیەک. خوایەک کە دەکرێ هێشتا نەگەیشتووەتە زەوی، دڵی تۆقیبێ، یاخود لە سەرمای چل دەرەجەدا رەق هەڵاتبێ. قەت لە ژیانمدا لە هیچ دەنگێکدا هەستم بەم هێزە نەکردووە، نە لە دەنگی باوکمدا و نە لە دەنگی مامۆستادا و نە لە

دەنگی ئەو گروبانانەی کە بۆخۆشیان نازانن بۆ ئەوەندە تووڕەن! دەنگەکە دەمترسێنێ، گەلێک زیاتر لە ترسە ئاشناکان.
دەنگەکە بەرز دەبێتەوە. فڕۆکەکە وەڕێ دەکەوێ. دەنگ و هێز ئەوەندەی تر دەفڕن. منیش ئەوەندەی تر سەرسام دەبم. بۆ کوێم دەبەن؟ جاری وایە هەست دەکەم ئەوە هێزەکەیە کە مانا بە دەنگەکە دەدات، نەک دەنگەکە بە هێزەکە. بە راست کامیان پێش دەکەون؟ تێیدا ماوم. تا لە بیرم دێت رقم لە دەنگ و لە هێز بووە. پەشیمانم لەوەی سوار فڕۆکە بووم. حەز دەکەم دابەزم. سەیری پێشەوەی خۆم دەکەم. پێم وابێ دەستیش هەڵدەبڕم. موسافیرەکەی تەنیشتم بە گومانەوە سەیرم دەکا. دەپرسێ: "دەتەوێ بچی بۆ تواليت؟" لە سەر وەڵامی من راناوەستێ و، دەستبەجێ دەڵێ: " تازە ناتوانی، فڕۆکەکە دەبێ بفڕێ و بچێتە ئەو بەرزبەرزانە. لەوێ کاتێک راست بووەوە ئەوسا دەتوانی بچی بۆ تواليت!" بزەیەک دەنیشێتە سەرلێوی و دەڵێ: "دەزانی، ئەویش گەر بەرت کەوێ! ... دەزانی خەڵکێکی زۆر دەترسن و هەربۆیە دەستبەجێ دەچن بۆ ئاودەست. سەیرە، نازانم بۆ خەڵکی ترسنۆک میزیان دێت!"
راستی بۆ خەڵکی ترسنۆک میزیان دێت؟ من ئەوەتەی لە بیرم دێت زۆر میزدەکەم. بە ئیستاشیەوە. تەنانەت ئەو کاتانەیش کە لە هەموو کاتێک دڵنیاترم. کە لێیان دەدام، میزم دەهات. کە شەوانە ئیعلامیەم بڵاو دەکردەوە، میزم دەهات. تا تەواو دەبووم چەند جارێک میزم دەکرد. دەمم وشک وشک دەبوو، کەچی لەخوارەوە وەک جۆگەلەئاو خوڕەم دەهات! لە بیرم دێت کاتی بوردمانەکانیش هەروابووم. جارێکیان لە جۆگەلەکانی شاردا سیانزە دەقیقە راکشام. راکشاین، لە گەڵ هاوڕێکانم. هەشت تەیارە بوردمانی دەکرد. شار تەواو چۆڵ. دنیا هاواری دەکرد. دار و بەرد و ئاسمان. هەر لە یەکەم ساتەکاندا هەستم بە میزەکە کرد. دووای بۆمباران، خەڵک هەڵدەهات و من رادەوستام و میزم دەکرد! هەمیشە لە قوژبنێکی کۆڵانەکاندا. کۆڵانە خۆڵاوییەکانی سەردەمی منداڵی و گەنجیەتی.
موسافیرەکەی تەنیشتم خەوی لێکەوتووە. فڕۆکەکە لە ناو هەورەکانەوە گوزەردەکا. ئەوەندە نەرم و لۆکەیین کە هەست و جەستەم جۆرەیەکیان لێ دێت. حەزدەکەم فوویان لێبکەم. یاخود وەک پەشمەک بیانخۆم. بێگومان دەکرێ وەک پەشمەک لە ناو دەممدا بتوێنەوە. ئەم پەشمەکانە بەشی هەموو گەڕەکەکانی منداڵیم دەکەن.

بەشی هەموو کۆڵانەکان و بەشی هەموو نیگاکان. تەنانەت مێشەکانیش. مێشەکانی هاوین و وەیلانی بن سێبەری دیوارە گڵینەکان.
لە شوێنێک گەلێک بەرزتر لە هەورەکان، فڕۆکەکە راست دەبێتەوە. هەورەکان لە نێوان من و زەویدان. رەنگە لە زەوی نزیکتر بن. بیر لەوەی لە کوێم و بە چ خێراییەک دەڕۆم، رامناچڵەکێنێ. ئێرە جۆرەیەکە. شوێنێک لە نێوان هەموو پنتە ترسناکەکانی جیهان و دلەراوکێکان و ئومێدەکان. بیردەکەمەوە: "ئێرە شوێنی خوایە". سەیری دەرەوە دەکەم. بۆی دەگەڕێم. دەزانم نایبینم، بەڵام نیگام بە شوێنیدا هەر وێڵە. ئەو دەکرێ لە هەموو ئەم شوێنانەدا بووبێ و لە هیچ کامیشیاندا نەبووبێ. شوێنەکانی ئەگەر و رەنگە و دڵنیایی. ئەو لێرەکانە سارد سارد بە بێ هیچ خەمێکی لە چەشنی خەمی ئەوانەی سەر زەوی راکشاوە، خەوتووە، پێکەنیوە، گریاوە و  بیری لە بێکۆتاییەکان کردووەتەوە. یان رەنگە بیر لە بچوکیی مرۆڤ لەو خوارە، کە وەک کرمێک بە شوێن ژیاندا سێوی زەوی کون دەکا.
موسافیرەکەی تەنیشتم لە خەوهەڵدەستێ. دەڵێ: "عادەتێکی سەیرم هەیە، لەوکاتەیدا کە تەیارە هەڵدەستێ و یان دەیەوێ بنیشێتەوە، من خەوم لێدەکەوێ. بۆخۆیشم نازانم چۆن. کتوپڕ دێت." ئەوسا دیسان پێدەکەنێتەوە. دەڵێ: "گەر پێت خۆشە دەتوانی بچی بۆ ئاودەست!" بە ئاستەم ئەژنۆکانیشی خواردەکاتەوە. دەڵێم: "لە ژیانمدا قەت بە قەدەر ئیستا نەترساوم، بەڵام سەیرە، بۆ یەکەم جاریش هەست دەکەم کە میزم نایەت." بە لاچاو سەیرم دەکا و روو لەولادەکات. حەز دەکەم باسی خوای بۆ بکەم، باسی پەشمەک و ... کتوپڕ منداڵێک لە ریزەکانی دوواوە دەستدەکا بە رشانەوە. بۆنێکی یەکجار ناخۆش بڵاو دەبێتەوە. میواندارەکان کە کچە ئەورووپی ناسک ناسکن، دەگەن. بە عەلاگەوە دەگەن. سەیری دەرەوە دەکەمەوە. بۆنەکە لە بێکۆتایی دەئاڵێ، لە پەشمەکەکان و لە خوا. بۆنێکی زۆر خراپ. منداڵەکە زۆر خراپ دەڕشێتەوە. جاری وایە هەست دەکەم لەوانەیە ناوسکیشی بێنێتەوە. بەزەییەک دامدەگرێ. مرۆڤ زۆر بەدبەخت و بێچارەیە، وەرە بێیتە شوێنی خودا و کەچی بڕشێیتەوە! ئای مرۆڤی نەگبەت!
بیر لەو شوێنەی دەکەمەوە کە نەختێکی دی دەیگەمێ. بیر لە موسافیرەکانی دی کە تەنیا لە منەوە کەللە سەریان دیارە. کەللەسەرە جۆراوجۆرەکان. ئەم فڕۆکەیە سەری رووتاوی زۆر تیایە. تێدەگەم کە زۆربەی موسافیرەکان پیاون. ئەم هەموو

سەرڕووتاوە بۆ کوێ دەچن؟ هەوڵ دەدەم لێکی بدەمەوە کە خوا بۆچی قژ و مووی دروست کرد. لە ئینجیلدا نووسراوە کە خودا سەرەتا ئاسمان و زەوی دروست کرد، بەڵام زەوی کە وێران و تاریک بوو خودای هان دا کە رووناکی درووست بکا. رۆحی خودا بە سەر ئاوەکاندا فڕی و بیری لە تیشک کردەوە. خودا تیشکی چێکرد. خودا لە رۆژەکانی دیکەدا شتەکانی تری دروست کرد، وەک ئاژەڵ و مرۆڤ، بەڵام رۆژێکی تایبەتی بۆ قژ و موو دانەنا. ئەو کەللەسەرە رووتانەی کە ئیستا لە شوێنی خوداوە تێدەپەڕین، بۆ جاریکیش بیر لەوە ناکەنەوە کە لێرە هەموو داواکان رەواترن لە سەر زەوی. پێم سەیرە ئەوەندە بێ خەیاڵ پالیان لێداوەتەوە، یان خەوتوون. بێگومان دەکرێ خودا ئیستا خۆی بە تەیارەکەدا هەڵواسیبێ و لە یەکێک لە پەنجەرەکانەوە سەیری ناوەوە بکات. ئەی هاوار نەکا خودا بیر لە گەمە بکاتەوە! لەو گەمانەی کە مرۆڤ وەک شارە مێرووله بە بتڵێک نەوت قڕیان تێدەکەوێ. چاو دەقونجێنم و دوعا دەکەم. بیر لە کچەکەم دەکەمەوە کە لەو خوارە لە شوێنێک چاوەڕوانمە. نیگاکانی لە بەرچاومدان. بێگومان خودایش ئەم نیگایانە دەبینێ. چەند مەعسووم و بێگوناهن! بەڵام خودایەک کە ئیستا بە دەستێک خۆی بەم تەیارەدا هەلواسیوەو بە خێرایی هەزار کیلۆمەتر لە سەعاتدا دەڕوا، چلۆن دەکرێ چاو لە چاوی کچەکەم ببڕێ؟ دەست دەبەم بۆ گیرفانم. وێنەکە دەردەهێنم و بە پەنجەرەکەیەوە دەنووسێنم. ئیستا خودا دەتوانێ بە جوانی سەرنجی بدات. شتێک لە ناخمدا پیم دەڵێ: "ئارام بە!". ئارام دەبم.

خواردنەکە وەردەگرم، بەڵام بۆم ناخورێ. ئەو کچە میواندارەی دەیداتە دەستم، بزەیەکی پڕ لە میهرەبانیم ئاراستە دەکا. لە جیاتی خواردنەکە بیر لە بزەکە دەکەمەوە. چاو دەقونجێنم و بە جوانی پاڵ دەدەمەوە. بێگومان کە لە خەو هەستام، خواردنەکەم دەخۆم. ئەوسا بزەیەک دەبینم کە هەموو ئاسمانی لاتەنیشتی فرۆکەکەی گرتووە. تەنیا بزەیە و بەس، بە بێ هیچ روخسار یاخود هەیکەلێک لە پشتیەوە. بیر لە ئینجیل دەکەمەوە. خودا هیچ رۆژێکی تایبەتی بۆ خولْقاندنی بزە و خەندە دانەنابوو. ئەی لە کوێوە هاتوون؟ موسافیرەکەی تەنیشتم بە حەسرەت و مەیل و ئیشتیایەکی سەیرەوە خواردنەکەی دەخوا. تا لادەکەمەوە، تەواوی دەکا! زووزوویش داوای ئاو و قاوە و چایی دەکا، کەچی میزیشی نایەت. ناترسێ، بۆیە.

پێم سەیرە میزم نایەت. نا هەڵە ناکەم. تائیستا لە شوێنەکەم نەبزواوم. لە بیرم نایەت بە بەردەم موسافیرەکەی تەنیشتمدا تێپەڕی بم. هیچ روالەتێک لە توالیتی ناو تەیارەکە لە ناو زەینمدا نیە. بیردەکەمەوە. جوانتر و تیژتر. نا لە زەینمدا نیە. لە مێژیشە موسافیرەکەی تەنیشتم دەنگی نەداوەمەتەوە. رەنگە لەبەر ئەوەی کە ئیستا ئەویش بیر لە خودا دەکاتەوە. دلنیام کە ئیستا هەموویان، هەموو ئەم موسافیرانە لە بیری خودادان. بە دەست خۆت نیە. شوێنە بەرزەکان هەمیشە پیرۆزییەکیان تێدایە. بێهۆ نیە کە مزگەوتی گەڕەکەکەمان لە هەموو خانووەکانی دیکە بەرزترە. ئیتر بڵیندگۆکەی هەر هیچ. ئەوەندە بەرز کە بە چەندین ساڵ ریقنەکانی سەری خاوێن ناکرێنەوە. لێدەگەڕێن باران و بەفر بیشواتەوە، بەڵام کوا؟ چەندساڵێکیشە کە وەک جاران ناباریّ. سەیری هەورەکانی ژێرەوە، ژێر فڕۆکەکە دەکەم.
بۆنی رشانەوەکە هەر ماوە. جاری وایە یەکجار تیژە. لا دەکەمەوە. ئەوجار دەزانم منداڵێکە. رەنگ زەرد و نیگا ماندوو لێم دەڕوانیّ. لێی دەگەڕێم. نە من هیچم پیّ دەکریّ و نە ئەویش تا نیشتنەوە چاوەڕێی گۆڕانێکی وەهایە.
ئەوەندەی پێناچیّ کە لە ژووری کۆنترۆڵەوە کەسێک دەکەوێتە قسە. لێخوڕی فڕۆکەکەیە. باسی ئەوە دەکا کە تا چارەکێکی تر دەنیشنەوە. خێرایی فڕۆکەکە بەرەبەرە کەمدەبێتەوە. لووتی تەیارەکە بەرەو زەوی خواردەبێتەوە. هەموو خۆیان دەبەستن. ئەمیش، یاخود منیش. موسافیرەکەی تەنیشتی خەودەیباتەوە. بیر لە زەوی دەکاتەوە. دەچنەوە ناو هەورەکان. زەوی دەردەکەویّ. دەشت و دەر و کێو و خانووە تاک و تەراو بە کۆمەڵەکان خۆ دەردەخەن. هەست دەکا لە شوێنێک لەو بڵیندایییە خودا دەستی لە فڕۆکەکە بەرداوە و لە بێکۆتاییدا جارێکی تر بۆ هەمیشە بزربووە. خودا وێنەکەی بینیبوو. بێگومان بینیبووی. ئەگەرنا ئیستا لە شوێنێکی دیکە بوو، لە شوێنێکی دیکە بوون. نازانیّ دەنگی فڕۆکەکە کەم بووە یان زیاد. هەرئەوەندە دەزانیّ کە جۆری دەنگەکە گۆڕاوە. هەست دەکا زەوی رایاندەکێشیّ. مۆتۆڕ و دەنگ و هێز، چۆک دادەدەن. زەوی بانگیان لێدەکا. موسافیرەکەی تەنیشتی یەکجار خەوی قوڵە، پرخەی دێت! سەر و گەردنیکی شل کە تا دێت شلتر و شلتر دەبێت.
بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوی. بیگومان کە نیشتەوە، لەویّ بۆ کچەکەی باسی دڵەراوکێکانی دەکا، باسی خودا و پووکانەوە لە بێکۆتاییدا.

که لەئاودەستەکەی فڕۆکەخانەکە هاتەدەر، لە بەردەم دەرگاکەدا بەتووش موسافیرەکەی تەنیشتییەوە بووەوە. موسافیرەکە بە بزەوە لە دەستەکانی ئەمی روانی کە خەریکی بەستنی کەمەرەکەی بوو. راوەستا و بە ئارامی بە گوێیدا چپاندی: "تۆ تەنیا لە سەر زەوی دەترسی، لە جیاتی تۆ بم لە گەڵ ئاسمان باسی ئەمە دەکەم!"

## لە گەڵ چپەی گەڵاکان

ئەو شەوە دەر و دەشت کێو و لێڕەوارەکان جۆرێکی تر دەهاتنە بەرچاوی. هەر لە نیوەڕۆوە ئەم هەستەی تێدا پێک هاتبوو کە ئەم شەوە جۆرێکی تر دەبێ. نازانێ بۆ. ساڵانی ساڵە کە بە رۆژ لێرە لە ناو ئەم چیا و دارستانانەدا خۆی یاخود خۆیان حەشارداوە و دواتر کە رۆژ بەرەو ئاوابوون رۆیشتووە، خۆ، یان خۆیان پێچاوەتەوە و وەڕێ کەوتوون. بۆنی گەڵا و درەخت و خاک کە لە ژێر تیشکی پروکێنەری هەتاودا خۆدەکەنەوە، لە مێژە بۆنەکانی دیکەیان مراندووە. ئەوەندە ئاشنان کە دەڵێی لێرە لەناو ئەواندا لە دایک بووە. رەنگە هەروایش بووبێت. رۆژێک لە رۆژەکانی ژیان دایکی لێرە لە ژێر یەکێک لەم درەختانەدا رەنگە ئەوی لێ بەربووبێتەوە. نازانێ بۆ ئەمەی قەت لە دایکی نەپرسیووە. بێگومان ئەمجارە کە دایکی بینیەوە لێی دەپرسێ. گرنگ نیە کە چەند ساڵە نەیبینیوە، گرنگ ئەوەیە کە ئەو ئەم پرسیارەی لە بیرە و لە بیری دەمێنێ. هەتاهەتایە. تا بینین. تا پرسین و تا وەڵام.

ئەو رۆژە زیاتر لە هەر کاتێکی دی لە سروشت رامابوو. لووتکەکان چەند غەریب دەهاتنە بەرچاوی. درەختەکان لەوێ تەنیاتر لە جاران بوون. ئەو

هەموویانی لەمێژ بوو دەناسی. بە زمانیان ئاشنا بوو. گوێی لێدەگرتن و جاروباریش قسەی لەگەڵ کردبوون. درەختەکان هەمیشە باسی وەرزەکانیان دەکرد. باسی خەوتن و هەستانەوە. باسی مردن و ژیانەوە. باسی چرۆکردن و وەرین. ئەوان بە زمانی "با" دەدوان. ئەمیش گوێی بە زمانی "با" ئاشنا بوو. "با" خۆی بە کۆلانەکانی ناو گەلاکاندا دەکرد و ئیتر دەنگ لە دایک دەبوو. ئەمیش گوێی دەگرت، بەڵام قەت وا نەبوو کە ئەوان داوای وەڵام بکەن. ئەم بە زۆر خۆی تێدەهاویشت. ئەوجار دەدوا و دڵی درەختەکانی عاجز دەکرد. درەختەکان قەت وا نەدەدوان کە دەرفەت بۆ پرسیار یاخود گفتوگۆیەک بڕەخسێنن. هەمیشە لەوانە بۆ ئەم. رێگایەکی یەک تەرەفە، کە دەکرا هەمیشە لەم سەرەوە تا ئەو سەری خەریکی پیاسەی گوێ لێگرتن بێت. پیاسەیەکی ئەبەدی و گوێ گرتنێکی ئەبەدی.
ئەو رۆژەیش گوێی لێگرتبوون. وتەکان و قسەکان هەر هەمان. کەچی ئەم هەموو شتێکی جۆرێکی تر هاتبووە بەرچاو. یەکەم جارە کە ئاوای لێ بەسەرهاتبوو.
کە خۆر بۆ جارێکی تر داچووبوو، هاوڕێکی بانگی لێکردبوو. ئەمیش ئارام لە درەختەکان جیابووبووەوەو بەرەو لای هاوڕێکەی هاتبوو. کەل و پەلەکانی پێچابووەوە. هەستی بە فێنکایی چەکەکە لە دەستیدا کردبوو. بە دەم رێگاوە لە بەر خۆیەوە گوتبووی: "ئەمشەو باسی ئەم هەستە لای درەختەکان دەکەم". کە نێزیک ئاوایی کەوتبوونەوە، تەواو تاریکی کردبوو. کە شەو دەهات، درەختەکان زیاتر لە هەر کاتێکی تر دەدوان. دووانێکی فێنک. تەڕ، وەک هەنجیر. هەنجیرەکانی ئاواییەکانی نزیک سنوور.
بە ئارامی خۆیان بە ئاواییدا کردبوو. لێرە گفتوگۆی داربییەکانی تەڕتر دەهاتە گوێ. ئەوان ئیتر یەکجار سکیان پڕی وشە بوو! بە درێژایی کەندڕی قەراغ ئاوایی راکشابوون و هەوڵیان دەدا تاقە وشەیەک چییە لە "با" بەجێ نەمێنێ. کەس بەدەرەوە نەبوو. خەڵکی گوند لە ماڵەکانیان خزابوون و خەریکی خواردنی ژەمی ئێوارە بوون. جارجارەش دەنگی ئەو ژن و پیاوانەی کە خەریکی داکرتنی مەڕوماڵات یاخود دووادۆشینەکان بوون. تیشکی کز و گەشی چرالامپاکان و چراتۆرییەکان نیگایان دەقۆستەوە. هەوڵیان دەدا تیشکەکان زۆر جەستەیان لەخۆنەگرێ. لە سەری هەر کۆلانێک سووکە راوەستانێکیان بۆ دەکرد. نیگایان سەرقاڵی دۆزینەوەی سەمای تارماییە نەناسراوەکان بوو. سەمایەکی دۆستانە یان

دوژمنانە؟ سەرئەنجام گەیشتنە خانووەکە. چوونە ژوورەوە. بە خێرهاتنێکی دۆستانە و گەرم. وەک هەمیشە. لەوێیش بە پێچەوانەی جاران جاروبار دەهاتە بەر پەنجەرەکەو سەیری دەرەوەی دەکرد. سەیری شاخ و لوتکە و دارستانە رەشپۆشەکان. هاوڕێکەی چەند جار دەنگی دا. ئەو نەدەبا ئەمەی بکردایە. ژوورەوە روون و دەرەوە تاریک. کێ دەزانێ کێ لە ناو کۆڵان راوەستاوە و سەرنج دەدات. بەڵام ئەم زۆر گوێی نەدەدایە. دیسان هەڵدەستا و لە دەرفەتێکدا لەو پەنجەرەوەی کە زۆر روون نەبوو سەیری دەرەوەی دەکردەوە. ئەم شەو ئاشقی دەرەوە بوو. ئاشقی ئەو غەریبایەتییەی کە ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار لە سروشتدا بینیبوویەوە. نەیدەزانی خۆشە یان ناخۆش. نەیدەزانی قورسە یان سووک. تەنیا، شتێک بوو کە لەوێدا بوو، لە دەروونیدا. بیری کردەوە رەنگە لەناو سروشتدا بێت. باشە بۆ ساڵانی ساڵ هەستی بەم شتە نەکردبوو؟

ئەم بەهارە بەهاری باران بوو. خاوەن ماڵەکەیش باسی کرد. باسی نیعمەتی خوای کرد، باسی ئەوەی کە ئەمساڵ دەغڵ و دان باش دەبێ و مەڕ و ماڵات زستانیش خەنی دەبن. باسی چەمەکەی ئەوبەر ئاوایی کە ئەمساڵ لرفەی دێ و دەخرۆشێ. ئەم کتوپڕ هاتەوە بیری کە ئەمشەو کاتێک بەڕێوە بوون بە ئاستەم گوێی لە دەنگێکی تر بووە. دەنگێک کە تێکەڵ بە "با" و بە چرپەی درەختەکان دەبوو. ئیستا زانی کە دەنگی چەم بووە. ئەو چەمەی کە ئەم ساڵانی ساڵ لێی پەڕیبووەوە. ئەو چەمەی کە هەمیشە بواری دەدا. تەنانەت لە بەهاریشدا. بە دەم ئەم بیرەوە خولیای بینینی دەرەوە تێیدا چەندان بوو. دیسان چووەوە بەر پەنجەرەکە. ئەمجارە گوێی بۆ دەنگی چەمیش هەڵخست. گوێی لێبوو کە ئەویش دەدوا. لووتکەکەی ئەو بەری بینی کە لە پانتایی بە ئاستەم روونی ئاسماندا دەکاڵایەوە. ئاه دەنگەکان و تارماییەکان!

لە نان و چایی خواردن بوونەوە. زەمەن تێپەڕی. پریاسکەیەکی گچکەی نانیان لە گەڵ خۆیان هەڵگرت. لە ناو کۆڵەپشتییەکەدا. کە وەدەرکەوتن ئاوایی لەمێژبوو خەوتبوو. دەنگ تەنیا جارجارە گلەیی ئەو مەڕومالاتانەی کە لە شتێک وەڕەزبوون. رێگاکە بەرەو ناو دارستانەکە بەکێشی کردنەوە. رێگایەک تەنیا بۆ ئەمان رێگا. بەرەو چۆمەکە هەنگاویان هەڵدێنا. بیری کردەوە کە چەم بۆ دووان پێویستی بە "با" نیە. ئاو، خۆی دەنگە. بێگومان درەختەکانی قەراغ چەم لە

درەختەکانی دیکە زووتر فێری زمان بوونە. کە بگاتە قەراغ ئاوەکە دەستبەجێ داوا لە هاوڕێکەی دەکا کە بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت دەبێ لەوێ راوەستن و پشوویەک بدەن. ئەم دەبێ لەوێ بۆ یەکەم جار گوێ لە ئاو بگرێ. نازانێ بۆ ئەم هەموو ساڵە گوێی لە ئاو نەگرتووە. ئەو تەنیا سەیری کردووە و خۆی تێدا شۆردووە. رقی لە خۆی دەبێتەوە.

سەرهەڵدەبڕێ. سەیری تەپۆڵکەکەی ئەوبەری تەنیشت قەبرستانەکە دەکا. بە سەرییەوە ئەو ریزە نوورئەفکەنە دەبینێ کە تەواو لووتکەکەی روون کردووەتەوە. لەمێژە ئێرە دەناسێ. هەمیشە بە بێ کێشە بەلایدا تێپەڕیوون. چوارلوولەکەی سەری تەنیا بۆ ئەو کاتانەیە کە فڕۆکە ئێراقییەکان دێن. بەڵام ئەم هەمیشە رقی لەو سەر تەپۆڵکە بووە. نازانێ بۆ. رەنگە لەبەر ئەوەی کە لە داوێنیدا قەبرستانێک هەیە. قەبرستانێک کە لە ناو جوانترین دارستانی ئەم ناوچەیەدا خۆی مەڵاس داوە. دەنگی چەمەکە تا دێت جوانتر دەگاتە گوێ. خۆشییەک لە دەروونیدا دەگەڕێ. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەست دەکا کە دەنگی ئاو جۆرێکی ترە. دەنگی درەختەکان ئەم دەخەنە بیرەوەو کەچی دەنگی ئاو دەیبزوێنێ. دەیجوڵێنێ. دەنگی گەڵا راتدەوەستێنێ، کەچی دەنگی ئاو دەتخاتە جوڵە. رەنگە هی ئەوە بێت کە دەنگی ئاو زوڵاڵترە. باشتر لێی حاڵی دەبی. جگە لەوە بۆ گوێ لێگرتنی پێویست ناکا بچیتە ناوییەوە. هەر لە قەراغەوە لێی تێدەگەی. خۆی زیتر لە هاوڕێکەی نزیک دەکاتەوە. دەست دەخاتە سەرشانی و دەڵێ: "لەوێ کەمێک لادەدەین، باشە؟" هاوڕێکەی هیچ ناڵێ. ئەمە نیشانەی رەزایەتە. هەڵبەت زۆرجاران لە قەراخ چەمەکاندا بۆ چەند ساتێکیش بێت لایان داوە. ئاوێکیان بە دەم و چاویاندا کردووە و قاچیان شۆردووە. ئەم شەویش بێگومان وادەبێت. بگرە زیاتریش. ناوچەکە ئارامە و جێی مەترسی نیە.

دەگەن. چەم دەخرۆشێ. ئاوەرەشەکەی لێرەو لەوێ لە بەر تیشکی ئەستێرەکان و تیشکی نوورئەفکەنەکانی تەپۆڵکەی تەنیشت قەبرستانەکەدا پریشک دەهاوێ. هیچ شتێک بە قەدەر ئاو لە خۆی ناچێ. هەمیشە ئەوەیە کە بووە، ئەوەیە کە هەیە و ئەوەیشە کە دەبێ. رادەوەستن. هاوڕێکەی ئاوێک بە دەم و چاوی خۆیدا دەپڕژێنێ و قومێک لە دەمیشی رادەدا. لەو شەوە تاریکەدا پەیکەرەکەی لە بەستێنی ئاوەکەدا لە ماسییەکی غەریب دەچێ. ئەم دڵی چەند تەنگ دەبێ. بۆ یەکەم جار خۆیان وەک

ئەو ماسییانە دەیتە بەرچاو کە لەناو چەمە ـ دارستانەکاندا مەلەدەکەن. هاوڕێکەی لادەکاتەوە، ئەم هەروا ڕاوەستاوە. دەجوڵێ. پێڵاوەکانی دادەکەنێ و قاچ لە ئاوەکە دەهاوێ. پێست خۆی دەکاتەوە و دەئاوسێ. لەزەتێک بە لەشیدا دەگەڕێ. چاو لە ئاوەکە دەبڕێ. هاوڕێکەی دەڵێ: "کەمێک زەحمەتە، ئاوەکە بوارنادا." ئەم گوێی لە چەمەکەیە کە دەنگی دارستانی خنکاندووە. کتوپڕ ترسێک دایدەگرێ. دەنگە ئاشناکان ونن. بە پەلە گۆرەوییەکانی هەڵدەکێشێ، پێڵاوەکانی لەپێدەکا و ڕادەچەنێتە سەرپێ. دەڵێ دەبێ هەرچی زووتر لێرە بپەڕنەوە. هاوڕێکەی بە سەرسووڕمانەوە سەیری دەکا. ئەم پێی وایە دەنگی چەمەکە تا دێت زیاتر دەبێت، وەها کە بیستنی دەنگی هاوڕێکەیشی زەحمەتە. دەچنە شوێنی بوارەکەی ساڵان. بەردەکان لە ژێر ئاوەوەن. چار نیە دەبێ لە ئاوەکەبدەن. بێگومان تا ئەژنۆ دەگا. ئەم پێش دەکەوێ. هەر لە یەکەم هەنگاودا ئاوەکە دەگاتە ژێر ئەژنۆکانی. لادەکاتەوە و سەیری هاوڕێکەی دەکا. ڕادەوەستێ. چراقوەکەی دەردێنێ و درێژە بە هەنگاوەکانی دەدا. دەزانێ کە نابێ هەڵیکا. بەڵام بە دەستیەوەیەتی. یەک دوو جار قاچی هەڵدەخلیسکێ. لێرە دەنگی ئاوەکە یەکجار بەرزە. ئەوەندە بەرز کە گوێی لە دەنگی هەناسەکانی خۆی نیە. هەموو شتێک دەنگی ئاو. پشتێنەکەی دەکاتەوەو دەیداتە دەست هاوڕێکەی. ئەو سەرێکی و ئەم سەرێکی. گرێی دەدەن. دوو کەس قورسترە تا کەسێک. لوولەی چەکەکان لە ئاوەکەدا نوقم دەبن. گرنگ نیە. لەم شەوە ئەنگوستە چاو و تەڕ و تووشەدا کێ بە دەرەوەیە، جگە لە درەختە تەنیاکان و چەمە سەرهەڵگرتووەکان؟ جار و بار لادەکاتەوە. هاوڕێکەی لەوێیە. سەرئەنجام دەگەنە ئەوبەر. تەنیا دوو هەنگاوێکیان ماوە. ئاوەکە هاتووەتەوە ژێر کەمەریان. هەست دەکا دەنگی هەڵچوو و بە لرفە و هاواری چەمەکە لێرە یەکجار نەوی بووەتەوە. خۆشحاڵە، لەوێ لەوبەر دیسان دارستانە. دارستانە فێنک بووەوەکانی ژێر ئاسمانی شەوانە.

لە قەراخ چەمەکە لقێکی گەورەی درەختێکی لێیە. ئەم چاوی لێیە. ئاو لە گەڵ خۆی هێناویەتی. خۆشییەک بە دەروونیدا دەگەڕێ. ئەوەتا لێرەن! درەختەکان کەسێکیان بە شوێنیدا ناردووە. کە نزیکتر کەوتەوە دەستی دەداتێ بۆ ئەوەی ڕەحەتتر بگاتە قەراخ. دەستی دەداتێ. هەست بە باڵای تەڕ و خوساوی لقەکە دەکا. بە گەلاکان کە ئاو سەمایان پێدەکا. کتوپڕ لەتردەدا. قاچی دەخلیسکێ و دەکەوێ.

هاوارێکی سەیر. کە هاوڕێکەی لە چەمەکە رایدەکیشێتە دەرەوە، ئەم دەستی بە چاویەوەیە. خوێن روخساری سوور کردووە. هاوڕێکەی هەوڵدەدا بزانێ چی قەوماوە، بەڵام دنیا ئەوەندە تاریکە کە توانای روانین نیە. دەست دەبا چراقوەکەی دەردێنێ و لە کاتێکدا کە هەوڵ دەدا پشتی لە تەپۆڵکەی چوارلوولەکە بێت، هەڵیدەکا. خوێنەکە لە چاوییەوە دێت. خێرا لایتەکە دەکوژێنێیەوە. بەڵام چار نیە هەڵی دەکاتەوە. بەو دەستماڵەی کە لەوبەر چەمەکە چەند جار تەڕی کردبوو و ئارەقەی دەوری ملی پی سڕیبوو، دەیەوێ بەری خوێنرێژییەکە بگرێ و کەویی کات. دەیبەستێ. لەم کاتەدا لە تەپۆڵکەکەی ئەوبەرەوە، ئەو شوێنەی وا گلۆپەکان شاییان بوو، ریزی گڕەکان بەرەو چەمەکە سەری خۆیان هەڵدەگرن. ئەو گڕانەی وا لە ئاوەکەدا دەخنکان و لە ناو بەردەکانی قەراخ چەمەکەدا دەتەقینەوەو دەبوون بە دەیان گوللە. هاوڕێکەی هەوڵی دا بەرەو تاقە درەختی ئەولاتر ئەم راکێشێ و لەم گڕستانە خۆیان رزگار کا. گەیشتن. لەوێ هاوڕێکەی کەوت. کەوتنێک وەک پاڵ پیوەنانێکی قورس. لێرە دەنگی چەم دوورتر بوو. ئەوەندە دوور کە گوێی لە ناڵەی هاوڕێکەی بوو. گوللەکان دەهاتن و بارانی بەردە تەقاوەکان هەروا دەباری.
نازانێ چەندەی خایاند. کە دەنگ نەما و دنیا ئارام بووەوە، ویستی رابێ و بەرەو پشتی تاقە درەختەکە بڕوات. جەستە لە گەڵی نەهات. لاقەکان نەدەهاتن. وەک بڵێی بە زەوییەوە دوورابێتن. دەستی برد بۆ هاورێکەی. جەستەیەکی گرمۆڵە کە پشتی لەم بوو. پشتێک، تەڕ تەڕ وەک چەمەکە.
سەیری شاخەکەی کرد، سەیری ئەو دارستانانەی کە خەریک بوو بەرەبەرە خۆیان دەردەخست. گوێی لە درەختەکەی تەنیشتی گرت کە لە گەڵ بای دەم بەیان جوانتر دەنگ و چپەی دەهاتە گوێ. گوێی لە دەنگی ئاو گرت. شتێکیان دەگوت. باس باسی تەنیایی لووتکەکان بوو، باسی ئەو درەختانەی کە ئەگەرچی ساڵانی ساڵە لە گەڵ یەکترن، بەڵام تەنیابوون. تەنیان. باسی ئەو رۆژانەی کە دەکرا هەموو شتێک کتوپڕ بۆ هەمیشە بگۆڕدرێ. بۆ هەمیشە.

## باخچەکەی باوەگەورە

حەزی لە کۆکردنەوەی دنکەکانی بارانە. نەک تەنیا دنکەکانی بارانی ئەمڕۆ، ئەم هەفتەیە یاخود ئەمساڵ، بەڵکوو هی هەموو ساڵەکان، هی هەموو بارانەکان. ئەو پێی وایە کە دەنکەکانی باران تەنیا بە چاو ئەوەندە زۆرن، ئەگینا یەکجار کەمن، ئەوەندە کەم کە بەشی ئاودانی باغچەکەی باوەگەورەی ناکەن.

ئاه باوەگەورە!

باوەگەورە کە بەهار دەهات گڵی باغچەکەی بە شان و پێڵ و بازوو و دەستە پیرەکانی خۆی وەرد دەدا و، بەدەم هەتاوەوە پێدەکەنی. پێکەنینێکی پیر. باوەگەورەی یەکجار حەزی لە باغچەکەی و لە بەهار بوو. دادەنەوی، بە دەستە چرچەکانی مشتێک خۆڵی هەڵدەگرت، بە لووتە پیرەکەی بۆنی پێوەدەکرد، بۆنێک وەک هەڵمژین. ئەوسا دووبارە سەیری ئاسمانی دەکردوەو پێدەکەنی. دواتر تۆڤەکانی دادەچاند. تۆڤی گوڵە جۆراوجۆرەکان و سەوزییەکان. ئەو گوڵ و سەوزییانەی کە وەک دراوسێ تا پاییز پێکەوە دەژیان. تا یەکەم سەرما و یەکەم بەفر. باوە گەورە گوڵێکی رەنگاورەنگی بە دەستەپیرەکانی لێدەکردەوەو لە کاتێکدا بە چاوەپیرەکانی ورد ورد لێی دەڕوانی، فرمێسکێک بە چاوی چەپیدا دەهاتە خوارەوەو ئەوسا سەری هەڵدەبڕی و سەیری ئاسمانی دەکرد و پێدەکەنی. یان

سەوزەکان. لاسکی خۆڵاویی یەکیانی لە زاری دەهاویشت و لە کاتێکدا تامی سەوزە و ئاو و تۆز پێکەوە لە دەمی دەئاڵان، سەری هەڵدەبڕی و سەیری ئاسمانی دەکرد و ... پێدەکەنی.
ئاه باوەگەورە!
حەزی لێیە هەموو دنکەکانی باران کۆبکاتەوەو لە توورەکەیەکدا بە کۆڵیدا بدا و بۆ سالەکان بگەڕێتەوەو بیانبا بۆ باخچەکەی باوەگەورە. باوەگەورەیەک کە لە تەنیشت باخچەکەدا دانیشتووەو تووتن و پەڕە دەکێشێ و، لە شتێک راماوە. شتێک وەک هیچ شتێک. شتێک کە تەنیا بۆ ئەو شت بوو. لەو شتانەی کە تەنیا تۆ دەیبینی، یان ئەوی تر. ئەوسا توورەکەکە بکاتەوە و ئاوەکە لە شلینگە کۆنەکە بهاوێ. ئەو شلینگەی کە لە سەد شوێن بە پەڕۆ و بە تەل بەسترابوو. ئەو شلینگەی کە جاری وابوو لە باخچەکە توونیتر بوو.
باوەگەورە لە سەوزەکەی دەفرۆشت. دەسک دەسک. بە دەستە چرچ و گڵاویەکانییەوە قڕانەکانی دەخستنە گیرفانییەوە. قەت گوڵی نەفرۆشتبوو. کەس لێرە لەم گەڕەکە، تەنانەت لەم شارە گوڵ ناکڕێ. ئەوان تەنیا گوڵەکان لێدەکەنەوە، بە بێ ئەوەی پارەکەی بدەن. بۆیە باوەگەورە یەکجار چاوی لەم باخچەیە بوو. خەڵکی گەڕەک پێیان شێتە گوڵی چاندووە. دەڵێن گەر شوێنی گوڵەکانیشی بکردایە بە سەوزە، ئەوا پارەیەکی باشتری دەست دەکەوت. باوەگەورە لەم کاتانەدا چاوە بە قوڵاچووەکانی بچوک دەکاتەوە و سەرهەڵدەبڕێ و سەیری ئاسمان دەکا و پیدەکەنێ. پێکەنینێکی بەساڵداچوو.
ئاه باوەگەورە!
باوەگەورە هەمیشە گلەیی ئاوی هەبوو. دەیگوت: "باخچە بەوە نیە بچووکە، ئاوی دنیای دەوێ!" جوان جوان هەموو کونەکانی شلینگەکەی گرتبوو. دووا قەترەی شلینگەکەی بە سەر باخچەکەدا دەچۆڕاندەوە. جاری وابوو سەیریشی دەکرد، بۆ ئەوەی بزانێ بە راستی هیچی تیا ماوە یان نا. رقی لە ئیدارەی ئاو بوو کە بە دەست بەسەراگرتنی کانیەکەی سەرووی ماڵان، باخچەکەی ئەوی لە تاقە جۆباری سروشت لەو دەڤەرە بێ بەری کردبوو. کە باران دەباری، باوەگەورە لە بن گوێسبانەکەدا رادەوەستا و تا باران تەواو دەبوو لە باخچەکە و لە بارانەکە رادەما. بە لێوە پیرەکانی دەیگووت ئەمە جوانترین دیمەنی دنیایە.

ئاه باوەگەورە!
کە شەودەهات، باخچەکە فێنک دەبووەوە. گڵە وشکەکە، جەستەی خۆی لە تۆزی گەرمای ڕۆژ دەتەکاند. باوەگەورەش جگەرەی زۆرتر دەکێشا، ئەوەندە زۆرتر کە باخچەکە دەکۆکی. کۆکینێک وەک کۆکینی منداڵ. باوەگەورە دووردەکەوتەوە. لەولاتر لە بن سێبەری تاریکی درەختێک رادەوەستا و جگەرەی دەکێشا. دووکەڵەکە لە گەڵاکان دەئاڵا. درەختی دووکەڵ، یان دووکەڵی درەخت. ئەم نازانێ کامیانە. تەنیا ئەوەندە دەزانێ کە شەو بێت یان ڕۆژ، ئەو دەبێ دنکەکانی باران بگەیەنێتە باخچەکەی باوەگەورە. بۆیە هەمیشە بەڕێوەیە. لە تاریکی و ڕووناکیدا. ئاخر باران دەکرێ هەموو کاتێک بباری. کاتی بۆ نیە. ئەو بە توورەکەکەیەوە هەمیشە بە دەرەوەیە، لە دەرەوەیە. چاو هەڵدەبڕێ و سەیری ئاسمان دەکا. باوەگەورە لەوێیە، بە باخچەکەیەوە.
کە لە کۆکردنەوەی دنکەکانی باران دەبێتەوە، هەورەکان لە ئاسمان یان رویشتوون، یان پەرش و بڵاون. هەورەکان وشک وشک ئاسمان و چاوە چاوەڕووانەکانی ئەم بە جێ دێڵن. ئەوسا نەرمە بایەک هەڵدەکا و سروشت، جەستەی فێنکی کۆدەکاتەوە. کۆڵانەکان، چاوەڕوانی ئەمن. ئەمیش ناهێڵێ زۆر چاوەڕوان بن. بە توورەکە باران بە کۆڵیەوە وەڕێ دەکەوێ. کۆڵان و خانوو و عەرزی تەڕ بە جێ دیڵێ. سەیریان دەکا و لێیان تووڕەیە. ئەم تەڕییە دەبێ بە کۆڵی ئەوەوە بێت. دەبێ بۆ باوەگەورە بێت. باوەگەورەی پیری ساڵانی چاوەڕوانی باران و باران.
کە دەگات، باوەگەورە وەک هەمیشە چاوەڕوانیەتی. سەیری دەکات. ئەمیش ئارام کۆڵەکەی دادەگرێت و لە باخچەکەی دەکات. باوەگەورە وەک هەمیشە سوپاسی ناکات. ئەو تەنیا چاوەڕوانی دنکەکانە. ئەوسا لە سەر باخچەکە دەبێ بە باران. بارانێکی بەخوڕ. دەبارێ و دەبارێ. باخچەکە دەخوسێ. هەموو کەس پێی وایە تازە ئیدی سەوزە و گوڵەکان دەمرن، دەڕزێن. بەلام نا! هەر تینوون. توورەکەکەی هەڵدەگرێتەوەو دەروا. دەڕوا بە بێ هیچ نیگایەک، بە بێ هیچ درکاندنی وشەیەک. وەک هەمیشە.
کە دەڕوات، باوەگەورە لە باخچەکە نزیک دەکەوێتەوە. سەیری گوڵەکان و سەوزەکان دەکات. بزانێ تێرن. ئەوسا لاسکە وشکەکان دەبینێ، ئەو گوڵانەی کە

گلەییان لە ئاو و لە باوەگەورەیە. گلەییان لە هەور و لە ئاسمانە. خەڵک حەزیان لە سەوزەی پاراوترە بۆ کڕین، حەزیان لە گوڵی تەڕترە بۆ چنین، ... بۆ بردن. کە ئەو دەڕوات، ئەم دیسان روو لە شلینگەکە دەکاتەوە. ئەم سەر تا ئەو سەر جوان کونەکان بەسەردەکاتەوە. بزانێ ئاویان لێ ناچۆڕێ. ناچۆڕێ.
ساڵان تێدەپەڕن. باوەگەورە ئیستا یەکجار پیر بووە، ئەوەندە پیر کە جگەرەکان بە دەستییەوە بەردەبنەوە. ئەوەندە پیر کە پێکەنین و بزەکان لە چرچەکانی ناو روخسار و سیمایدا زۆر بە ئاسانی ون دەبن. ئەوەندە پیر کە هەست بە تەڕیی باران لە سەر جەستەی ناکات. ئەمیش لەو سەری شارەوە، لەو گەڕەکەوە کە باران بە توورەکە کۆدەکەنەوە، لە بیری ئەوەدایە کە ئاسمان و هەورەکانی بخاتە ناو توورەکەکەیەوە.
کە دەگات، باوەگەورە بۆ یەکەم جار بە روویدا پێدەکەنێ. بزەیەک وەک سوپاس بۆ شکاندنی تینوویەتی شلینگەکە. کە توورەکەکەی رۆدەکات، باخچەکە دەبێ بە دارستانێک بە قەد وڵاتێک، بە ئاسمان و هەوری خۆیەوە. باوەگەورە دەزانێ ئیتر کاتی ماڵئاوایی کردنی هاتووە. دڵنیا لە مانەوەی باغچەکە، دڵنیا لەو شلینگەی کە ئیستا بووە بە جۆبار، دەچێتەوە ژێر درەختەکەی جاران. لەوێ بۆ هەمیشە رادەکشێ.
ئاە باوەگەورە!

## خەوی دایکێک

سەعاتی دە بۆ دوو وەڕێدەکەوێ. دەزانێ دوواناکەوێ. لێرەوە تا ئیزگای قەتارەکە پێنج دەقیقە بە پیادە ڕێیە. لەوێوە تا ئیزگای ئوتوبووسەکە بە قەتار دە دەقیقە و، بە ئوتوبووسیش تا شوێنی کارەکەی چارەکێکە. سەرجەم نیو سەعات. هەڵبەت جارجارەش قەتار یان پاسەکە دووادەکەوێ و کاتەکە دەگاتە ڕەنگە کاتژمێرێک. بەڵام ئەمە گرنگ نیە، چوونکە خەتای خۆی نیە. بۆ هەموو کەس پێشدێت. خاوەنکارەکەیش ناتوانێ پێی بڵێ کە کەمێک زووتر وەڕێکەوێ.
نیوسەعات پێشتر، خۆی کەمێک ڕێک و پێک دەکا. ئاوێنەکە، لەوێ لە حەمامەکە ڕاوەستاوە و بانگی لێدەکا. ئەویش دەچێ. وەک هەموو ڕۆژانی دی زیاتر لە چارەکێک دەخایەنێ. ئاوێنەکە میهرەبانە و ئارام، بە سەخاوەتەوە لەبەر ئەمدا ڕادەوەستێ تا تەواودەبێ. ئاوێنەکە وەک ئەوەی هەیە، دەینوێنێتەوە، هەر بۆیە جاری وایە ڕقی لێیە و جاری وایشە یەکجار خۆشی دەوێ. جارجارەش بەدەم ڕێگاوە بیری دەکاتەوە، بەڵام زۆر ناخایەنێ کە زەینی دەچێتە سەر شتەکانی تر.

که بیریش له ئاوێنەکە دەکاتەوە، وێنەی خۆی دێتە بەرچاو، ئەو ژنە کاملەی کە یەکجار لە گەڵ دە ساڵ لەوە پێش فەرقی هەیە. ئەو کچەی کە لێرە دە ساڵی تەمەنە و لە وڵاتەکەی جاران بیست ساڵ و، بە گشتی ئیستا سی ساڵ. زۆر جار لەبەر ئاوێنەکەدا کە بیر لەم دوو تەمەنەی خۆی دەکاتەوە، بە ئەنجامی سەیرسەیر دەگا. هەروەک چۆن هەم ئاوێنەکەی خۆش دەوێت و هەم رقیشی لێیە، ئاوایش بیست ساڵی ئەوێی دێتەبەرچاو، خۆشەویستی و رق، بەڵام رقەکە زیاترە. دە ساڵەکەی ئێرەیشی هەر وا دێتە بەرچاو، رق و خۆشەویستی پێکەوە، بەڵام خۆشەویستییەکەی زیاترە. ئاە، چ دەبوو هەر لە یەکەم رۆژی بوونییەوە خەڵکی ئێرە بایە؟

سەرەتا راستەرێیەکە، ئەوجار دەگاتە پردەکە. لەوێوە لە سەنتەرەکە تێدەپەڕێ،... دوواتر ئێزگای قەتارەکە. چوارساڵی رەبەقە ئەمە رێگایەتی. دنیا لەم چوار ساڵەدا زۆر نەگۆڕاوە. ئیسفالتەکە، دیمەنی خەمناکی پردەکە و دووکانەکان هەر هەمانن. بەڵام نا، دووکاندارەکان ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن، دەگۆڕدرێن. ئەو گەنج و مرۆڤە تەمەن مام ناوەندیانەی کە دووای ماوەیەک وەک شت و مەکەکانیان لێدێت. رەنگی میوە و شامپۆ و سەوزە و تابلۆکان دەگرن. رەنگی نرخ و قیمەتەکان، قیمەتە زەرد و سوور و رەشەکان. ئەوان هەموو شتێکیان لەبەرە. یان نا، پێویست ناکا. نرخەکان بە سەر هەموو کەل و پەلەکانەوەن. تەنیا دەیانخەنە بەر دەزگاکەو ئیتر بۆ خۆی دەیخوێنێتەوە. کە لە بیریشیان دەچێ، سەیری کتێبی نرخەکان دەکەن. چەند بە پەلەپەل وەرقەکان هەڵدەدەنەوە. ئەمیش بۆخۆی لە دووکانێکی لەم چەشنە کار دەکا. هەموو شتێک ئەوەندە لەبەرچاویدا ئاشنایە ، کە جاری وایە لە بیریان دەکا.

دوواتر جادەکانی ناو قەتارەکە و پاسەکە. جادەکانی خانووەبەرزەکان و دارستانەکان و ئەو پانتاییانەی کە جاری وایە سەوزن و جاری وایشە سپی. دنیایەکی سەوز و سپی کە ئەم یەکجار خۆشی دەوێ.

دەرەوەی یەکجار خۆش دەوێ. لێرە جوڵەکان زۆرن. سەیارەکان، مرۆڤەکان، سەگەکان و جارجارەش پاسکیلەکان... لە گەڵ ئەو هەوایەی کە فێنک فێنک جەستە لەخۆدەگرێ. کە لە ماڵ دەردەکەوێ، بە عیشقی ئەمانەوە رێگا هەمیشەییەکە دەگرێتەبەر. لێرە، لە دەرەوە تەنیا نیە. ئەویش وەک ئەوانی دیکە

دەجولێ. دەیانبینێ و دەیبینن. جاری وایە لەگەڵ نیگاکان، بزەیەکیش دەبێتە میوانی لێوە بێدەنگەکان. بە حەز و جولەیەکی سەیرەوە لە ماڵ دەردەکەوێ. کە دەشگاتە دووکان، هەر بەو حەزەوە دەستدەکا بە کارکردن. بە ئەشقەوە لە گەڵ کارمەندەکانی دیکە دەدوێ و باسی رووداوەکانیان بۆدەکا. لە گێرانەوە تێرنابێ. بە حەزەوە شمەکەکان جێبەجێ دەکا. لەبەر رەفەکاندا رادەوەستێ و سەیری ئەنجامی کارەکەی خۆی دەکا. لێرە دنیا چەند رەنگینە. سەیری ئەو هەموو شتە! سەیری ئەو رەنگانەی کە چۆن لەیەک ئاڵاون! جاری وایە لە گۆشەیەکدا گەر دەرفەت هەبێ، رادەوەستێ و ورد ورد لە هەموو شتێک دەڕوانێ. ئەویش لێرە لەناو هەموو ئەمانەدایە. چواردەوریان گرتووە. حەزی لەم چوار دەورگرتنەیە. تەسلیمێکی خۆش. ئەبەدی. دەست هەڵدەبڕی و ئیدی دەبێ بە بەشێک لەوان. بە حەزەوە تەسلیم بوون. لەم کاتانەدا سەرێکی ئاودەستەکە دەدا و لە ئاوێنەکەدا لە خۆی دەڕوانێ. ئاە، ئاوێنەکانی دونیا چەند لە یەکتر دەچن. تەنیا ئەوەندەی هەیە کە هەندێکیان چڵکنن. بەو پەڵانەوە کە وێنە کەمێک لێڵ دەکەن. لەم وڵاتە ئەوەندە ئاوێنە زۆرە کە پێویست ناکا لە جانتاکەیدا ئاوێنەیەکی بچووک لە گەڵ خۆی هەڵبگرێ. بەڵام نا، ئەو پێیەتی. ئەسڵەن هەموو ژنانی دونیا ئاوێنە هەبێ و نەبێ، حەتمەن یەکێکی بچوکیان هەر پێیە. ئاوێنەیان پێیە چوونکە دەبێ پێیان بێت! ئەوە هات و بە تووشییەوە نەبوون، ئەوە هاتوو لەناو رێگادا یان خود لە ناو پاس یان قەتارەکەدا کتوپڕ بیری خۆت بکەویتەوە. چی باشتر لە ئاوێنە بۆ ئەوەی پێت بڵێ کە تۆ هەر ماویت و ئەوەتا هەر لەوێیت؟ ئاوێنە، بەشێکە لە رێگاو بانەکان، بەشێکە لە هاتووچۆی رۆژانە و، لەو پردەی کە ساڵانی ساڵە سەیارەکان بەسەریدا و مرۆڤەکان بە ژێریدا تێدەپەڕن.

کات تێدەپەڕێ. لە سەعات یازدەی شەو نزیک دەبێتەوە. بەرەبەرە جادە و سەنتەر و دووکانەکان چۆڵ دەبن. دووکانەکەی ئەمانیش چۆڵ دەبێ. جوڵەکان دەمرن. لە گەڵ تاریکبوونی دەرەوە، رەنگەکانیش دەمرن. ئەم هەستێکی سەیر دایدەگرێ. بە دڵەراوکێیەکی سەیرەوە سەیری دەورووبەری دەکا، سەیری هاوکارەکانی کە پەلەیانە هەرچی زووتر بگەنەوە ماڵەوە. چەند دەقیقەیەکی تر دەبێ گڵۆپەکانی ئێرەش بکوژێننەوە و ... ئاە، ئیتر لێرەش رەنگەکان دەمرن. دەچێتە ناو شمەکەکان

و دەستیان پیادێنیێ: *"بێگومان سبەینێ دێمەوەو ئەمان هەر لێرەن. هەر لێرە دەبن، هەتا هەتایە!"*
کە وەڕێدەکەوێ، لە مێژە ڕەنگەکان جەستەیان بە "با" ی شەو سپاردووە. لەوێ لە پشت تاریکاییەکانەوە خۆیان حەشار داوە. ئەم چاویان بۆ دەگێڕێ. ورد سەرنجی هەموو شوێن و هەموو کەلێن و قوژبنەکان دەدات. بەڵکوو یەکیان لەم خۆحەشاردانە وەڕز بێت و خۆی دەربخا. گەر خۆی دەرخا، ئەم بێگومان دەستی دەگرێ و لە گەڵ خۆی دەیباتەوە بۆماڵەوە. وەک دوو هاوڕێ تێر تێر بەدەم ڕێگاوە قسەدەکەن و باسی دونیا دەکەن، باسی هەموو شتێک.
دەگاتە ئێزگای پاسەکە، لەوێوە بۆ قەتارەکە و لەوێشەوە بە ناو سەنتەری ژێر پردەکەدا و بە جادەکەدا. گڵۆپی تیژی سەیارەکان چاو ئازاردەدەن، بەڵام ئەم حەزی لێیانە. ئەو سێبەرە تۆخانەی کە خۆیان تاریک تاریکن و دنیای بەردەمیشیان روون روون! جەستەی چەند ئارام دەجوڵێ. جاری وایە هەنگاوەکانی خۆی دەژمێرێ. لە سەدەکاندا ژمارەکانی لێ وندەبێ. بەڵام گرنگ نیە، دەستدەکاتەوە بە ژماردن. ژماردنەکانی ناو تاریکاییەکان و ئەو ئاسمانە بڵێندەی کە تەنیا بۆخۆی یان خودا دەزانن چەند بڵێندە. لە دوورەوە خانووەکەی دەردەکەوێ. دەیبینێ. پەردەکان وەک هەمیشە نیوە دادراوەن. ئەو پەردە شینانەی کە ئێستا ئەوانیش تاریک تاریک دەنوێنن، تاریکتر لە ژوورەکەی پشتەوەیان. کە دەگا، کۆدی درگاکەی دەرەوە لێدەدا، دواتر لە قاتی پێنجەم بە کلیل، دەرگای ماڵەکەی خۆی دەکاتەوە. ئاپارتمانەکە تەواو بێدەنگە. کە بە ڕاڕەوەکاندا تێپەڕی، گوێی لە هیچ دەنگ و چپە و ڕمەیەک نەبوو. ژوورەکەی ئەم لە هی ئەوانیش بێدەنگتر.
گڵۆپەکە هەڵدەکا. ڕەنگەکان دەگەڕێنەوە. ڕادوەستێ و کەمێک بە سەرنجەوە سەیری ژوورەکە دەکا. کلیلەکە فڕێدەداتە سەر مێزەکە. ئەگەرچی برسیەتی، بەڵام تاقەتی سازکردنی هیچی نیە. لە سەر کورسییە هەمیشەییەکەی دادەنیشێ. کورسییەکە لە شێری ئاوەکە نزیکە، دەستدەبا پەرداخێک ئاو تێدەکاو دەیخواتەوە. کۆمپیوترەکەی هەڵدەکا و دەیخاتە سەر گۆرانییەک. ئەوسا وەک هەمیشە تەلەفزیۆنەکەیش هەڵدەکا. دەنگی تەلەفزیۆنەکە کپ کپە، تەنیا ڕەنگ، بە بێ هیچ سرتەیەکی دیجیتاڵی. نازانێ چەندە دادەنیشێ. سەرئەنجام هەڵدەستێ، جل و

بەرگەکەی دادەکەنێ و رووت رووت دەخزێتە ژێر جێگاکەیەوە. لێفەکە چەند فێنکە... نا، ساردە. بەڵام ئەم لە خۆی دەپێچێ. جوان جوان خۆی تیا نوقم دەکا.
چۆلەکەیەکی پاساری، کە لە مێژە لە هێلانەی دەستکردی تەنیشت پەنجەرە گەورەکدا دەژی، ئاگای لێیە کە ژنێکی سی ساڵان، لە کاتێکدا گڵۆپی ژوورەکەی دەئایسێ و تەلەفزیۆنەکەی هەڵکراوەو دەنگی تەنیای موسیقایەک بە ئارامی بە ژوورەکەدا دەگەڕێ، لە ژێر لێفەیەکی سپیی گوڵ گوڵیدا خەوی لێکەوتووە. لەسەر ئەو جێگایەی کە لە تەنیشتییەوە لە سەر مێزەکەی، وێنەی سێ کچی منداڵ بە دەم خەوی دایکیانەوە پێدەکەنن.

## تەم و مژەکەی ئەوسەری شار

هەر رۆژەی جەستەی نەفەرێک لێرە لەم ژوورە بە رۆحێکی پەرتەوازەوە دەبەنە دەرەوە. ئێرە ژووری ئەوانەیە وا قەرارە بمرن، ئەوانەی وا دەبێ بمرن! بەرغەزەبی خواکەوتووەکان. کیسەڵەکانی ناو دارستانێکی گڕگرتوو. ژوورێکی گەورە کە بە ئاسانی جێگەی پەنجاکەسی تێدا دەبێتەوە. ئەوەندە گەورەیە کە ئەم، جاری وایە ئەوەی کە لەوێ لە سوچی ئەوبەر دەمرێ، سیمای ناناسێتەوە. ئەوەندەش زووزوو دەمرن کە هەمیشە روخساری تازەی لێیە بۆ نەناسینەوە. بەڵام گرنگ نیە، بۆ بیناسێتەوە. سەرەتا سەرنجی دەدانێ. حەزی دەکرد بزانێ کێیە مردووە، سیمای چۆنە و چۆن مردووە. بەڵام ئیستا گوێیان ناداتێ. نیگای بە تەرمەکان راهاتووە. بە قیژە و هاوار و گریانە بێدەنگەکان عادەتی گرتووە، ...بەو جەستانەی کە بێ جوڵە راکشاون و لە ژێر مەلافە سپییەکان یان پەتووەکاندا بۆ هەمیشە چاویان قونجاندووە. دوواتر ئەو کەس و کارانەی کە جاری وایە نازانن چۆن بگرین، یان چۆن سەیری دەوروبەریان بکەن. ئەو کەس و کارانەی کە نیگایان وێڵە. ئەوانەی وا بە بێ پەلە، وەک رۆنی رژاوی سەیارە لەسەر عەرز، بە ئارامی لە گەڵ تەرمەکان بۆ هەمیشە ژوورەکە جێدێڵن.

سەرەتا نەیدەزانی کە هێناویەتیانە ژووری مردن. ژوورێک کە دووا شوێنی ژیان لەم دونیایەدا دەبێ. کە زانی، وەها راچڵەکا کە هەستی کرد دڵی راوەستاوە.

باوەڕی نەدەکرد. شتی وانابێ. ئەو تەنیا تەمەنی بیست و سێ ساڵە. لانیکەم دەبا پەنجا ساڵی دیکە بژیایە. پەنجا ساڵی تر، ئەو کاتەی وا ئیدی رواڵەتی جۆرێکی ترە. جۆرێک کە کەس نازانێ چۆن ئەمە هەر ئەو مرۆڤەی پەنجا یاخود شەست ساڵ لەوەپێشە.
تا عادەتی گرت، زۆری خایاند. شەوانە تا درەنگان بە دزییەوە لە ژێر بەتانییەکەیدا دەگریا. دەگریا و وێنەی ئەو رۆژەی دەهێنایە بەرچاوی خۆی کە قەرار بوو ئەویش لێرە لەم ژوورەدا لە سەر ئەم تەختە بمرێ و دواتر تەرمەکەی بەرنە دەرەوە. چ رۆژێکی ترسناک! بەڵام ئیستا چیدی بۆی ترسناک نەبوو. عادەتی پێگرتبوو. عادەتێک کە تەواویش ئارام و بێدەنگی کردبوو، مرۆڤێکی کەمدوو کە دەکرا هەموو کاتەکانی ژیانی لە بەر پەنجەرە گەورەکەدا دانیشێ و سەیری شارە گەورەکەی پشت پەنجەرەکە بە بیناکانییەوە بکا. شارێکی گەورەی راکشاو، کە لە دوورەدەستەکاندا لە تەم و دووکەڵ و تۆزدا ون دەبوو. زۆر جار ئەوێ، ئەو دوورەدەستانەی وەک مردن دەهاتەبەرچاو. ئەم ژووورە و ئەم بینایە و ئەم تەختە بۆ ئەو شوێنێک بوو وەک ئەو دوورەدەستە تەماوی و تۆزاوییە.
لە شەوە بێدەنگەکاندا کاتێ گڵۆپە کزەکان دەئایسان، دادەنیشت و بیری دەکردەوە. زۆربەی ئەوانەی وا لەم ژوورەدا دەژیان، پیر و بە تەمەن بوون. سەردانیش ئازاد بوو. بۆیە هەمیشە چەندین بنەماڵەی لێبوو کە سەردانی نەخۆشەکانی خۆیانیان دەکرد. ئەو بنەماڵانەی کە بە دڵسۆزییەکی فراوانەوە بە دەم ئازیزانیانەوە دەهاتن و هەوڵیان دەدا چی باشە بۆیانیانی بکەن.
دکتۆر گوتبووی کە رەنگە چاک بێتەوە. گوتبووی رەنگە ئەم نەخۆشییە بەرۆکی بەردا و رزگاری بێت.
لە مێژبوو کە هەستی بە لاوازیی لەشی دەکرد. رۆژبەرۆژ زیاتر دادەهێزرا. ئیدی زیاتر لەجاران دەخەوت. کە دەشخەوت، وەک جاران خەوی نەدەبینی. تا بەیانی هەموو وێنەکان و بیرەکان لە مێشکیدا لەجوڵە دەکەوتن. زۆر درەنگ بەمەی زانی. چۆنیشی پێزانی، نازانێ. تەنیا ئەوەندەی بوو کە رۆژێک تێگەیشت کە تەنیا دوێشەوی لەبیرە و بەس. لەنێوان دوێشەو و بەیانیدا هیچ شتێکی دی رووی نەدابوو. شەوی دوواتریشی تاقی کردەوە، هەروابوو. کاتەکانی نێوان دوێشەو و رۆژ تەنیا تاریکی بوو و بەس. لە بیری دەهات کە جاران هەمیشە

خەوی دەبینی. تا بەیانی لە بەر خەودیتن بۆخۆیشی نەیدەزانی چۆن دەخەوێ. کەچی ئیستا خەونەکان رۆیشتبوون، بەجێیان هیشتبوو.
بڕیاری دا بچێتە لای دکتۆر. دکتور، پیاوێکی تەمەن مامناوەندی بوو کە بۆنی جگەرە ئەڵێی لەگەڵی لەدایک بووبوو.
ـ دکتور گیان، ماوەیەکە خەون نابینم! کە دەخەوم هیچم لە خەوەکەم لەبیرنایەت!
دکتۆر مەعایەنەی کرد. فەحسی دڵ و سی و ئەوەی کە داخۆ تای هەیە یان نا. دواتر ناردی بۆ فەحسی خوێن. کە لە سەیری وەرەقەکان بوویەوە، داوای لێکرد کە بچێ بۆ تاران. ئەمیش جانتایەکی بچوکی دا بە شانیدا و چوو بۆ تاران.
ـ آقای دکتر مدتیه کە خواب نمی بینم. موقعی کە از خواب بیدار میشم هیچی از خوابم به یادم نمیاد!
وەرەقە فەحسەکانیشی پیشاندا. دکتۆر ناردیەوە بۆ تاقیکردنەوەی خوێن. دواتر زانی کە مۆخی ئێسقانەکانی خوێن دروست ناکەن و هەربۆیە کەم خوێنە. دکتۆر گوتی بە تووش سەرەتانەوە بووە. کتوپڕ زانی کە چیرۆکی ژیان دەکرێ لە هەر شوێنێکیدا خاڵی کۆتایی لەسەردابنێی. بیری گفتوگۆیەکی خۆی لە گەڵ برادەرێک کەوتەوە. باسی چیرۆکیان کردبوو. ئەم گوتبووی ناکرێ ئەو چیرۆکە لەو شوێنەدا تەواو بێت. بەڵگەیەکی زۆریشی بۆ ئەم قسەیەی خۆی هێنابوویەوە. حەح! چ لە خۆرازیانە دوواوبوو. بەڵام نابێ بمرێ. چیرۆکەکە ناکرێ لێرەدا کۆتایی بێت. نە تەمەنی ئەوەیە و نە خەونەکان و شێوەی ژیانی ئەوە دەخوازن. ئەو دەبێ بژی، لانیکەم تا پەنجا ساڵی تر!
دوواتر چەند خێرا نەخۆشییەکەی گەشەی سەندبوو. لاوازتر و بێ هێزتر لەوەی کە بیری لێدەکردەوە. روخسارێکی سپی و جەستەیەکی نەرمۆڵە کە لە جەستەی کچی دەکرد. بەڵام دکتۆر گوتبووی کە رەنگە هەرلەخۆوە مۆخی رۆژێک بکەوێتەوە خوێن چێکردن. گوتبووی کە هیوایەتێک بۆ چاکبوونەوەی هەیە،... بەڵام هیوایەکی کەم، یەکجار کەم.
ئەم وازی لەو هیوایەتە کەمە هێنابوو، بەڵام چاوێکیشی هەر لێی بوو. کێ چووزانێ چ دەبێ. ژیان هەموو شتێکی بە بەرەوەیە. لە پەنجەرەکەوە زۆرجاران هەڵاتنی خۆری بینیبوو. دیتبووی کە چلۆن تاریکی بەرەبەرە دەبێ بە رووناکیی و

دواتر هەتاو خۆی دەخەملێنێ. رقی لەخۆی دەبوویەوە کە بۆچی لە هەموو ساڵەکانی ژیانیدا بۆ جارێکیش بێت هەڵاتنی خۆری نەدیتبوو!
هەندێ جار پاڵتاوەکەی بە شانادەدا و دەچێتە دەرەوە، یاخود بە راڕەوەکاندا دەگەڕێ. لە حەوشەکەدا رادەوەستێ و سەیری ئاسمان و گەڵا و چیمەن و درەختەکان دەکا. لە هۆڵەکانیشدا سەیری نەخۆشەکان.
ـ آقای دکتر میشه کاری کنید کە بتوانم دوبارە خواب ببینم؟
دکتۆرەکە تەنیا سەیری کردبوو. بە دکتۆرەکەی گوتبوو حەزدەکا خەون ببینێ، چونکە حەزناکا بەدەم خەوەوە بمرێ. گوتبووی کە خەون ناهێڵێ لە خەودا بمری. حەزی دەکرد لەکاتی مردندا ئاگای لەخۆی بێت. دەیویست بزانێ کە مردن چۆنە. ئەمە چییە کە ئاوا هەموو کەس لێی دەترسێ. سەرئەنجام دکتۆر گوتبووی کە خەون بینین پەیوەندی بە رادەی خوێنەوە لە جەستەدا هەیە. گوتبووی هەوڵبدە وەک جاران جەستەت خوێن دروست بکاتەوە، ئەوجار بێگومان خەون دەبینیتەوە.
هیچ کاتێک بە قەد ئەم ماوەیە بیری نەکردبووەوە. جاری وابوو بەو قەناعەتە دەگەیشت کە بیرکردنەوەی زۆری رۆژانە و شەوانە بوو کە بەشی خەونی نەدەهێشتەوە. دەبا کەمتر بیری کردبایەوە. بەڵام چۆن؟ هەوڵدەدا کتێب بخوێنێتەوە، یاخود رۆژنامە و شتی لەم بابەتە. بەڵام وشەکان زیاتر دەیخەنە بیرەوە. هەر وشەیەک ئیستا بۆخۆی جیهانێک بوو. شتە بچووکەکان چەند گەورە بووبوونەوە. جاری وابوو بە ساعەت بیری لە وشە یاخود رستەیەک دەکردەوە. هیچ کتێبێکی بۆ تەواو نەدەکرا. وشەکان یاخود رستەکان هەرکامەی کتێبێک بوون. جیهان چۆن دەیتوانی جێی ئەم هەموو وشە و رستەیە بێتەوە؟
جاری وابوو نیوەشەوان بە ژوورەکەدا دەگەڕا. بە بەردەم هەموو تەختەکاندا گوزەری دەکرد. ئەم سەر تا ئەوسەر. نەخۆشەکان یان خەوتبوون یان بێدار. ئەو چاوانەی کە لە سەقفەکانیان دەڕوانی و لایەکیان لەم نەدەکردەوە. شار لە پشت پەنجەرەکەدا لەم کاتانەدا دەنگەکانی خۆی دەخواردەوە. گڵۆپە زەردەکان لە بێتاقەتیدا ئاهیان هەڵدەکێشا.
هەرچۆنێک با دەبا خەون ببینێتەوە. خەون بینین لە بەرامبەر مەرگدا وشیاری دەکا. تا دەتوانی درەنگ دەخەوێ و زوو هەڵدەستێ. شەوانە سەعات دوو دەخەوێ و سبەی سەعات دوویش لە خەو هەڵدەستێ! کە هەڵدەستێ سەری قورس قورسە.

نا، نابێ سەری وا قورس بێت. سەیری دەوروبەری دەکا. تا چاوی بە شتەکان عادەت دەگرێتەوە، پێی دەچێ. ڕەنگی ژوورەکە لە سپییەوە بەرەبەرە دەبێ بە ڕەنگە ئاساییەکان. نەخۆشەکان دەبینێ کە هەروا چاوەڕوانی مەرگن.
ئەمڕۆ کەس و کاری هاتوون. لە ڕێی دوورەوە هاتوون. دایکی دەگری و برا و خوشکەکانیشی بە دزییەوە. تەنیا باوکیەتی کە بیردەکاتەوە. باوکی وەک ئەم لە پەنجەرەکە دەڕوانێ و تا دەتوانێ چاوی بۆ ئەو سەری شار کە لە تەم و مژدا ون دەبێ، بەڕێ دەکا. تەنیا نیگاکانی باوکیەتی کە ئارامی دەکاتەوە. باوکی لەوێ نیە. لەوێ لەو سەری شار لەناو ئەو تەم و مژەدا خەریکە بە شوێن شتێکدا دەگەڕێ. بە ئارامی دەڵێ:
ـ بابە، بابە گیان!
باوکی لادەکاتەوە. ئەم سەیری ریشە سپییەکەی دەکا.
ـ ئەڵێم کە چاکبوومەوە، بەیەکەوە سەرێکی ئەو تەم و مژەی ئەو سەری شاردەدەین، ...ڕۆژێک.
باوکی شتێک لە بینیایەتی. خەریکە دەیخنکێنێ. خۆی زیاتر بە سەر گۆچانەکەیدا دەدا. دەستی دەلەرزێ. ئەم دەیبینێ. دایکی بە گۆشەی لەچکەکەی لوتی دەسڕێ. چاوی ئەمیش لە تەم و مژەکەی ئەوسەری شار دەچێ. بەڵام ناوێرێ بیڵێ. تەنیا سەیری دەکا. تەم و مژێکی سوور. لەو تەم و مژانەی دەڵێی هەزاران هەتاو خۆیان تیا حەشارداوە.
ئەوەندەیان خواردن پێیە کە حیساب ناکرێ. دایکی بە بەستەیەک شیرینییەوە هەموو نەخۆشەکانی تر بەسەردەکاتەوەو و لە ژێر لێوەوە بەردەوام دوعادەکا. نەخۆشەکان و کەس وکارەکانیان دوعای بەخێری بۆ دەکەنەوە. دایکی کە دێتەوە، زیاتر دڵتەنگە. ئەوەندە دڵتەنگ کە تا ماوەیەک سەیری کوڕەکەی ناکا. کە دەڕۆن دایکی دەیەوێ بمێنێتەوە. ئەم ناهێڵێ. دەڵێ حەزدەکا تەنیا بێت. دایکی پێدادەگرێ. ئەم خراپتر. سەرئەنجام دایکیشی دەڕوا. کە ڕۆیشتن، ئەم وەک جاران هەڵدەستێ، قەمسەڵەکەی بە شاندا دەدا و وەڕێدەکەوێتەوە. خۆی وەک پشیلەکان دێتە بەرچاو. بزەیەک دایدەگرێ. ئەوەتەی لە بیری دێ پشیلە بۆی سەرنج ڕاکێش بووە. بۆ خۆیشی نازانێ بۆ. ڕەنگە لەبەر ئەم ساتانە بووبێت!

ئیستا هەوا ساردتری کردووە. کە دەچێتە دەرەوە، کۆتەکەی لەبەردەکا. حەزی لەسەرمای دەرەوەیە. تازەی دەکاتەوە. هەستی نەخۆشی دەکوژێ. تا دەتوانێ هەوا هەڵدەمژێ. دواتر جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. نازانێ زۆر بکێشێ یان کەم. دەڵێن ئەوانەی وا دەمرن ئیتر گوێ نادەنێ و زۆر دەکێشن. بەڵام ئەم وا نیە. جگەرە بۆیە خۆشە، چونکە دەزانی جارێکە نامری. کە دەزانی دەمری، جگەرەش تامی نامێنێت. جگەرەکە و دووکەڵەکەیشی دەڵێی مردوون! بێ رۆح، بی تام. جگەرەکەی فرێدەدا. با، پزیسکەکان لە گەڵ خۆی دەبا.
دەگەڕێتەوە سەرەوە. لە سەر رێگا، ئەو پەرەستارە جوانە دەبینێ کە لە قاتی خوارەوە ئیش دەکا، لە بەشی ئەو کەسانەیدا وا نەخۆشیی دڵییان هەیە. چ دەبا یان ئەم نەخۆشی دڵی بایە، یان ئەو لە قاتی سەرەوە کاری کردبا. پەرەستارەکە بە دەمییەوە پێدەکەنێ. ئەم زۆر خێرا رووی لێوەردەگێڕێ. بێ تاقەت دەبێ. پەرەستارەکەی وەک جگەرەکە دێتە بەرچاو. ئەویش با دەیبا.
بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێ. هەست بە بێ هێزییەکی سەیردەکا. لاقەکانی لە گەڵی نایەن. چەند جار دادەنیشێ. قادرمەکان لە حەوشێ بۆی ئاشناترن. دەزانێ چەند دانەن. بێ ئەوەی بیانبژێرێ، دەزانێ لە چەندەمین دانەیاندایە. لە سەر نۆهەمینیان دانیشتووەو بیر لەو مێلانەی دەکاتەوە وا بەدەست گرتوونی. هەڵدەستێتەوە. هەرچۆنێک بێت خۆی دەگەیەنێتە سەر جێگاکەی. دڵنیا لەوەی ئەمشەو دووا شەوی ژیانییەتی، دەچێتە ناو جێگاکەیەوە. لێفەکە بەخۆیدادەدا، هەتا ژێر ملی. ئارامیی و لەززەتێکی سەیر روو لەجەستەی دەکا. لادەکاتەوەو لە پەنجەرەکەوە هەوڵ دەدا دوورەدەستەکان ببینێ. بەڵام بێ سوودە. چاوی یەکجار ماندووە. نا، نابێ بخەوێ. ئەو دەبێ ئاگای لێ بێت چۆن دەمرێ. بیری دایکی دەکاتەوە. بیری ریشە سپییەکەی باوکی. بیری حەوشە، جگەرە، پشیلە، پەرەستارەکە و پلیکانەکان.

***

دایکی لە پەنجەرەکەوە هاواری لێدەکرد.

ـ کوڕە وەرە ژوورەوە سەرمات دەبێ، ...نەخۆش دەکەوی.

ئەم گوێی لە هیچ نەبوو. بارانێکی ئەوەندە خۆش دەباری کە نەدەکرا پیاو نەچێتە بەری. جەستەیەکی تەڕ تەڕ وەک پشیلەیەکی خووساو. سارد وەک مێڵەکانی قادرمەکانی خەستەخانە، بارانێکی جوان وەک پەرەستارەکە، لەناو ئاسمانیشدا لەو

دوورەدەستانە وەک تەم و مژەکەی ئەوبەری شار لە پەنجەرەکەی خەستەخانەکەوە، ...ئاە چەند خۆشە! دایکی نازانێ باران چ مانایەکی هەیە. ئەم لە کتێبەکانەوە فێربووە، لە پەرەستارەکەی خەستەخانەکەوە، لە خوڕەی بنجۆکانەوە.
دایکی هەر هاواری لێدەکا. خۆشک و براکانی بەرەبەرە دێنە بەر پەنجەرەکە. بە بزەوە سەیری دەکەن. دەنگی رادیۆی باوکی کە باسی لافاو لە شوێنێک دەکا بە ئاستەم دەڵێی دەگاتە گوێی. هاوار دەکا:
ـ بەباوکم بڵێ دەنگی بداتێ، ...دەی دایەگیان با دەنگی بداتێ!
ئاگای لێیە باوکی هەڵدەستێ، بەڵام گۆچانی پێ نیە و ریشیشی سپی نیە. باوکی لەباران ناترسێ.
ئەوەندە تەڕە کە پێی وایە کەس لە دنیادا بەقەد ئەو تەڕ نەبووە. رەنگە هیچ بارانێکیش بە قەد ئەم بارانە تەڕ نەبێت! هەناسە ساردەکان هەڵدەمژێت و دەمی دەکاتەوە. چ بارانێکی بەلەزەت!
خەبەری دەبێتەوە. لەشی تەڕتەڕ، خوساوی ئارەقێکی سەیربوو. لەگەرمانا خەریک بوو دەپڕووکا. راچەنی. تەحەمول نەدەکرا. دەبا بچێ خۆی وشک کاتەوە و جل و بەرگ بگۆڕێ. جل و بەرگەکانی لەودیون، لە کومێدی ژوورەکەی تەنیشتی ژووری دایک و باوکی. هەستا. دەبێ وابزوات کە کەس لەخەونەکات. بەتایبەت دایکی کە خەوی یەکجار سووکە.
کتوپڕ خۆی لە ژوورێکی یەکجار گەورەدا دەبینێتەوە. ئێرە کوێیە؟ جوان سەیری دەوروبەری دەکا، سەیری ئەو هەموو تەختە کە لە ژوورەکەدابوون و ئەو هەموو خەڵکەی کە لە سەریان خەوتبوون. وەرگەڕاو سەیری پەنجەرەکەی کرد. شار خۆی لەبەر یەکەم گزنگی بەیاندا دەکێشایەوە، ...لەخەو هەڵدەستا.
پێکەنینێکی سەیر دایگرت. لەو پێکەنینانەی کە بە منداڵی دایدەگرت. لەو پێکەنینانەی کە لە هەورە تریشقەی بەهاری دەکرد. کتوپڕی و بەسام و جوڵێنەر.
ئەو نەخۆشانەی وا بەخەبەربوون، بە سەرسوڕمانەوە لێیان روانی. ئەوانەیشی وا خەوتبوون لە خەوراچڵەکان. تەنیا مردووەکان نەجوڵان.
بیری کردەوە کە بێگومان هەر ئەمڕۆ لە گەڵ باوکی سەردانی تەم و مژەکەی ئەوسەری شار دەکەن. ئا، لە گەڵ باوکی.

## خەون بە مردووەکانەوە دەبینم

ماوەیەکە مردووەکان زۆر دێنە خەومەوە. مردووەکان لە هەموو جۆرێکیان: هاوڕێ، خزم، هاوگەڕەک، هاوشاری، نەناسیاو و هەتا دووایی. نازانم هۆکارەکەی چییە: ترس، هەستی تەنیایی، ماندووی، هەستی زووڕسکی پیری، بیرکردنەوەی زۆر، هەستی غەریبی، دوورەوڵاتی، هوروژمی یادەکان، یاخود خەمی مردنیان کە بەردەوام لە گەڵمایە؟ نازانم، بەڵام هەر ئەوەندە دەزانم کە دێنە خەومەوە. یەک لەدووای یەک. بە هەموو بوونی جارانیانەوە.
کە دێن، هەموو شتێکی رابردوو لە گەڵ خۆیان دێننەوە. هەموو ئەو شتانەی کە دەکرێ فەرامۆشت کردبن، یاخود لە نەستتدا خەزنکرابن، دیسان خۆیان پیشان دەدەنەوە. کە دێنەوە، رێک وەک ئەو ساڵانەی لێ دێتەوە. تەنانەت رەنگەکانیش.

ئاخر رەنگی دونیا ئەو ساڵانە جۆرێکی تر بوون. رەنگەکان کەمێک کەمتر بوون. یان رەنگە زۆریش کەمتر بوون. نازانم.
کە دێنەوە، وەک ساڵانن. هیچ پیر نەبوون. گەنجەکان وەک خۆیانن، منداڵەکان وەک خۆیانن و پیرەکانیش هەروەها. هیچیان لە کاتدا نەجووڵاون. کە دێنەوە، منیش دەگەڕێمەوە ئەو ساڵانە، بەڵام من چیدی وەک ئەو ساڵانە نیم. جۆرێکی ترم. رێک وەک ئیستا. بوونێک کە زەمەن لە گەڵ خۆی بردوویەتی. من لە خەونەکانمدا لە گەنجەکانی ئەو سەردەمە گەورەترم و لە پیرەکانیش زۆر دوور نیم. کە ئەوان من دەبینن، بە سەرسووڕمانەوە سەیرم دەکەن. بەڵام قەت لێم ناپرسن کە بۆ وا گۆڕاوم. منیش قەت لەوان ناپرسم کە بۆ مردوون. دەزانم، نە من وەڵامم پێیە و نە ئەوان. هیچمان نازانین. تەنیا ئەوەندە دەزانین کە وایە.
پێش ئەوەی مردووەکان بێنە خەومەوە، سەرەتا خەوم بە گەڕەک و کۆڵانی منداڵییەوە دەبینی. کۆڵانێکی خۆڵاوی کە هاوینان هەموو بەیانیان ژنانی گەڕەک گسکیان دەدا و ئاوپرژێنیان دەکرد. ئەو کۆڵانەی حەسارێکی درێژ لە قوتابخانەی گەڕەک جیای دەکردەوە.
لە مردووەکانیش دا سەرەتا منداڵەکان هاتن. ئەو منداڵانەی پێدەکەنین، بەڵام من دوواتر تەرمەکەیانم بینیبوو. ئەو منداڵانەی دووای بە تەرم بوونی خۆشیان پێدەکەنین و یاریان دەکرد.
لە گەنجەکانیش دا ئەو کوڕە گەنجەی هات کە لە گوندێکدا سووتانیان. لەخەوما وەک ئەو ساڵانە لە خانووەکەیاندا دەهات و دەچوو و هەوڵی دەدا دەمە خوارەکەی و ئەو چاوەی کە هەمیشە قەترەیەکی پیادەهاتە خوار، بشارێتەوە. لە خەوەکەما چەند بە هەستێکی پڕ لە تامەزرۆیی و هەروەها بەزەیی و هاوخەمییەوە لێم دەڕوانی. کەچی ئەو وەک ساڵان بوو. نەیدەزانی چی لێ قەوماوە. من دەمزانی، هەربۆیە دڵ و چاوم پڕ لە گریان بوو. لە بەرخۆمەوە شوکری داروبەردم دەکرد کە سەرەڕای ڕووداوەکان و ئەوەی بەسەریدا هاتبوو، سەرئەنجام دیسان دەرفەتی ژیانی پێدرابووەوە. خۆشحاڵ بووم، زۆر خۆشحاڵ. جارجارە فرسەتی دەهێنا و سەیرێکی دەکردم. هەستم دەکرد کە لە گەڵ هەر روانینێک دا جۆرێک لە بەزەیی لە چاوەکانیدایە. ئەو بەزەیی بە مندا دەهاتەوە!

له پیرەکانیش دا، باوەگەورەکانم، واته هەر دووکیان دێنەوە خەوم. باوکی دایکم که سەرەتانی گرت و دکتۆر پێی گوت که دەمرێ، زۆر بوێرانه قەبوڵی کرد. بەڵام گۆشەیەکی دڵی هەر یەکجار تەنگ بوو. که ئەم دڵ تەنگییه رووی تێدەکرد، کەمێک ترێی دەکڕی و دەچوو له بناری ئاربەبا دادەنیشت و له شار و دەر و دەشتی دەڕوانی. چەند جارێ که له کێو له گەڵ هاوڕێیانمدا دەگەڕامەوە، به رێکەوت تووشی دەبووم. ئەو وێنەیه یەکجار دایچڵەکاندم. سەیری ئەو شوێنەم کرد که ئەو لێی دەڕوانی. شاخی کەلی خان و دۆڵەکەی بەردەمی بوو. باوەگەورەم ئیستا لەوێ ماوە، لەوێ له سەر ئەو شاخه و له دۆڵەکەیدا نیگاکانی هەر وا دێن و دەڕۆن. نیگا سەرسووڕماوەکانی ژیان و مردن.

باوەگەورەکەی دیکەشم، کتێبێکی خەیامی هەبوو. که من له جێدا به هۆی نەخۆشییەکی دوورو درێژەوە کەوتم، هات بۆ لام و پێشنیاری دا که ئەو کتێبه بخوێنمەوە. لێم وەرگرت، سەیرێکم کرد. لەوە پێش خەیامم خوێندبووە. حەزم پێی بوو. بەڵام لەو دۆخەدا حەزم پێی نەبوو. کتێبەکەم لێوەرگرت، بەڵام گلم نەدایەوە. دامەوە. پێی خۆش نەبوو. بەڵام من پێویستم به وزەی ژیان بوو.

ئیستا ئەویش که دێته خەوم، له گەڵ کتێبەکەی خەیام و ئەو گۆچانەی که به هۆی قاچه شەلەکەیەوە به دەستیەوە بوو، خۆی دەردەخا. له ناو مردووەکاندا تەنیا ئەوە که زۆر گوێ ناداته کەڵەکه بوونی ساڵەکانی تەمەن به سەرمدا. له کاتی بۆمبارانەکانی شاردا لەبیرم دێت له شار نەدەهاته دەر. که بۆمبارانیش دەکرا، نەدەجوڵا. بەخیلیم پیادەهاتەوە. نازانم هی قاچه شەلەکەی بوو، یان هی کتێبەکەی خەیام.

که له خەوما سەیری نیگای دەکەم، هەست دەکەم که دەزانێ ئەم خەوە درۆیە. بۆیه هەست به بزەیەکی شاراوە له سەر لێوەکانی دەکەم. باوەگەورەم دەزانێ که وەک سێبەرێک له خەوی مندایه و ئیدی ئەمە ژیان نیه. حەز دەکەم بڵێم: "باوەگەورە ببورە که خەوت پێوە دەبینم!" بەڵام نایڵێم. چ سوود که بیڵێم. دەبێ تەنیا هەوڵ بدەم که جارێکی تر خەوی پێوە نەبینم.

پێم سەیرە که ماوەیەکه خەو به مردووەکانەوە ئاوا زۆر دەبینم. منێک که هەموو رۆژێک کار دەکەم و به هۆی کارەکەمەوە خەڵکانێکی زۆر دەبینم. منێک که ماڵەکەم ئاوەدانه و به تەنیا ناژیم. منێک که هەموو شەوێک دەخوێنمەوە. فەلسەفە،

ڕۆمان، سیاسەت و شتی دی. منێک کە ئەگەرچی هەست، یەکێک لە کاراکتێرە سەرەکییەکانی منە، بەڵام داگیرکەری هەموو جیهانی من نیە. باشە بڵێی چی بێت؟ خەڵکی ئێرە کە شتێکی وایان لێ بەسەر دێت، بێگومان سەردانی دکتۆر دەکەن. دکتۆرێکی دەروونناس. من تا ئێستا قەت سەردانی دەروونناسم نەکردووە. بڕیار دەدەم بچم. بچم؟ پەشیمان دەبمەوە. خۆناسی و ئیرادە دوو چەکی بەهێزی زاڵبوون بە سەر دۆخە ئاڵۆزە دەروونیەکاندایە. کاری دکتۆرە دەروونناسەکان ئەوەیە کە ئەم خودوشیارییە لە نەخۆش دا ببزوێنن. من ئەمە دەزانم. کەواتە نەخۆش نیم. کتوپڕ تێدەگەم کە مردووەکانیش بەشێکی گرنگ لە ژیانن، لە ژیانی ئێمە. لە ژیانی هەمووومان. تەنیا ئەوەندە کە ئەم بەشە، لە ژیان و کار و ماندووبوونمان نەخا. بزەیەک دێتە سەر لێوم. هەست بە وزە لە جەستەمدا دەکەم. بیردەکەمەوە کە ئێمە جاروبار پیویستیمان بە سەردانی مردووەکانمان هەیە.
کە دەخەوم، هەوڵ دەدەم بیر لە مردووەکانی دیکە، ئەوانەی وا لە مێژە نەمبینیون، بکەمەوە. بیر لەو کچەی کە خۆشم ویست و لە تەمەنی بیست و یەکساڵیدا لە کارەساتی پێکدادانی سەیارەدا مرد. کتوپڕ دێتەوە بیرم کە خەویش زۆر بەوەو دەبینم. پێکەنینم دێت ...ترافیکی مردووەکان یەکترم پێ لەبیر دەکەن. ئای چەندە حەزیان بە ژیانە! نا، دەبێ زوو بخەوم ئەمشەو. ئەمشەو نۆرەی یەکی تریانە کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ناو ژیان و جارێکی تر کۆڵان و خانوو و خزم و ناسیاوەکان ببینێتەوە. من دەبێ بخەوم بۆ ئەوەی ئەوان بێنەوە.
دەست دەبەم گڵۆپە سوورەکەی تەنیشتم هەڵ دەکەم. هەمیشە حەزم لە فەزا سیحراوییەکان بووە، لە فەزا سیحراوییەکانی خەون و خۆرەهاکردن لە خەیاڵ. لێفەکەی سەر پشتم قورس دەبێ. دایەگەورەمە. دەڵێ: "شەوخابەکە بکوژێنەوە، باوەگەورەت لە کاتی خەودا حەزی بە تاریکییە!"

## کوێرەڕێیەک وەک پێکەنین

ڕۆژانی قەدیم وەها کە من و تۆ لە بیرمان نیە، دایکێک هەبوو کە لە گەڵ منداڵەکانیدا دەژیا. سی ساڵ دوواتر ئەوە منداڵەکان بوون کە لە گەڵ منداڵەکانیان دەژیان. سی ساڵ دووای ئەمەش، منداڵەکانی ئەمان بوون کە لە گەڵ منداڵەکانی خۆیان دەژیان. کاتێک یەکەم دایک (یاخود دایەگەورە یان نەنکیان) دەژیا، کوێرەڕێیەک هەبوو کە لە ناو دارستانێکەوە گوزەری دەکرد. دارستانێکی سەوزی مەزن کە لە شوێنێکیدا کوێرەڕێیەکەی لە خۆیدا ون دەکرد.
دایک بەمەی نەدەزانی. هەروەها نەمنداڵەکان و نە نەوەکانیش. کوێرەڕێگاکە لە شوێنێک بە دەوری خانووەکەیانەوە بوو. ڕەنگە کەمێک ئەولاتر. ئەولاتر بەقەد بیرەوەرییەک. ڕەنگە گەر ئەوان بەم کوێرەڕێیەیان زانیبا، نەوەکان وێنەیەکیان لێی دەبوو. وێنەیەک کە تێیدا نەنکیان لە سەر کوێرەڕێیەکە بە بزەوە لە کەسی نەناسراوی پشت کامێراکەی دەڕوانی. هەروەها ڕەنگە نەوەکانیش سەرەڕای ئەوەی کە دەیانزانی کوێرەڕێگاکە لە شوێنێک لە ناو دارستانە سەوزە مەزنەکەدا ون بووە، وێنەکە بۆ هەمیشە یادی نەنکیانی لە دڵی ئەواندا و لە دڵی کاتدا زیندوو ڕادەگرت. دایکێک لە گەڵ چەند منداڵ لە سەر کوێرەڕێیەک بە درەختەکانی دەوریانەوە. ڕەنگە لە گەڵ بزەیەکیش کە یەکجار لە کوێرەڕێگاکەی دەکرد.

## مانگەشەوی سەر سنوور

تەرمەکە لەوێ راکشاوە. لە سەر زەویی تەڕیی پاییز. دارستانێکی چڕ کە دواباڵندەکان تیایا خەریکی خوێندنن. هەوایەکی شێدار کە لە بڵیندایییەکاندا تێکەڵی هەورە پەڕەوازە و سەرگەردانەکانە. سەر هەڵدەبڕێ و سەیری ئاسمان دەکا. ئاسمان لە نێوان چڵ و پۆپە تێکرژاوەکانەوە لێرە و لەوێ مەودایەکە بۆ شینایی. جارجارەش سەیری بەردەمی خۆی و لەوێوە بۆ تەرمەکە. نایەوێ باوەڕ بکا. تەرمەکە چەندە نزیکە، ئەوەندەش دوور دەنوێنێ. دەڵێی خەریکی گەمەیەکی ترسناکە: گەمەی مەرگ.

جاری وایە حەز دەکا پێی بڵێ "ئیتر بەسە، لاچۆ، هەستە سەرپێ! هەستە بڕۆینەوە!" بەڵام نایڵێ. شتێکی تر پێی دەڵێ کە ئەمە راستە. راستییەکی ترسناک. پەنجەی دەبا بۆ ناو دەمی و دەیگەزێ. ژانێک لەشی دەتەنێ و رایدەچڵەکێنێ. "ئا، راستە. ئەوە تەرمە، تەرمی ئەو کە لەوێ راکشاوە." سەیری جل و بەرگەکەی دەکا. جل و بەرگەکان هەر هەمانن. ئەوانەی شەش مانگ لەوە پێش. کە دوواجاریش بینی هەر ئەمانە بوون. تەنیا بەو جیاوازییەوە کە ئەوەندە پیس نەبوون. جگە لەوە، خوێن! ئا خوێناویش نەبوون. ئەو کاتانە بۆنی ئارەقە و تۆز و هەتاوییان دەدا، کەچی ئیستا بۆنێکی دیکەیە. بۆنێک وەک گڵی ناو قوڵاییەکان، وەک بۆشێی قوڵکە هەرگیز هەتاونەدیتووەکان. پێی سەیرە. پێی وانەبوو ژیان

ئەوەندە زوو گۆڕانی بەسەردا بێت. ئا، تەنیا چرکەیەک بەسە بۆ ئەوەی ساتێ لەوە پێش ببێ بە سەد ساڵ لەوە پێش. دڵی دەگوشرێ. دیسان سەر بەرز دەکاتەوەو لە ئاسمان و هەورەکان و چۆڵگە شینەکانی دەڕوانێ. حەز دەکا گەواڵە هەورێک راوکا و بە ئاسمانەوەی بدورێتەوە. هەورێک لەو هەورانەی کە چیدی حەزیان بە سەفەر نیە. هەورە ماندووەکانی سەفەر.

دایکی لە مێژ بوو کە خەوی بە ئەمڕۆوە بینیبوو. دەیگوت لەو کاتەوەی قورینگەکان بۆ یەکەم جار لە سەر ئەم شارە رێیان لێ تێکچوو و سەریان لێشێوا، ئەو خەوی ناخۆش ناخۆش دەبینێ. ئەم لە بیری نایەت. ساڵی قورینگەکانی لەبیر نایەت. دەڵێن ئەو ساڵە پاییزێکی یەکجار خۆش بووە. ئەوەندە جوان کە خەڵک زیاتر لە ساڵانی دی ئاشق دەبوون. کۆڵانەکان بە شەودا پڕی لاوە دڵ کەیلەکان بوونە. سەر بانیژەکانیش ئەو کیژۆڵانەی کە جەستەیان ئاوساوی بای شەوانەی پاییزان بووە. ئەو ساڵە وەک دەڵێن هیچ دایک و باوک و برا و مامۆیەک دڵی لە کچەکانیان پیس نەکردووە. دەڵێن شەوانە بە ئەنقەست پەردەکانیان دادەدایەوە و گڕی لامپاکانیان کزدەکرد، بۆ ئەوەی دەرفەتی خۆحەشاردان زیاتر بێت. هەروەها خەڵک لەبیریان دێت کە کاتی بەهار، کاتێ قورینگەکان بەرەو باکوور بە سەر شاردا تێپەڕیبوون، ئاوازێکی بە کۆڕی سەیریان چڕیبوو. وەها کە سەرتاسەری شار بێدەنگ گوێیان هەڵخستبوو. تا هەفتەیەک دووای ئەو رۆژە دەڵێن خەڵک هەر بزەیان لە سەر لێو بووە. پێکەنین و پێکەنین. بزە و بزە. ئەو خەندانەی وا روخسار گەشتر دەکەن. ئەو بەهارە ئەوەندە بەهار بوو کە خەڵکی پێیان وابوو پاییزیش هەر بەهار دەبێ. گرنگ نیە کە قورینگەکان لە باکوورەوە بەرەو باشوور هەڵدەفڕن یان لە باشوورەوە بەرەو باکوور. رێگاکان و چارەنووسیان زۆر گرنگ نەبوون، گرنگ ئاواز و فڕین و بەرزاییەکان بوو. گرنگ باوەڕداری و بێ باوەڕی نەبوو. گرینگ ژیانکردن بوو. ئەو ساڵانە وەک دەڵێن ژیان ئەوەندە گەش بووە، وەک ئاسمانی بەهار و ئەوەندە قەرەباڵغ بووە وەک قورینگەکانی سەفەر و خۆدانە دەست با و رێگا دوورەکانی خەون. دایکی تا ژیا بەم خەونانەوەی ژیا، ئەگەرچی گۆشەیەکی دڵی یەکجار تەنگ بوو. تەنگ وەک بستە خاکی ژێر گڵی تەرمەکە.

سەری هەڵبڕییەوە. سەری تەرمەکە. ئەو سەرەی وا لەوێدا ڕاکشابوو، ئەو شەش مانگ لەوە پێش تاشیبووی. ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو. تەرمەکە مەقەست و شانەی دابووە دەست و گوتبووی لە مێژە چاکم نەکردووە، یاڵڵا خەریک بە! ئەمیش خەریک بووبوو. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا. ئیتر لەو کاتەوە غیرەت و ترسی لە سەرچاککردن شکابوو و بە ئیستاشییەوە بێت هەر خۆیەتی کە سەری منداڵەکانی چاک دەکا. سەری تەرمەکەی پاک پاک تاشیبوو. سەرەتا بە مەقەست و شانە و ئەوکات بە تیغ. ئیستایش کە دێتەوە یادی، دیانەکانی جۆرەیەکیان لێ دێت. کڕەکڕی تیغ لە سەر پێست و ئێسک جۆرەیەک بوون. جۆرەیەکن. لە چەند شوێندا بڕیبووی،بەلام تەرمەکە گوتبووی کە بەردەوام بێت. ئەمیش بەردەوام بووبوو. لەو کاتەوە سوێندی خوارد کە قەت سەر بە تیغ چاک نەکا. تەنانەت پشت گوێ و پشتە مل و ئەو شوێنانەی وا دەکرێ بە تیغ و شانە قژەکان و مووەکان ڕێک و پێکتر بکرێن. لەو کاتەوە بەو قەناعەتە گەیشت کە مرۆڤ دەبێ بۆ هەمیشە واز لە تیغ بێنێ. ئامرازێکی دەسکرد، کە چیدی کارکردی خۆی لە دەست دابوو.

تەرمەکە ئەو ڕۆژە بە زیندوویی، چەند سەعات دووای سەرتاشینەکە، لە سەر تەپۆڵکەیەک لە پشت ئاواییەکی دووری نزیک سنوور، لە سەعاتی دەی شەوەوە تا سێی دووای نیوەشەو، لە کاتێکدا ئاوایی خەوتبوو و چەکدارەکانی هاوڕێی لە شوێنێکی نادیاردا لە کەمین دا بوون، باسی خەونەکانی بۆ ئەم کردبوو. ئەو شەوە ئەم سەیری سەری تاشراوی تەرمە زیندووەکەی کردبوو کە لە ژێر تیشکە کز و نادیارەکانی شەودا دەبریقایەوە. بە شەودا هەڵەکانی دیار نەبوون. سەری تەواو ڕێک و جوان دەینواند. لە دڵەوە حەزی کرد کە پێی بڵێ لە نێوان مانگەشەو و سەری دەسکردی ئەودا پێوەندییەک هەیە. هەستی بە لەخۆبایی بوونێک کرد. بەڵام هیچی نەوت. تەنانەت هەستی بە شەرمەزارییەک کرد. ئەو شەوە لە ناو ئەو شاخانەدا وشەکان لە زار دەهاتنە دەرەوەو لە شوێنێک ون دەبوون. ئەم چەندە حەزی بە بای فێنکی ئەو شەوە بوو. چرپە چ بێ نەدەهات. دنیا بێدەنگ. تەنیا خەونەکان بوون کە دەجووڵان. ئەوانیش چ بێ خشپە و چ بێ جوڵە.

چەند جارێک ویستی قسەکانی پێ ڕاوەستێنێ و بڵێ کە دەترسێ. هەڵبەت نەک لە ئەمشەو. نەک لەو چەکدارانەی کە ڕەنگ بوو بێن و لە گەڵ چەکدارەکانی هاوڕێی تەرمەکە لێک هەڵئەنگێون، بەڵکوو لەوەی کە شوێنەکە زۆر غەریب بوو. لە

قەراغ وڵاتێک بیت و لەوێش لە قەراغ ئاواییەک! چەندە حەزی دەکرد وەک ساڵان لە گەڵ تەرمە زیندووەکە لەوێ لە گەڕەک بایە. ویستی بڵێ ئا وایە هەمووی راستە، بەلام هەستە با بڕۆینەوە. بەلام نەیگووت. گەڕانەوەیەک نەمابوو. تازە هەموو شتێک هی رابردوو بوو. جاران، لەوێ بە جێ مابوو و، ئیستایش لێرە و سبەیش خوا دەزانێ.

دایکی گوتبووی لەو ساڵەوە کە قورینگەکان رێیان لێ تێکچوو، وەرزەکانیش وەک جاران نەمان. سروشت تەنیا بە سەر گەرما و سەرمادا دابەش کرا. ئەوانەی لە بەیندا بوون، هەموو سڕانەوە. ئەم ئەوەندە نوقمی چیرۆکی رێ ونکردنیان بوو، کە لە بیری دەچوو بپرسێ بۆچی ئەو ساڵە رێگایان لێ شێوا. سپیەتیی باڵندەکان، بەرزفڕینیان، دەنگی زوڵاڵیان، ئەفسانەی فڕینیان، باڵی بەسەر هەموو شتێکی تردا دەکێشا. بەڵام سەرئەنجام رۆژێک پرسیارەکە لە دەروونیدا چێ بوو. ئەو رۆژە رۆژێکی گەرمی هاوینی بوو کە بە دڵ ئیشتیای بارانی دەکرد. بارانیش لە هەورەکانی ئاسمانەوە دەڕژێنە زەوی. ئەو کە لە بەر پەنجەرەکەدا راوەستابوو، ملی کێشا و سەیری ئاسمانی بێ هەور و بێ پەڵەی کرد. ئەوەندە گەرم بوو کە ئاسمان شینایییەکەی دەکاڵایەوە. بیری کردەوە بێ گومان گەر ئیستا قولینگەکان بفڕن، یەکسەر دەبن بە خەڵووز. ئەمە جوڵاندی. بە پەلە چووە ژوورەکەی تر. دایکی خەریکی سەرخەوشکاندن بوو.

ـ "دایە دایە! راستی ئەو ساڵە قولینگەکان بۆ سەریان لێ شێوا؟"

دایکی بە ئارامی چاوی هەڵێنا. لە کوڕکەی روانی. لەو گەندە موانەی تازە سەریان هەڵێنابوو. ئەوسا بە ئارامی کەمێک رابوو. وەها کە سەرینێک لە ژێر باڵ و کەلەکەیدا جێی بێتەوە.

ـ رۆڵە! گەر بمەوێ بە کورتی بیڵێم، دەبێ بڵێم کە کەس نازانێ. رەنگە تەنیا خودی قورینگەکان بزانن. قورینگەش خۆت دەزانی قسە ناکات، تەنیا دەفڕێ. ئەو رۆژە نە باران باری، نە هەورە تریشقە بوو و نە بای دەهات. رۆژێکی ئاسایی پاییزی بوو. سروشت رەنگین و هەوا گەش و تەڕ و دنیا تازە. هەندێک دەڵێن رەنگە لەو بەرزاییانەی کە چاویان ناگاتێ، باڵندەی تر هەبن. لەو باڵندە دەنووک خوارە گۆشت خۆرە بچووک و گەورانەی کە هەموو بەهار و پاییزێک، کاتی کۆچی باڵندەکان بە

ئاسمانەوە پەیدا دەبن. دەڵێن دانەیەک بەسە بۆ ئەوەی ڕێگاکە تێک بدات. دەڵێن هەرچەندە بەرزیش بفڕی، هێشتا ناتوانی لە دەستیان قوتار بیت.
دایکی دوواتر لە کۆتاییدا گوتبووی:
- "سەیر ئەوەیە کە کاتێک قورینگەکان ڕێگایان لێ تێک دەچێ، ڕەنگیشیان دەگۆڕدرێ. بەڵەک دەبن، جاری وایشە ڕەش. تەنیا بە چاو دەتوانی بیانناسیتەوە".
ئەوسا ئارام ڕاکشابووەوە لە سەر سەرینەکە خەوی لێکەوتبوو.
لە تەرمەکە نزیک دەکەوێتەوە. جوان سەیری سەری دەکا. ڕەنگە لەو ڕۆژە نیشانەی سووکە برینێک بە سەریەوە مابێت. بە شوێنیا دەگەڕێ. ئەم گەڕانە تەواو دەیبزوێنێ. دانەیەک دەبینێتەوە. ئاە، دەڵێی دوێنێکەیە! ئەو برینە چەند ئاشنایە! کە بڕیبووی، تەرمە زیندووەکە تووڕە نەبووبوو، تەنیا وتبووی زیاتر سەرنجی کارەکەت بدە. وتبووی ژیان ڕێک ئاوایە! وەک تیغێکە بە دەستەوە، جا یان پێی دەبڕی یان پێی زامار دەکەی!
ئەم ئیستایش ئەو ڕستەیەی لە زەیندا ماوە. باشە چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان بڕین و زامارکردندا؟ مەگەر بڕین هەمان زامارکردن نیە؟ مەگەر زامار کردن هەمان بڕین نیە؟ حەزی دەکرد ئیستا ئەو پرسیارە ئاراستەی تەرمەکە بکا. بەڵام چ درەنگ!
مرۆڤ قەت بە وەڵامی هەندێ پرسیار ناگات.
دەبێ بینێژن. ئارام هەڵدەستێ. ئەوانی تر لە مێژە خەریکن. ونکردن ئاسانە. شتی ونبوو بۆ ئەوەی بیدۆزیتەوە، یان دەبێ زەینێکی باشت هەبێ، یان دەبێ هەرەوەزیی لێبکەی، یان بە شانس و بەخت بچیتەوە سەری. کە ونیشی دەکەی، یان بە ئەنقەست ونی دەکەی (کە بە ئەنقەستیش ناچیتەوە سەری)، یان لێیان دزیوی، یان بەراستی ون بووە.
تۆ بڵێی ئەمەیان کامەیان بێت؟
ئیستا ئیتر یەکجار حەزی بە بینینی قورینگەیە. ئەو هەموو چیرۆکە سەبارەت بە قورینگە، قورینگەکان دەزانێ، بی ئەوەی تا ئیستا یەکیانی لێ بینیبێت. پێکەنینی دێت. بڕوا ناکات تا ئیستا هیچ قوڵینگەیەک، تەرمی مرۆڤێکی بینیبێ. دەڵێن لەو شوێنانە دەژین کە مرۆڤی لێ نیە. لە قەراغەکان. دەڵێن بۆیە وا بەرز دەفڕن بۆ

ئەوەی بە سەر مەیتی هیچ ئینسانێکدا نەکەون. دەڵێن مەیتی خۆیان پێ تەحەمول دەکرێ، بەڵام هی ئینسان نا. بۆ؟ کەس نازانێ!
دەڵێن بۆ ئەوەی ئەمە بزانی دەبێ خۆت قورینگە بیت. تەنیا ئاشق و ئاوارەیە، کە دەزانێ دەردی ئاشق و ئاوارە چییە.
تەرمەکە بە سەرە مانگەشەوەیەکەیەوە دەنێژن. دایدەپۆشن. خەیاڵەکانی ئەو شەوەی سەر سنووریش ئارام ئارام ئەم جێ دێڵن. ئەم تەنیا لە بیری قورینگەکاندایە. گوندەکەی سەر سنوور ماوەیەکە لە گەڵ خاکەکەی ژێری جوڵاوەو لە ئاوی چەمەکەی داوێنی زیاتر نزیک بووەتەوە. ئەم جوان هاژە هاژی ئەو چەمەی لە بیرە. بە نیوە شەوە کاتێک تەرمە زیندووەکە قسەی دەکرد، جاروبار با، دەنگی ئەو و هاژەی ئاوی وەها تێکەڵ دەکرد کە ئەم تەنیا مانگەشەوی دەبیست.
ئاە مانگەشەوی سەر سنوور!
نێژەرەکان دەرۆن. هەموو شتێک ئەوەندە ئارام و بێدەنگە کە ئەم دەترسێ. هیچ هەورێک نەماوەتەوە. بارانەکان قەرارە لە شوێنێکی تر ببارێنن. لەو شوێنانەی وا قورینگەکان سەریان لێ ناشێوێ، لێ ناشێوێندرێ. سەر هەڵدێنێ. کتوپڕ قورینگەیەک بە سەر کێلەکەوە دەبینێ. ئەم وەها خۆشحاڵ دەبێ کە رادەچڵەکێ. باوەر ناکا. بیستبووی کە پێش ئەوەی قورینگەکان بە جەستە دەرکەون، سەرەتا دەنگیان دێت. بەلام گرنگ نیە. گرنگ ئەوەیە کە ئەوەتا لێرەیە و ئەم بۆ یەکەم جار لە دووای چیرۆکەکانی دایکی، قورینگەی بینی. نیگای باڵندەکە زۆر هەراسان دەنوێنێ. باڵەکانیشی هەروەها. وەحشەتێک، ئامادەی فڕین. دەندووکێکی نیوەکراوە، کە زمان شێتانە تیایا بەر و دووا دەکا، یاخود سەر و خوار. دیسان گرنگ نیە. دەڵێن ترس هەمیشە ئەمە پیشەیەتی.
هاوڕێکانی لە مێژە دوورکەوتوونەوە، کەچی ئەم هێشتا سەرسووڕماوی دیمەنی کێل و قورینگەیەکە، کە بۆ خۆشیان نازانن بۆ ئەم کاتەی وەرز و زەمەن، لێرە، لە قەراغ شارێکی دووری نزیک سنوور یەکیان گرتووەتەوە .

## خاولییەکە

عادەت، هەمیشە وەک کیسەڵێک هاتووەتە بەرچاوم. کیسەڵێکی ناو گیاجاڕ، کە دەکرێ لە کۆتایی بەهاردا کتوپڕ ماڵەغانی وەرزێڕێک ملی بریندار کات، یان ... .
وەک عادەت دیسان دەستێک بە قژە کورتەکەیدا دەهێنێ. سەرەداوی قسە پچراوەکەی دەدۆزێتەوە و دەڵێ:
ـ دەزانی ئەوە دە ساڵ بە سەر زەماوەندەکەماندا تێدەپەڕێ. (سەیری وێنەی سەر دیوارەکە دەکەم، ئەم بچووک بچووک بە جلی بووکێنیەوەو و ئەویش زل زل بە قاتێکی رەشی جوانەوە). ئەرێ دە ساڵ، بەڵام تەنیا سێ مانگی یەکەم ژن و مێرد بووین. ئیتر لەو ساڵەوە ئەو لەو ژوورە خەوت و منیش لەم ژوورە. دەزانی تاقەتم لێی نەماوە. هەر زوو تاقەتم لێی بڕا. زۆر زلە. جگە لەوە کە خەوی لێدەکەوێ لەبەر پرخەپرخ قەرارت لێدەبڕێ. خەو چییە نایەتە چاوانت، ئیتر لە ترکەندنەکانیشی گەڕێ! بۆن کاست دەکا!
جەستەی هێشتا بۆنی حەمام دەدا. تەنیا خاولییەکی لە خۆی پێچاوە. جەستەی ئەوەندە بچووکە کە ئەم هەست دەکا خاولییەکە نیوەی خواردووە. خاولییەکە ماری "بوا" و ئەویش کەروێشکێکی دەستەمۆ. چاوەکانی سەرگەردانن. لە سەر هیچ شتێک ئۆقرە ناگرن.

ـ ئا دەبێ بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم. دەچم لەوێ کار دەکەم. وەک ئێرە نابێ، بەڵام لە هیچ باشترە. جگە لەوە کەس و کارم هەموو لەوێن. دایک و باوک و خوشک و براکانم. دەزانی لێرە لە رستوران کارم دەکرد و لەوێش دەتوانم لە رستوران کار بکەمەوە. پارەکەی کەمە، یەکجار کەمترە، بەڵام ژیان هەرزانترە... دەتوانی بلیتەکەم بۆ بکڕی؟ کە هاتمەوە پارەکەت دەدەمەوە. باوەڕ کە! ئا، تۆ هێشتا من ناناسی.
رەفەی فیلمەکان سەرنجم رادەکێشن. سەیرە بەرگی هەموویان شینن. شینێکی تۆز لێ نیشتوو. وەک هەموو خانووەکە.
ـ ئەو فیلمانە سەرەتا پێکەوە سەیرمان دەکردن. ئەوجار جیامان کردنەوە. بە جیا سەیرمان دەکردن. لەو کاتەوە بۆگەنەکەی بە سەرمدا هات، حەزیشم بەوە نەما کە لە گەڵی سەیری فیلم بکەم. ئاه کە رقم لێیەتی.
دەپرسم باشە چۆن دەتوانی هێشتا لەم خانووەدا لە گەڵی بژی، چۆن ئیزنت دەدا، مەگەر خانووەکە هی هەردووکتانە؟
ـ ئاه، دەزانی... نەوەڵا خانووەکە هی ئەوە. زۆر میهرەبانە. هەر لە یەکەم رۆژی جیابوونەوەوە گوتی کە دەتوانم لێرە بم. لێرە بژیم. نازانی چەندە پیاوی چاکە! من ژنێکی سپڵە نیم. دەزانی بیست ساڵ لەمن گەورەترە. خانەنشینە. پارەی چاک وەردەگرێ. یارمەتی منیش دەدا. دەزانی من تەنیا چوارهەزار و پێنج سەد کرۆن وەردەگرم. پیاوی وا لە دونیادا کەمە، یەکجار کەمە.
مێزەکەی ئەو سەری ژووری دانیشتنەکە، سەر و ژێر و دەورووبەری ئەوەندە قەرەباڵغە کە زەینی منیش قەرەباڵغ دەبێ. هەندێک کەل و پەلی ژنانە سەرنجم رادەکێشن کە لە کتێبێک ئاڵاون.
ـ هەر وایە. هەر وایش بووە. برۆ سەیری ژوورەکەی کە، هەر لەوەدا نیە. رەنگە ساڵی دوو جار خاوێنی کاتەوە. پەنجەرەکانیش ناکاتەوە. تا نیوەڕۆ دەخەوێ. شەوانە بۆ ئەوەی پرخەی نەگاتە لام، دەرگاکەم جوان دادەخەم. رادیۆکەیشم رۆشنە. بچووکترین دەنگیش دەتوانن گەورەترین یارمەتیدەر بێ.
دیسان دەست بە قژە کورتەکەیدا دێنێتەوە. لە دەرەوە ئاسمان هەست دەکەم رەنگی هەڵدەبزرکێ. هی گەرمایە یان هی چاوی من، نازانم. رەنگە هی شوشەکانیش بن. یان رەنگە هی هەمووی ئەمانە. پێستی و ئێسکی ئەوەندە لە یەک نزیکن، کە بێز

دامدەگریّ. ئاه، دەرەوە چەند خۆشە. بیری ژوورەکەم دەکەمەوە، ئەو جێگایەی کە تیا دەخەوم. خۆشترین شوێنی دونیا!
ـ پێت وایە چەندم تەمەنە، ها، ...چەندە؟ حەتمەن دەڵێی چل و پێنج (بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوی). گەر بڵێم لە پەنجا زیاترم باوەڕ دەکەی؟ کەس باوەڕ ناکا. ئەوانەی لە گەڵیانام هەموویان کوڕی تەمەن نۆزدە و بیست ساڵانن. بۆم دەمرن. نازانم بۆ حەزیان لێمە. نازانم بۆ پیاوی ئێراقی و ئەفغانی و ئێرانی ئاوا حەزیان لێمە. بۆم دەمرن (دیسان بزەیەک لێویّ دەتەنیّ، بزەیەکی شەیتانانە)، خۆزگە لە کاتی جنسکردندا ئاگات لێیان دەبیّ، هە هە هە هە، هههە. ئەویش لەو دیو ئاگای لێیە. بەس هیچ ناڵیّ. ... شەوێکیان هەستم کرد لە پشت درگاکەمە. نەک هەست، دڵنیام لەویّ بوو. ئەو هەموو شەوێک لەویّ رادەوستیّ. بە جوانی گوێم لە هەناسەکانیەتی. گوێم لە خشەی گوێەتی بە سەر کونی درگاکەوە (پێدەکەنیّ، پێکەنینێکی وەها کە خاولییەکە کەمێک لەسەر سینگە چۆلەکەئاساکەی دادەخزیّ).
داوای ئاوی لێدەکەم. بۆم دێنیّ. کەچی بۆم ناخورێتەوە. ئاوەکە وەک پێستی ئەو و ئێسکی لەشیم دێتە بەرچاو. سووکە قومێکی لێدەدەم. ئاگای لێیە.
ـ ئەها، توونیت نیە، تەنیا دەمت وشک دەبیّ. دەزانم هی چییە (دیسان پێدەکەنێتەوە و دەست بە قژە کورتەکەیدا دێنێتەوە). پوڵم دەدەیتیّ؟ ...ها، دەم دەیتیّ؟ ...ئەم ئێوارەیە دێتەوە. چووە بۆ لای رفیقەکانی. ساڵی چەند جار ئاوا دەڕوا. دەزانی ماڵەکە زۆر ترسناک دەبیّ لام کاتێک دەڕوا. دەبیّ حەتمەن کەسێک لێرە بێت ...وەک وتم بۆم دەمرن. بەڵام دەزانی منیش بەرە بەرە ماندوو بووم. تاقەتی ئەم گەنجانەم نەماوە. کە لێرە دەڕۆن ئیتر هەتا ماوەیەک تاقەتی قسەکردنیان لە گەڵت نامێنی. ئەوجار کتوپڕ زەنگ دەدەنەوە و وازت لێناهێنن... من دانەیەکم دەویّ کە هەمیشە لە گەڵم بێت، هەمیشە تاقەتی قسەکردنی هەبیّ لە گەڵما. دانەیەک ئەوەندە خەوی قورس نەبێت، دانەیەک وەها کە کاتێک بای لیّ ئەبێتەوە ئاگای لەخۆی بێت! دانەیەک کە ئاگای لێم بێت. دانەیەک کە بمباتە رستوران و سەفەر. دانەیەک ...
خاولییەکە زۆر کشاوەتە خوارەوە. سەرسینگی زۆر لە پێستی شوێنەکانی تری گەنجتر دەنوێنیّ. تەمەنیش تەنانەت دڵی نایەت مەمکەکانی بیژاکێنیّ. یان رەنگە ژاکانێکی درەنگ. رەنگە بیست ساڵی تر، یان کەمتر.

ـ حەزم لە پیاوی زل نیە، دەزانی؟ ون دەبی. رقت لە بچوکیی خۆت دەبێتەوە. نە ئەو ئەوەندە گەورە و نە منیش ئەوەندە بچووک! شتێک لەو ناوەدا. دەزانی، دایکم پێی وتم. وتی مەکە، هەم لە خۆت زۆر گەورەترە و هەم زۆر بە جەستە زلتر. جگە لەوە زۆر دەوڵەمەندترە. بە قسەم نەکرد. خوا خوام بوو بگەمە ئێرە. ... ئەی کە رقم لە زستانی ئێرەیشە! شەوانی هەر نابڕێتەوە. دەزانی تا ئیستا ژنێکم لە ژوورەکەیدا نەبینیوە. نازانم چۆن ئەوەندە دەتوانێ دان بە خۆیا بگرێ. من بە ژنیەتی خۆم کە زۆر لە پیاوان خۆراگرترین، دووای مانگێک ئیتر تاقەتم تەواو دەبێ. هەرچۆنێک بێت دەبێ پیاوێک پەیدا بکەم. گرنگ نیە خۆشم دەوێ یان نا، یان خۆشی دەوێم یان نا. گرنگ ئەوەیە کە دەبێ پیاوێکم لابێت. پیاوێک کە بۆنی جەستەی وڕم کا. کەچی ئەو وا نیە. رقم لەمەیەتی. ئیتر خۆی و خوای خۆی کاتێک دەچێ بۆ سەفەر.
بێ تاقەتییەک قاچەکانم لەخۆ دەگرن. رێک وەک دانیشتنی زۆری ناو تەیارە. خوێن لە خوارەوە کەڵەکە بووە. چەند خۆشە فڕۆکەکە خۆی بسوڕێنێ! گەر تەیارەکە خۆی بسوڕێنێ، ئیتر ئەویش لێی تێک دەچێ و لە جیاتی قژی، دەست بۆ قاچەکانی دەبا! قاچە بچووکە قژاوییەکانی!
ـ دەزانی لەم رۆژانەدا کونی حەمامەکە گیرا. وتم دەرم دەکا. کەچی هیچی نەگوت. بۆ چاککردنەکەی پارەیەکی زۆریشی چوو. بەڵام هیچی نەگوت. ئای کە حەزیشی لێیە گوێ بە دەرگای حەمامەکەوە بنێ. (پێدەکەنێ)... زۆر پیاوی چاکە!
بیردەکەمەوە گەر فڕۆکەکە خۆی خوارکاتەوە، بۆ ماوەیەک ئاسمان دەبێ بە زەوی و زەوی بە ئاسمان. وەک خەیاڵی سەردەمی منداڵی. بەس تۆ بڵێی لەم کاتانەدا دەنگ چی لێ بێت؟ یان خاولییەکە؟ یان تەمەنی ئەو کە لە پەنجا لایداوە؟
ـ لە سبەیەوە دەچمە سەرکار. دەزانی، هەفتەی رۆژێک. پێم وابێ مانگانە شتێکم دەدەنێ. ...باوکم ئیستا پیر بووە. هەمیشە حەزی لە ئایس کرێم بوو. دەزانی لە قەراغ دەریادا تامێکی تری هەیە. ...ژوورەکەی ئەوم پیشان داوی، هەستە ئەوەی خۆمت نیشان بدەم. بزانە چەندە فەرقمان هەیە.
خاولییەکە لەوەی زیاتر داکشاوە کە سەرەتا داکشابوو. وەها کە گۆشەیەکی لە زەوی دەخشێ.

ـ دەزانی هەفتەکەی تر دەڕۆم. خۆ بێتاقەتم نابی؟ ...ئەها ژوورەکەی من چەندە جیاوازە!
ژوورەکە تەختەخەوێکی دووقاتی تیایە، لە گەڵ ئاوێنەیەکی بچووک و رادیۆیەک. ئەو جل و بەرگانەی لێرە و لەوێ هەڵڕژاون. لە ناو ژوورەکەدا خاولییەکەی ئیستا ئیتر بە دەست بە سینگییەوە راگرتووە. چاوی، پرسیارێکی گەورە. یان رەنگە تەمەننایەکی گەورە، تەمەننایەک وەک سەفەرێکی دوورو درێژ بەرەو وڵات. تەمەننایەک بە قەد بلیتێک. بە قەد بیتاقەیەک.
دەست بۆ گیرفانم دەبەم. گیرفانەکەی ترم. هەر هەموو گیرفانەکان.
ـ ئاە ببورە موبیلەکەم لە ناو ماشینەکەمدا لەبیرکردووە. راستی ژمارەی سەر ئایفۆنەکە چەند بوو؟ هەر ئیستا دێمەوە. ...ئەوەندەم پێناچێ.
خاولییەکە ئیستا لە سەر زەوییە. کەل و پەلەکانی سەر مێزەکە یەکجار لە نزیکەوە قەرەباڵغتر دێنە بەچاو. خەریکە لە درگاکە ئاودیو دەبم.
ـ ئەوان منیان هەمیشە لە سەر چۆک دەویست. دەیانوت ئاوا درشتتری. دەزانی کە رۆیشتمەوە... .
دەنگەکە لە درزی درگاکەوە مەودای خۆدەربازکردنی کەمترە. ئەوەیشی کە دەرباز دەبێ، دەنگی ئاسانسۆڕەکە، دەیخوا. چەندە دڵم تەنگە!

## ژووره پڕ له مارەکان

ماڵەکەی ئێمە پڕە لە مار. یان باشتر وایە بڵێم کە لە هەر ژوورێکدا مارێکی تێدایە. ژوورەکانیش چونکە زۆرن، ئیدی ماڵەکەمان خۆبەخۆ پڕدەبێ لە مار. پڕە لە مار. مارە گچکە و گەورەکان. مارە ئەندازە مامناوەندییەکان. هەمووشیان بە زەوییەوە بە بزمار دادووراون. دادووراون و کەچی هەر دەژین. کە دەرگاکان دەکەیتەوە، دەیانبینی. سەر زل و سەر بچووک. بە زمانە هەر دەم بە دەرەوەکانەوە، ئەو زمانانەی کە نازانن بدوێن. بەو جەستانەوە کە بە دەوری خۆیاندا قەف دەخۆن و لە تاقە بزماری داکوتاوی ناو قەدیان بێزارن. من کە بێ تاقەت دەبم، من کە لە دانیشتنی سەر تاقە کورسیی ژیانم وەڕەز دەبم، هەڵدەستم و بە ناو ژوورەکاندا دەگەڕێم. دیتنی مارەکان لە وەڕەزیی و بێ تاقەتی دوورم دەخەنەوە. نازانم بۆ. هەر ئەوەندە دەزانم کە کاتێک دەیانبینم، دەکەومە ناو دونیایەکی دیکەوە. پێم سەیر دەبێ کە چلۆن دەکرێ بە بزمارێک بە ناو قەدەوە بژی، پێم سەیر دەبێ کە چلۆن دەکرێ زمانت ئەوەندە درێژ بێ و کەچی نەتوانی تاقە وشەیەک چییە بدرکێنی، پێم سەیر دەبێ کە چلۆن دەکرێ هەموو ژیانی بوونەوەرێک تاقە ژوورێک بێت. من هەر کاتێک کە بە ناو ژوورەکاندا تێدەپەڕم، ئەم بیرانە بە مێشکم دا گوزەردەکەن. ئەو بیرانەی کە قەت لێیان ماندوو نابم.

نازانم مارەکانم خۆش دەوێن یان لێیان بێزارم. ئەوان تەنیا مارن. ئەو مارانەی کە لە گەڵ مندا لە ناو خانوویەکی هەزار ژووردا دەژین. خانوویەکی هەزار مار. یان هەزار مار، کە خاوەن خانوویەکن.
کاتی بەسەرکردنەوەیان، پەنجەرەکان بۆ ماوەیەک دەکەمەوە. سوپاسم کەن یان نەیکەن، گرنگ نیە. گرنگ ئەوەیە کە من دەزانم کاتێک تۆ تەنیا لە ژوورێکدا بژی، دەبێ جاروبارە پەنجەرەکەت بۆ بکەنەوە. دەبێ جاروبارە بە بزمارەکەی ناو لەشتەوە بۆنی سروشت بکەی.
رۆژێکیان کە لە دانیشتنی سەر تاقە کورسییەکەی ژیانم بۆ جارێکی تر و بۆ یەکێکی دیکە لە هەزاران جارەکان یەکجار وەڕەز بووبووم و خەریکی گەشتی هەمیشەیی ناو ژوورە ماراوییەکان بووم، لە یەکێک لە ژوورەکاندا کە پەنجەرەکەی رووەوە رۆژئاوا دەیڕوانی و تاقە چنارێکی بەرز دراوسێی بوو، دیمەنێکی سەیرم بینی. لەو ژوورە مارێکی زەردی ئەندازە مامناوەندیی تێدا بوو کە هەمیشە بە بینینی من زمانی دەبردەوە ناو دەمی و مت مت لێمی دەڕوانی. هەمیشە هەستێکی غەریب پێی دەگوتم کە ئەم مارە لەوانی دیکە لە بزمارەکەی ناو قەدی وەڕەزترە. کە پەنجەرەکەم بۆ دەکردەوە، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە کە لە بەر سۆزی سەرمای دەرەوە لە خۆیان دەئاڵان، ئەو زیاتر خۆی دەکردەوە و زیاتر گەردنی دەکێشا.
ئەو رۆژە کە درگاکەم کردەوە، لە جیاتی مارە زەردە ئەندازە مامناوەندییەکەی جاران، مارێکم بینی یەکجار گەورەتر. سەرێکی زل، جەستەیەکی ئاوساو کە لە شوێنی بزمارەکەدا دەڵێی کرابوو بە دوو کەرتەوە. لە بیرم دێ، نەترسام. لە بیرم دێ دووای ئەوەی پەنجەرەکەم بۆ کردەوە، دانیشتم و سەیرم کرد. چاوەکانی وەک جاران، بەڵام ون لە ناو روخسارێکی ماسیوودا. لە بیرم دێت کە دەمگوت هیچ نیە لە تەنیاییدایە کە وا ئاوساوە، یان رەنگە بیر لە ژوورەکانی تر دەکاتەوە، یان بیر لە هەموو خانووەکە. لەم بیرانەدا بووم کە دیتم لەوەی کە هەبوو گەورەتر بوو. تا دەهات زیاتر و زیاتر دەئاوسا. تا دەئاوسا، زیاتریش لە من کە لە سووچی لای درگاکە دانیشتبووم، نزیک دەکەوتەوە. چاوی، دەمی، زمانی و رەنگە زەردەکەی ئیستا ئیتر وەها نزیک بوون کە نە لە چاو دەچوون، نە لە دەم، نە لە زمان و نە لە رەنگ. شتێک بوون وەک تەنیا شتێک لەوێدا. وەک شتێک کە دەکرا شتێک بن

وەک هەموو شتەکانی تر. بیرم کردەوە مارێکی وەها ئیدی پێوە نادا، بەڵکوو تەنیا قوت دەدا. وەک مارە گەورەکانی ناو فیلمەکان. بیرم کردەوە ئەم مارە تەنانەت دەتوانێ تاقە کورسییەکەی ژیانی منیش هەڵلوشێ. ئەو تاقە کورسییەی کە من سالانی ساڵ لە سەری دانیشتبووم و لە سەری بیرم لە ژیان و لە مەرگ و لە شتەکان و لە خەونەکان کردبووەوە. ئەو دەیتوانی منیش لە گەڵ ئەو کورسیە قوت بدا. دەمی ئەوەندە گەورە بوو کە بەشی هەموو شتێکی دەکرد. لە بیرم دێ بۆ جارێکیش بێت سەیری درگاکەم نەکرد.
من کە قەت جگە لە دەنگی فیشکە، هیچ دەنگێکی ترم لە مار نەبیستبوو، ئیستا دەنگە غەریبەکانم دەهاتنە گوێ. پیتە لێڵەکان، وشە ناڕوونەکان. ئەوانەی کە سەریەک خستنەوەیان زەحمەت بوو. گوێم هەڵخست. جوانتر و جوانتر. بەڵام دەڵێی بە هەر گەورەبوونێک، ناروونییەکەیش گەورەتر دەبوو. دڵنیا بووم، دڵنیا لەوەی کە ئەو دەنگانە، وشەن، رستەن. بیرم کردەوە گەر بتوانم بزمارەکە دەربێنم ئەوا رەنگە باشتر بێت. رەنگە دەنگەکان روونتر بن. بە تەمای دەرهێنانی بزمارەکە هەستام. بەڵام ئیستا ئیدی مارەکە ئەوەندە گەورە بووبوو کە جێگایەک بۆ من لە ژوورەکەدا نەمابوو. ترسێکی سەیر دایگرتم. نەکا نەتوانم دەربچم؟ نەکا مارەکانی ژوورەکانی تریش بەم دەردە چووبێتن؟ ترسی ئەوەی کە بە گەورەبوونی مارەکان، لە پیاسەی رۆژانەی ناو ژوورەکان بێ بەری بم، لە خۆ بێ خۆی کردم. بە پەلە دەرگام کردەوەو هەڵاتمە دەرەوە. سەردانی ژوورەکانی ترم کرد. بە پڕتاو و بە پەلە هەموویانم بە سەر کردەوە. لەوانیش هەمان رووداو. هەزار مار، هەزار ژووریان بە جەستەی ئاوساوەوە پڕکردبوو.
هەڵاتمە دەرەوە. لە حەوشە لە خوا پارامەوە، لە دراوسێکان پاڕامەوە، لە هەتاو لە هەور، ... لە ئەستێرەکان، لە مانگ. بە مانگ، بە درێژایی سالانی ساڵ. بینیم سەری مارەکان لە پەنجەرەکان هاتنە دەرەوە. گەورە و گەورەتر. خانووەکە درزی برد، قڵشی برد، ... دیوارەکان تەقین و رووخان.

ئیستا خانووەکەی جاران، ئەو خانووەی کە من لە سەر تاقە کورسیی ژیانم تێیدا دادەنیشتم و بیرم لە ژیان و لە مەرگ و لە شتەکان و لە خەونەکان دەکردەوە، بووە

بە وڵاتی مارە زەلامەکان. ئەو مارانەی کە هێشتا بە تاقە بزمارێکەوە بە زەوییەوە دووراون. ئەو مارانەی کە من هێشتا تێیان ناگەم دەڵێن چی.

## بێگانە بە ئاسمان

لەو ساڵەوە، رقی لە ئاسمانە، رقی لە باڵندەیە،... رقیشی لە پەنجەرەیە. دەڵێ کە لە بەر پەنجەرە دانیشتی، چاویشت لە ئاسمانە و لەوێندەریش لە باڵندەکان. دەڵێ من تەنیا رۆژە هەورییەکان لە بەر پەنجەرە دادەنیشم، ئەگینا هەمیشە لە کونجی سەرەوەم، یاخود پەردەکان دادەدەمەوە، ئیتر دڵنیام لەوەی ئاسمان و باڵندەکان لەوێ نین. منیش پێم سەیرە. چۆن دەکرێ مرۆڤ بژیت و چاو لە ئاسمان نەکا، لانیکەم بۆ شەست ساڵ (ئەگەر تەمەن مەودا بدات). ئەو دەڵێ من دەزانم زیاتر لە هەشتا ساڵ دەژیم. هۆکارەکەیشی ئەوەیە ئەوەی لە ئاسمان نەڕوانێ، زۆر بیر لە ساڵەکان ناکاتەوە.

من لەم کاتانەدا بە جێی دێڵم. حەز دەکەم بچمە دەرەوە و سەیری ئاسمان و باڵندەکان بکەم.

ئاگام لێیەتی. کە رۆژ دەبێتەوە وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی دی لەخەو هەڵدەستێ. سەروچاوی دەشوا. قاوڵتی دەکا و پاش ئەوەی جل و بەرگ دەگۆڕێ، وەدەردەکەوێ. کە هەوا زۆر روون بوو، دەزانێ ئاسمان بە دەرەوەیە. هەربۆیە کڵاوە لەبەدارە وەرزیشییەکەی لەسەردەکا. کتێبەکان دەئاخنێتە ژێر باڵی و ئارام هەنگاو هەڵدێنێ. لە ژێر کڵاوەکەشییەوە جووتێک چاویلکە کە شووشەکانی

ئەستوور دەنوێنن. چاویلکەکە و کتێبەکانی ژێر هەنگڵی لە گەڵ کڵاوەکە نایەنەوە. لەم شارە هەموو کەس ئەمەی لا سەیرە. دیمەنێکی نەگونجاو. بەڵام دیمەنێکی داسەپاویش کە دووای ساڵانی ساڵ هەموو کەس پێی راهاتووە. پێ راهاتنێکی سەیر. بۆ دڵنیایی زیاتر تەنیا سەیری بەردەمی دەکا. تەنانەت سەیری رووبەروویشی ناکا. بۆ خۆی دەڵێ نەکا کتوپڕ ئاسمان ئەوەندە دابەزێ کە ئەم ببینێ. لە دڵەوە حەزی بەوەیە کە هەر چوار دەوری شار شاخ و کێوی بەرز بایە، نەک تەنیا دوو لا و نیوی!

من کە لە ژوورەکەی تەنیشتی ئەودا دەژیم، هەمیشە پەردەکانم لادراون. بە هاوین و زستان، بە شەو و بە رۆژ. لە حەوشەوە ئەو دوو پەنجەرەیە (پەنجەرەکانی من و ئەو) وەک دوو چاو دەنوێنن کە یەکیان کوێرە. لە حەوشەوە ئەوە چاوی راستە کە کوێرە و لە ژوورەوە چاوی چەپە کە کوێرە. کە بێ تاقەت دەبم دەچم لە دەرگەی دەدەم و دەبمە میوانی. زۆریش نا. رەنگە بۆ چەند خولەکێک. نازانم پێی خۆشە یان نا. هەر ئەوەندە دەزانم کە سەری بێ کڵاوەو تەنیا یەک جار سەیرم دەکا و ئەوجار بە کتێبەکان و کاغەزەکانی بەردەمییەوە خەریک دەبێ. دەزانم کتێبەکان چین، بەڵام کاغەزەکان نا. هەمیشە چەند کتێب، دیواری نێوان من و کاغەزەکانن. ناپرسم. قەت نەمپرسیووە. بەڵام ماوەیەکە حەزێک تیاما جوڵاوە. کتێبەکان رۆمانن و دەروونناسی. بیردەکەمەوە کە کاغەزەکانیش دەبێ هەر لە سەر ئەمانە بن، بەڵام چۆن؟

وەک هەمیشە دووای چەند خولەکێک ژوورەکە جێدێڵم و دەچمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. لەوێ بۆ ماوەیەک لەبەر پەنجەرەکەم دادەنیشم. سەیری ئاسمانی پڕ ئەستێرە دەکەم. سەیری حەوشێ کە تاریکی لە تەنیشت دیوارەکانیدا خەستترە.

کە دەڕواتە دەرەوە، دەرگای ژوورەکە قوفڵ دەدا. دەرگایەکی کۆن کە ئاڵقەرێزەکەی لە سەرەوە لە ژێر تاقە چاوەیەکی شووشەیی باریکدایە. کە دەڕوات کاغەزەکان لە گەڵ خۆی نابات، تەنیا کتێبەکان. کتێبەکانیش ئەوەندە زۆرن کە جاری وایە یەک دوویەکیان بەردەبنەوە. ناشەمزێ. تەنیا هەڵیان دەگرێتەوە. گوێش ناداتە ئەوانەی وا پڕمە پێکەنینێک دەیانگرێ. گرنگ ئاسمان و باڵندەکانە.

جاری وایە داوەتی دەکەم. دێت. قەت ناڵێ نا. تەنیا ئەوەندەم پێ دەڵێ کە پەردەی پەنجەرەکەم دادەمەوە. بۆ خۆیشم ئەمە دەزانم. بۆیە پێش ئەوەی بێت،

دادراونەتەوە. تەنانەت لەبەر ئەو، ساڵانێکە پەردەی ئەستوور و رەگ تۆخم کرِیوە. چاوەکانی سوپاساوین. جوان جوان دایاندەدەمەوە کە درز چییە لە نێوان پەردە و دیوارەکەدا نەمێنێ. ئەوجار دادەنیشێ. بە سەرێکی نەوییەوە دەخوا، بە سەرێکی نەوییەوە قسەدەکا و گوێ دەگرێ. چاوەکانی لە ژێر چاویلکە ئەستوورەکەدا بچووک دەنوێنن. نازانم چ رەنگن، قاوەیی، شین، رەش یان سەوز، یان ... بیر دەکەمەوە رەنگە شین بن. وەک ئاسمان. شینێکی بێ باڵندە. شینێک کە بە هەوری چاویلکە داپۆشراوە.

زۆرتر گوێ دەگرێ. یان رەنگە هەمیشە گوێ دەگرێ. منیش قسە دەکەم. بێ پسانەوە. رقم لە بێدەنگییە. هەمیشە بابەتێکم پێیە، لە پەرداخ و دەورییەکانەوە بگرە تا فیلسووفەکان. جارێکیان پێم وت "هیوم" پێی وایە کە ئەگەرچی هەستەکان تاقە سەرچاوەی زانیاریی مرۆڤن، بەڵام بڕوایان پێ ناکرێ. هەربۆیە مرۆڤ لەناو زانیارییە بێ بنەماکاندا دەژی. ئەو زانیارییانەی کە دەکرێ زانیاری نەبن، بەڵام وەک زانیاری دەنوێنن. وتم هەربۆیە دەکرێ ئەم پەنجەرەیە کە بۆ ئێمە پەنجەرەیە، پەنجەرەش نەبێ. یان دەرەوە، دەرەوەش هەروەها. سەری بەرز کردەوە. بە قوڵی لێمی رووانی. شەوق دانەوەی گڵۆپی ژوورەکە لەسەر چاویلکەکەی نەیاندەهێشت بزانم رەنگی چاوی چییە. تیشکەکان لە سەر شووشەکان گەمەیان دەکرد. هەستم کرد یەکێک لە شەوقەکان شینە، شینێکی تێپەڕ، گوزەرا. درێژم بە قسەکانم دا. وتم هەربۆیە دەکرێ حەوشەیش هەر وەک پەنجەرەکە وابێت. لەوێیە و لەوێ نییە. کۆڵان، شەقام، کێوەکان و ئاسمـ ... لێرەدا وەها لێم راما کە راوەستام. پشوویەک. هەستام دەستم بۆ لێوانەکەی برد چاییەکی بۆ تێکەم. وتم چایی سەیلانە. کەمێکم کڕی بەس بۆ ئەوەی بزانم تامی چۆنە. زۆر باسی دەکەن، بیخۆرەوە! زەردەخەنەیەک گرتی. ئەوجار بە دەنگی بەرز پێکەنین. پێکەنی. کە پێدەکەنی، گەردنی دەکێشا، سەر بەرزدەکردەوەو شانەکانی بە توندی رادەتڵەکان. قوڕگی گرێ گرێی چەند ترسناک دەهاتە بەرچاوم.

ئەو کەمتر منی داوەت دەکرد. کە دەشیکردم، سەرمێزەکەی تەنیا کتێبەکانی لێبوون. کاغەزەکان ون دەبوون. لە شوێنێک رەنگە لە ناو جانتایەکدا یان رەنگە لەناو نایلۆن یان لە پشت ئەو کتێبانەیدا کە لە رەفەکاندا لە پاڵ یەکترەوە، شان جووت، راوەستابوون. چاوم جوان جوان دەگێڕا. تەنیا کتێب و وێنەی سێ کەس بە

دیوارەوە ... دایک، باوک لە گەڵ خوشکێک لە تەمەنی یازدەساڵیدا. جارێکیان وتی دەزانی ئاسمان لە سفری "دە" دەچێ؟ سفرێک کە یەکەکەی لە دەست داوە؟ ئەو شەوە ئەو لە ژوورەکەی باسی ئەشقی پشت کۆمەکەی ڤیکتۆر هۆگۆی بۆ کردم. وتی دەکرێ ناشیرینترین و ناحەزترین مرۆڤ بیت و کەچی ئاشقی جوانترین کچیش بیت. وتی ئەشقێکی کارەساتاوی. وتم رەنگە گوناهی کلیسا بێت. وتی نا، کلیسا نەبایە، نە دەژیا و نە دەیتوانی خۆی لە ژووره تاریکەکانی دا حەشار بدات. وتی لەو ژوورانەدا نەبایە، نەیدەتوانی لە گەڵ خولیاکەی بژی. تاریکی متمانەی پی دەبەخشی.

جگە لە پەردە، شووشەکانی پەنجەرەکەی بە رۆژنامەیش داپۆشراوە. رۆژنامە کۆن و زەردەکان، کە پڕن لە بابەتەکانی چەندین مانگ یان چەندین ساڵ لەمەوبەر. هەواڵی بوردوومانێک سەرنجم رادەکێشێ. سەدان کوژراو و بریندار لە شارێکی نە چەندان دوور لە سنوور. هەواڵەکە لابەلایە. دەبێ خۆی بۆ بچەرخێنی بۆ ئەوەی بتوانی بیخوێنیتەوە. هەواڵێکی کۆنی هەمیشە تازە. بۆ خۆی دەڵێ بە رێکەوت ئەم هەواڵە لە سەر شووشەکەیە. بە رێکەوتیش خوارە. بە رێکەوتیش تۆ دەیخوێنیتەوە. سەیری وێنەکان دەکەمەوە. بیردەکەمەوە رەنگە بە رێکەوتیش ئەوان لە ناو ئەم هەواڵەدان.

نازانم. رەنگە رۆژێک یەکێک لەو کاغەزانە لە گەڵ خۆی بەرێتە دەرێ و لە کاتێکدا کتێبەکانی لێ دەکەونە خوارەوە، کاغەزەکە با بیبات و دوواتر منیش لە بن دیوارێکدا لە کۆڵانێکی رێکەوت دا بیدۆزمەوە. چاوەروانی ئەو رۆژەم. بەڵام بێهوودەیە. کتێبەکان لە نێویاندا جگە لە نووسینەکانی خۆیان هیچی دیکەیان تێدا نیە. ئەو نووسینانەی کە با ناتوانێ بیانبا.

سەرئەنجام رۆژێک نەخۆشی رووی تێکرد. لە ژوورەوە چەند رۆژ کەوت. نەخۆشییەکی خراپ. دکتۆر وتی دەبێ لە خەستە خانە لە ژێر چاوەدێریدا بێت. بە دڕدۆنگییەوە سەیری دکتۆرەکەی کرد. سەیری منیش. ئەو رۆژەی بردیان، کلیلەکەی دایە دەست من و لە کاتێکدا لە سەر برانکاردەکە چاوی نوقاندبوو، سواری ئامبوڵانسەکەیان کرد. پێی وتم تا دێتەوە با پەنجەرەکە بتوانێ لە ئاسمان بڕوانێ.

دەرگاکەم کردەوە. ژوورەکە و کتێبەکانم کەمێک ڕێک و پێک کرد. ئەوسا پەردەکەم لادا. ڕۆژنامە کۆنەکانم لێکردنەوە. هەواڵەکە نەبێ، ئەوانی دیکەم خستە ناو زبڵدانەوە. هەواڵەکەم هەڵگرت. لە نێو کتێبێکی خۆمدا. ئەوسا پەنجەرەکەم کردەوە و لەوێوە کەسێک (من) بۆ یەکەم جار دووای ساڵانی ساڵ لە حەوشە و لە ئاسمان و لە باڵندەکانی ڕووانی. سێ وێنەکەم داگرت و بە پەڕۆیەکی تەڕ تۆزەکانیم سڕی. سێ وێنەی ڕەش و سپی. ئەو سپیانەی وا ئیستا ڕەش بووبوونەوە. چاوم بۆ کاغەزەکانی گێڕا. حەزی گەڕان گرتمی. سەر مێزەکە، ناو چەکمەجەکان، نێوان کتێبەکان، پشتەوەیان، جانتاکەی. لەوێ نەبوون. نابێ! دەبێ لە شوێنێک بێ هەر لەم ژوورەدا! کتوپڕ بەشێکی هەڵمساوی فەرشەکە سەرنجی ڕاکێشام. هەڵمدایەوە. لەوێ بوون. دەرم هێنان. پێش ئەوەی لە سەر مێزەکە دەست بکەم بە سەیرکردنیان، گڵۆپەکەشم هەڵکرد. ئاە، دەیان پەڕە لە وێنەی ئاسمان، لە گەڵ وێنەی بچووکی پەنجەرەیەک لە گوشەی خوارەوە، ... هەروەها ئەو باڵندانەی کە لە فڕۆکەیان دەکرد. ئەو باڵندانەی کە لە باڵندەوە بەرەبەرەدەبوون بە فڕۆکە. بیری هەواڵی خواری ڕۆژنامەکە کەوتمەوە.

## دەرگای نێوان ساڵەکان

لای من ساڵەکان وەک ژوورەکان وان. ئەو ژوورانەی کە لە نێوانیاندا دەرگا هەیە. دەرگاکان. وەک چۆن بۆ ئەوەی لەم ژوورەوە بچیتە ژوورەکەی تر تەنیا ئەوەندە بەسە دەرگاکە بکەیتەوە، ئاوایش دەتوانی بە کردنەوەی دەرگا لەم ساڵەوە بچیتە ناو ساڵەکەی تر. تەنانەت بە پێچەوانەوە. واتە دەکرێ لە ساڵێکەوە بگەڕێیتەوە بۆ ساڵەکەی پێشووتری. تەنیا پێویستە دەرگاکە جارێکی تر بکەیتەوە.
من ئەمە دەکەم. من دەرگای ساڵەکان دەکەمەوە و دەگەڕێمەوە ناویان.
بە پێچەوانەی ژوورەکان کە دەکرێ گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ، ژووری ساڵەکان ناگۆڕدرێن. هەر هەمانن. جۆری شتەکان و تەنانەت مرۆڤەکانیش. ئا، بۆنەکانیش.
جارێکیان حەزم کرد بۆ ژووری ئەو ساڵەی بگەڕێمەوە کە تەمەنم دوانزە ساڵان بوو. تەنیا کارێ کردم ئەوە بوو بێ ئەوەی بجوڵێم هەستام و درگای نێوان ساڵی دووهەزار و یازدە و دووهەزار و دەم کردەوە. ئەوجار بەرەودوا، ... درگاکانی تر. رێک سی و چوار دەرگا.
سەیر ئەوەیە کە دەگەڕێیتەوە، تەنیا ئەو ساڵە دەبینیتەوە کە مەبەستتە. واتە ئەگەرچی خەریکی بە ناو ساڵەکانی تر یاخود ژوورەکانی تردا تێدەپەڕی، بەڵام نایانبینی. تۆ نایانبینی یان ئەوان خۆیان بە دەستەوە نادەن، نازانم. بەس ئەوەندە

دەزانم کە نابیندرێن. لە کاتی تێپەڕیندا هەموو شتێک وەک تابۆ و بوومەلێڵ دێتە بەرچاو. کە گەیشتیشی، ژووری ئەو ساڵە ئەوەندە روون و خۆبەدەستەوەدەرە، کە پێت سەیرە. ئیتر هەر ئەوەندەت بە دەستەوە دەمێنێتەوە کە دانیشیت و بە دڵی خۆت ئەو ساڵە یاخود چرکەیەک لەو ساڵە بەسەرکەیتەوە.
وەک وتم جارێکیان حەزم کرد بۆ ژووری دووازدە ساڵی بگەڕێمەوە. نازانم بۆ رێک ئەو ساڵە. رەنگە لەبەر ئەوەی کە ساڵی پێش رووداوێکی گەورە بوو، رووداوی ١٩٧٩، یان رەنگە لەبەر ئەوەی کە من پێم وایە لە دووانزە بەولاوە ئیتر مێشک سەردەمی منداڵی بە جۆرێک جیدێڵێ. بە هەرحاڵ ئەو جارەیش دەرگاکانم کردەوەو گەڕامەوە. هەمیشەیش بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە، سەرەتا دەرگای ژوورەکەی خۆم دادەخست. کەس بۆی نەبوو لەو کاتەدا، لە کاتی سەفەرە نائاساییەکانی مندا بێتە ژوورەکەمەوە. نە ژن و نە منداڵ. تەنیا خۆم و ژوورەکەم و ئەو کەل و پەلانەی کە سالانی ساڵ بوو خویان دابووە بێدەنگیی ژوورەکە.
ئەم جارەیش وەک هەموو جارەکانی تر گەیشتم. حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە من هەمیشە لە گەیشتنەکانمدا سەرکەوتوو بووم. من هەمیشە گەیشتووم بەو شتەی کە مەبەستم بووە. رەنگە پێتان سەیر بێت. بەڵام راوەستن! پێتان سەیر نەبێت، چونکە من هەمیشە ئەو شتانەم لە ژیانمدا داوا کردووە کە پێگەیشتنی ئاسان بووە. من مرۆڤێکم زۆر خۆم زەحمەت نادەم. بەڵام نابێ لە بیریشت بچێ کە گەر ویستت خۆت زەحمەت نەدەی دەبێ ئاستی خەونەکانیشت دابەزێنی. وەک وتم ئەم جارەیش گەیشتم. کە گەیشتمە ژووری ئەو ساڵە، دیتم من و دایک و باوک و خوشک و براکانم لەوێ دانیشتووین. کەس منی نەبینی. من ئارام دەرگاکەم بەست و چووم لە سەرەوە لە لای خۆم دانیشتم. خۆم، خەریکی سەیری تەلەفزیۆن و کایە و گاڵتە کردن لە گەڵ خوشک و براکانی بوو. جوان لە خۆم روانی. چەند منداڵ دەهاتە بەرچاوم. بیرم هاتەوە کە ئەو کاتانە من نەمدەزانی چەندە منداڵم، بەڵام دەمزانی گەورەکان چەندە گەورەن، وەها کە پێم وابوو مەودایەکی یەکجار زۆر لە نێوان من و ئەواندا هەیە. پێکەنینم دێت. ئیستا کە بیر لەمە دەکەمەوە، بە راستی پێکەنینم دێت.
جوان سەیری سیماکانی تر دەکەم. لە هەرە گەورەیانەوە تا هەرە بچووکیان، کە باوکم بێت تا براکەم. باوکم لە تەمەنی ئیستای من گەلێک گەنجترە. ئەوەندە گەنج

که هیچ تاڵێکی سپی نە بە لاجانگییەوە دەبیندرێ و نە بە قژییەوە. ڕەنگە لەو تەمەنەیدایە کە من تێیدا لە سنوورەکان دەپەڕیمەوە، ئەو کاتانەی وا تێیدا هیچ دەرفەتێک بۆ بیرکردنەوە لە منداڵی نەدەڕەخسا. براکەیشم ئەوەندە منداڵ بوو کە تەنیا خەریکی مژینی لێوەکانی خۆی بوو. هەستام، تەک تەک لە تەنیشت هەموویاندا دانیشتم. قۆلم خستە سەر شانیان. ماچم کردن. ڕوومەتم بە ڕوومەتیانەوە نا. تەنانەت هی خۆیشم. ڕووبەڕوویان دانیشتم و لە چاوەکانیانم ڕووانی، بەڵام کەس منی نەدەدیت. هەستام گەڕامەوە لای براکەم. وەک ساڵان مەمکە مژەکەم هەڵگرت و لە دەمیم نا. مەمکەمژەکەی گرت! ئەوسا ئەویش وەک من لە چاوانی منی ڕوانی. ئەو منی دەبینی! بە ترسەوە کشامەوە. ترسی ئەوەی بمنینن دایگرتم. سەیری دەورووبەری خۆم کرد. نا، وەک جاران بوو. ئاە، چ دەبوو ئەوانیش منیان دیتبا؟ تەنانەت خۆیشم. گەڕامەوە سەر براکەم. نیگاکەی وەک جاران. منی دەبینی. زەردەخەنەیەک گرتی، وەها کە مەمکەمژەکە لە سەر لێوی کەوتە خوار. ئارام کشامەوەو چووم لە تەنیشت دایکما دانیشتم و سەرم کردە سەر ڕانی. تەلەفزیۆن، سڕیاڵێکی ساڵانی هەفتای (زایین) لە سەر بوو. هەندێک لە ئەکتەرەکانی لەمێژ بوو مردبوون.
نازانم چەندەی خایان. بە ڕاستی خۆش بوو. ئەو شەوە حەزم نەدەکرد بگەڕێمەوە بۆ ساڵی دوو هەزار و یازدە. ئەو شەوە چیدی حەزم نەدەکرد سی و شەش دەرگای تر بەرە داهاتوو بکەمەوە. وەڕەز لە دەرگاکردنەوەکان، هەروا سەر لە سەر ڕانی دایکم دیسان سەیری ئەو فیلمەم کردەوە کە ئەو کات بینیبووم.
کتوپڕ دەرگا کرایەوە. لە خەیاڵی ئەوەی وەک جاران یەکێک لە منداڵەکان یان ڕەنگە خۆم دەچێ بۆ ئاودەست یان ئاوخواردنەوە، زۆر گوێم نەدایە. بەڵام سێبەری کەسێک هاتە ژوور و لەوێ لە بەر دەرگادا ڕاوەستا کە لە سێبەری منداڵ نەدەچوو. گەورە بوو، گەلێک باڵابەرزتر تەنانەت لە دایک و باوکیشم. لام کردەوەو سەرم هەڵبڕی. خاڵم بوو. نیگامان لە نیگای یەکتر چەقی. ئەو ڕاوەستا و من ڕاچەنیم. نیگای لە سەرسووڕمانەوە بوو بە بزە و منیش هەڵاتم و باوەشم پیاکرد. ئەوسا پێکەوە دانیشتین.
ـ ئەوە لێرە چی ئەکەی؟ تۆ کەی فێری ئەم هاتنەوانە بوویت؟
من کە لە دیتنی تێر نەدەبووم، وتم:

ـ من له مێژه فێری ئەم گەڕانەوانە بووم. تەنانەت بۆ لای تۆیش گەڕاومەتەوە. چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە ئاوا بە تووشت ببمەوە.
لەم کاتەدا خۆمی دوازدە ساڵ هەستا و بە ناو من و خاڵم دا گوزەری کرد و چوو بۆ ئاشپەزخانە بۆ هێنانی شتێک. وتی:
ـ لەمە خۆشتر نەبووە، تەنیا ئەوەندەی دەوێ کە غیرەتی دەرگاکردنەوەکانت هەبێ. ئیتر زۆر راحەتە! ئاخر بۆ خۆت رەنگە باشتر بزانی، کەم کەس دەوێرێ دەرگاکانی رابردووە بکاتەوە.
من کە هێشتا لە بەر خۆشی، خۆم بۆ کۆنەدەکرایەوە، وتم:
ـ سەیرە! کەمێک گەورەتر لەو ساڵەی دەنوێنی کە بۆ دوا جار بینیمی.
پێکەنی و وتی:
ـ ئەرێ، دوو ساڵ گەورەتر. من لە دوو ساڵ دووای ئەو ساڵەوە دێم کە تۆ بۆ دوواجار منت بینی.
ئەوجار ئەوەم بینی کە نەدەبا بینینم، کونێک بە سەرییەوەو کونێکی تریش بە سەر شانییەوە، رێک لە پەنای گەردنیدا. بیرم هاتەوە. داچڵەکام. ئەو کە ئەمەی بینی، وتی:
ـ پێت سەیر نەبێ، ئەمەت لەوە پێش بینیووە. من رێک لەو ساڵەوە دێمەوە، لە ئاخرساڵی تەمەنمەوە.
دوواتر وتی:
ـ بەڵام تۆ یەکجار گەورە بووی،... تەنانەت کەمێکیش پیر بووی. لە ساڵی چەندەوە دێیتەوە؟
ـ لە ساڵی ٢٠١١ وە.
ـ ئەها! (کەمێک راوەستا) بیست و شەش ساڵ دووای من. یانی تۆ ئیستا بیست و شەش ساڵ لە من گەورەتری.
ئەمەی وت و زەردەخەنەیەک گرتی. منیش وتم:
ـ باشە سەیر نیە کە هەم تۆ توانیووتە بگەڕێیتەوە و هەم من؟ جگە لەوە ئێمە چۆن دەتووانین یەکتر ببینین؟ ئەی ئەوانی تر (لێرەدا دەستم راداشت بۆ بنەماڵەکەم) پێت وایە بتوانن ئێمە ببینن؟

ـ وەک دەبینی ئەوان ئێمە نابینن. من و تۆیش بۆیە دەتوانین بگەڕێینەوە چونکە بەشێکمان لێرە ماوەتەوە، جگە لەوە من و تۆ سەرەڕای جیاوازییەکانمان (ئەوەی کە تۆ هێشتا زیندوویت و من مردووم)، دەتوانین یەکتر ببینین چونکە زۆر تاسەی یەکتر دەکەین.

ئەوسا دایە قاقای پێکەنین و وتی:

ـ سەیر کە ئەوە تۆی ئەو ساڵانەی، لەوێدا دانیشتووی. من زۆر جار تامەزرۆی ئەو رواڵەتەت دەکەم. دەزانی لەو تەمەنەدا زۆر شیرین و نەگبەت و گوناح دەهاتیتە بەرچاوم. لە بیرت دێت هەمیشە لە گەڵ خۆما دەمبردی بۆ سینەما؟ دەچووم بۆ سینەما لەبەر تۆ، ئا زۆرتر لە بەر تۆ، نەک لە بەر خۆم. زۆر حەزم بە تێرکردنی چاوە برسییەکانت بوو!

ـ چۆن منت ناسییەوە؟ دووای بیست و شەش ساڵ گاڵتە نیە.

ـ زۆر سادە، تۆ و ئەو هەر دووکتان لێرەن.

لەم کاتەدا سەیری خۆم کرد. لە مەتبەق گەڕابوویەوە و ئەمجارە لە بەردەم تەلەفزیۆنەکەدا دانیشتبوو و سەیری فیلمی دەکرد. وتم:

ـ زۆر سەیرە منیش کە ئیستا سەیری خۆمی ئەوکات دەکەم، هەر ئەم بۆچوونانەی تۆم هەیە لە سەر ئەو کاتی خۆم. بەڵام بەو جیاوازییەوە کە بەزەیم بە خۆمدا نایەت.

ـ دەزانی ئەو بەزەییانە بوو کە منی بەرەو ساڵی ١٩٨٦ برد. من بەزەییم بە کەسی وەک تۆدا هات و لە پێناویا رۆیشتم و کەچی ئیستا تۆ دەژیت. سەیر نیە!

ـ دەبا منیش بمرم؟

لێرەدا راما. گرژ گرژ لێمی ڕووانی و وتی:

ـ بە پێچەوانەوە. بەڵام دەزانم ژیانتان ئاسوودە نیە. ژیانکردن لە گەڵ مەرگە زووەکاندا ژیانی داهاتوو زۆر ئاڵۆز دەکا.

براکەم لەم کاتەدا دەستی کرد بە گریان. دایکم هەستا و مەمکی دایە. ئەو دایکەی کە ئەو کاتیش هەروا مات و بێدەنگ بوو.

وتم:

ـ ئاگات لێیە زۆر لە تۆ دەچێ، گەر پیاو بایە، یان رەنگە ئەوەندەی منداڵ نەبایە، ئەویش چارەنووسی تۆی دەبوو.
خاڵم بە وردی لە خوشکی راما و گوتی:
ـ جاروبارە هەست دەکەم لای منە. راست دەکەی، منیش پێم وایە.
ـ دەزانی، زۆر باش بوو کە ئەمجارە حەزی گەڕانەوەی هەردووکمان لە سەر یەک ساڵ گیرسانەوە. دەرفەتی چاک بوو بۆ بینینەوەی یەکتر. باشە، کاتێک کە تۆ دەگەڕێیتەوە هەر ئاوا لە دوورەوە دادەنیشی یان وەک من دەچیتە لایان و دەست دەخەیتە سەر شانیان و رووبەڕوویان دادەنیشی و ورد ورد لە ناوچاوانیان دەڕوانی؟
خاڵم لێرەدا سەری هەڵبڕی و ورد لە منداڵەکانی روانی. ئەوجار وتی:
ـ دەزانی، من ناتوانم وەک تۆ بکەم (بە پەنجە ئاماژەی بە کونەکانی سەر سەر و سەر شانی کرد). من جەستەم بریندارە و هێشتا ئازارم هەیە. جگە لەوە تەرمەکان تەنانەت وەک رۆحیش وەک تاپۆیش تا لە منداڵەکان دوور بن کەمە.
ـ لە بیرتە ئەو ساڵە پێکەوە هاتین بۆ ئەم ماڵە؟ ئەمان هەموویان لە شارێکی تر بوون و من و تۆیش بۆ کارێک هاتین؟
پێکەنی. جوان لە بیری بوو.
ئەو شەوە لە حەوشە تا درەنگان ئەستێرەکانی پیشان دام و باسی ئەوانی بۆ کردم. باسی گەلاوێژ، باسی حەوت برا، باسی کاروان کوژە. شەوێکی هاوینی بوو لە حەوشەیەکدا بە کەپرێکەوە بە سەر حەوزێکی چوارگۆشەدا. کە شەو دەهات ماسییەکان لە شوێنێکدا لەو بن بنەوە کۆ دەبوونەوە و بێ جوڵە هەتا رووناکیی رۆژی دوواتر گوێیان لە دەنگی گەڵای شەوانی هاوینی بەر بایان دەگرت.
من کە بە بینینی خاڵم، سەرنجم دابەش بووبوو، رووم تێکرد و وتم: "کەی بگەڕێینەوە؟" وەک بڵێی گەڕانەوە زیاتر ئەوم پێ دەبەخشێ.
کە بە تەنیا سەفەرم دەکرد، گەر شەو بایە، هەتا دەورووبەری سەعاتی دووانزەی شەو دەمامەوە. رادەوەستام تا جێگایان رادەخست و ئارام ئارام خەویان لێدەکەوت. بە تایبەت زۆر جوان سەرنجی خۆم دەدا. چەند بە نائارامی خەو دەبیردمەوە. سەرم لە بێ ئۆقرەییەکانی خۆم سوور دەما. کە خەویشم لێدەکەوت ئەوەندە خەوم

قورس بوو کە بە زەحمەت بەخەبەر دەھاتم. ئەویش وەک من هەمیشە تا کاتی نووستن رادەوەستا.
ئەو شەوە پێکەوە گەڕاینەوە. بۆ یەکەم جار لەم جۆرە سەفەرانەمدا بووم بە خاوەن هاوڕێیەک. هاوڕێیەکی شەبەح ئاسا. کە گەیشتینە ساڵی ١٩٨٦ راوەستاین. شوێنی راوەستانەکەمان دارستانێکی قەراغ شار بوو. دارستانێک کە هێشتا بە سەر یەکێک لە لکەکانی درەختی سەر کێلێکەوە، ناونیشانێکی سوور دەبینرا کە دەستی زەمەن رەنگەکەی ون کردبوو. با و باران و بەفر و رەهێڵە، مشتبوویان. کە راوەستاین، هەر دوو بێدەنگ کەمێک لە یەکترمان رووانی. نە من تازە دەمتوانی لەم دارستانە بمێنمەوە و نە ئەو تازە دەیتوانی بێت بۆ ناو ژووری ٢٠١١. وتم:
ـ هەمیشە رقم لەم ساڵە بووە، رقم لە ١٩٨٦ بووە، بەڵام جارەکەی تر گەر بێمەوە، دێم بۆ ئەم ژوورە.
زەردەخەنەیەکی تاڵ لێوانی گەست. وتی:
ـ هەندێک لە ساڵەکان دەبێ فەرامۆش بکرێن. هەندێک لە ساڵەکان دەبێ تەنیا بە نێویاندا گوزەر بکەیت.
کە جیا بووینەوە، دیتم ئارام لە ناو دارستانەکەدا تاریکی قوتی دا. وەک سێبەرێک، لە سێبەرێکی تردا ون بوو. منیش بە ناو ژوورەکانی تردا گەڕامەوە.
کە گەڕامەوە بیرم لە ساڵەکانی ٢٠١١ و ١٩٨٦ و ١٩٧٨ کردەوە. ژمارەی یەک، ژمارەی هاوبەشی هەر سێکیان بوو. بیرم کردەوە مرۆڤ زۆر لە یەک لە ژمارە یەک دەچێ. یەکێکی هەمیشە یەک!

## ژووری چاوەڕوانی

دادەنیشین. ژووری چاوەڕوانییەکە زۆر گەورە نیە، بەڵام چاوەڕوانییەکان دەڵێی گەورەن. لە سیمای چاوەڕوانەکاندا بێتاقەتی و وەڕزەی دەبینرێ. بیر دەکەمەوە "ئێمەیش وەهامان لێ بەسەردێت" رەنگە هەر لە ئیستایشەوە بەسەرمان هاتبێ، چونکە کە دادەنیشم بە وەڕەزییەوە دادەنیشم. چبکەم؟ چۆن ئەم کاتانە بەڕێ بکەم؟ بە دەوری خۆمدا چاو دەگێڕم. چاو لەو ژنەی دەکەمەوە لە گەڵمدایە. منداڵە شیرەخۆرەکەی بە باوەشەوەیەو خەریکە مەمکی دەداتێ. منداڵەکەی تریشی هەر وەک هەمیشە بە بێ قەراری هەستاوەتە سەرپێ و بە شوێن شتێکدا دەگەڕێ، شتێک کە کاتە وەڕەزاوییەکانی خۆی لە گەڵ بە سەر ببا. منداڵەکە، کە سەرەتا وڕی سیما نەناسراوەکانە، کتوپڕ کەرەسەی یارییەکان لە سوچێکی ژوورەکەدا سەرنجی رادەکێشن و دەستبەجێ بەرەولایان رادەکا. شادییەکی سەیر سیمای دادەگرێ. لا دەکاتەوە و دایکی بە دەنگی بەرز دەدوێنێ. خۆشحاڵ، دەیەوێ ئەم هەستەی خۆی لە گەڵ دایکی دابەش بکا، بەڵام دەنگ تەنیا ئەو دەنگە سەیرانەی کە لە زمان ناچن، ئەو پیتانەی کە تەنیا لە " ئا" یەکی کێشداردا خۆیان دەبیننەوە. هەربۆیە دایکەکە دەڵێی زۆر مەیلی ئەم دابەش کردنەی نیە. کچەکە کەڕە و شەکانی سەر زاری خۆی ناناسێتەوە. هەست دەکەم دایکی وەک هەمیشە ناڕازی،

به خەمێکی قووڵەوە وەڵامی کچەکەی دەداتەوە. من کە بۆ ماوەیەک لەم دیمەنە دەڕوانم، سەرئەنجام چاوی لێ هەڵدەگرم و خۆم بە شتەکانی دیکەوە خەریک دەکەم. چوار ژن و دوو پیاو و منداڵێکی دیکە. منداڵێک کەمێک کشاوەتر لە کچەکە، بەڵام ئارام و بێدەنگ کە پاڵی بە باوکییەوە داوە. ئەو منداڵە جاری وایە بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەو کچە دەکا کە لە گۆشەی ژوورەکەدا بە یارییەکانەوە خەریکە. بێگومان یەکەم جارە منداڵی کەڕ و لاڵ دەبینێ، یان رەنگە تەنیا سەری لەوە سووڕماوە کە بۆچی ئەو کچە ئاوا دەدوێ.
دەست دەبەم جانتاکەم دەکەمەوە. جانتایەکی رەش بۆ کۆمپیوتەر کە ئیستاکە تەنیا کتێبی تیایە. ئەم جانتایەم هەمیشە لە گەڵە. لە گەڵمە بۆ کاتی کاتە وەڕەزەکان، یان بۆ بێ تاقەتییەکان، هەروەها بۆ کاتی چاوەڕوانییەکان. ژیان پڕیە لەم سیانە. نازانم جیاوازیی نێوان وەڕەزیی و بێتاقەتی چییە، بەڵام دەزانم جیان... وەڕەزی، بە هێزترە. شتێکە نزیک لەوەی کە پیاو هەستێ و ئیتر پاڵ بە شتێکەوە بنێ، رەنگە پاڵ بە کاتەوە. بەڵام بێ تاقەتی دانیشتنێکی بێهوودەیە بە بێ ئەوەی شتێک بکەی. دەشزانم کە هەوێنی هەردووکیان چاوەڕوانییە. چاوەڕوانیی چی؟ من لە مێژە ئیدی چاوەڕوانی هیچ شتێک نیم. بە بێ چاوەڕوانیش، ژیان هەر دەڕوا، رەنگە باشتریش... کە کتێبەکە لە جانتاکەم دەردێنم، دەزانم کە بە خوێندنەوەی لاپەڕەکان بۆ جارێکی تر وەڕەزی و بێتاقەتی و چاوەڕووانییەکان بۆ چەند چرکەیەکیش بێت فەرامۆش دەکەم. خۆشییەک دامدەگرێ.
خەریکی خوێندنەوەم. دەنگ و پیتە بێ ماناکانی کچەکە ئیستا تێکەڵ بە دەنگی کەرەسەی یارییەکان و جارجارە تەقەی بەرزی ئەو کتری و پیاڵە پلاستیکییە رەقانەی کە لە دەستی بەر دەبنەوە. کتوپڕ دکتۆرێک دێت، ناوێک دەخوێنێتەوە. ناوەکە ناگرم، بەڵام دەزانم ناوە! دانەیەک لە ژنەکان کە لە تەمەنی مام ناوەندیدایە هەڵدەستێ و لە گەڵ دکتۆر دەڕوا. لە یەکێک لە ژوورەکاندا ون دەبێ. لە بەر خۆمەوە دەڵێم خۆزگەم بە خۆی! بیرم دێتەوە کە هاوکارەکەم پێی وتم رەنگە شەش سەعاتێک لەوێ چاوەڕوان بیت. وتی رەنگە منداڵە شیرەخۆرەکە بەرنە ژووری نەشتەرگەری. سەرم هەڵبڕی و سەیری منداڵە شیرەخۆرەکەم کرد. نوستووە. کەچی مەمکەکە هەر وا بە دەرەوەیە. رەش و تۆکمە و سەرنجراکێش.

خەریکی خوێندنەوە دەبم. چیرۆکی منداڵێک کە باوکی فاشیستە و بەرپرسی یەکێک لەو ئوردووگایانەیە کە جوولەکەکانی تیا پەستێوراوە. منداڵەکە کە وەرەز و بێ هاورێیە، بە دزییەوە لە گەڵ یەکێک لە منداڵە جوولەکەکان دەبێ بە دۆست. هەفتەی چەند جارێک دچێ و لە پشت تێڵ دڕووەکانەوە بە دزییەوە یەکتر دەبینن. نە ئەم و نە ئەو نازانن بۆ ژیان وەهایە. نە ئەم دەزانێ بۆ ئەو خەڵکە لە پشت تێڵ دڕووەکانەوەن و نە ئەویش دەزانێ بۆچی لێرە وا تێک چەپێنراون. منداڵەکانی دەستی ساتە وەڕەزکان و ساتە بێ تاقەت و پڕ لە چاوەروانییەکان. لە نیوەی کتێبەکە لامداوە و ئیتر بۆیە تەواو بۆم سەرنجڕاکێشە.
کتوپڕ دەنگی دکتۆرێکی تر. ناوێک کە نایگرم، بەڵام دەزانم ناوە. ژنێکی بە تەمەن لە گەڵ دکتۆر دەڕوا. ئەویش لە پشت یەکێک لە دەرگاکانەوە بزر دەبێ. لەم کاتەدا دەزانم کە دوو کەسی دیکە بە خەڵکەکە زیادکراون. دوو چاوەڕوانی دیکە. من کە سەرم لە سەر کتێبەکە هەڵگرتووە، جوان بۆ جارێکی تر سەرنج دەدەمەوە ژوورەکە بە هەموو شتێکییەوە. کچەکە ئیستا ئیتر یەکجار دەنگە دەنگ دەکا. پەیتاپەیتایش کترییە لاستیکییە رەقەکەی لێ دەکەوێتە خوار و دەنگی رەق و ناخۆشی لە سەر موزاییکەکان مێشک دەسمێ. چاو بە سیماکاندا دەگێڕێ. کەس هیچ ناڵێ، بەڵام نیگاکانیان لە نێوان منداڵەکەدا و دایکەکەیدا دێن و دەچن. وەک بڵێی بە چاو دەنگی دەدەن کە زیاتر ئاگای لە منداڵەکەی بێت. بەڵام دایکەکە ئەم نیگایانە نابینێ. بە مەمکێکی بە دەرەوە دانیشتووەو و لە شتێک وڕماوە. دوو دانە لە پیرێژنەکان سرتەیەک لە گەڵ یەکتر دەکەن و دیسان سەیری دایکەکە دەکەنەوە. لە منداڵەکە دەڕوانم. دەم دەکەمەوە شتێک بڵێم، بەڵام نایڵێم. کتێبەکە دەکەمەوەو دیسان دەخوێنمەوە.
منداڵی پیاوە فاشیستەکە بڕیاری داوە بچێتە ناو کەمپەکەوە. هاوڕێکەی جل و بەرگی تایبەتی خۆیانی بۆ هێناوە. جل و بەرگێکی خەتی خەتیی رەش و سپیی تایبەت بە زیندانییەکان. ئەمیش لە بەری دەکا و ئاودیوی تێڵ دڕووەکان دەبێ. ئاودیوی ئەو کەمپەی مرۆڤەکانی تیا دەسووتێنن. دیسان دەنگی تەقەی کەوتنە خوارەوەی کتری و گلاسە رەقە پلاستیکییەکان. سەر هەڵدەبڕمەوە، سیماکانی بەرامبەرم جگە لە ژنێکی تازەی چاوەڕوان کە بە بزەوە لە منداڵە شیرخۆرەکە دەڕوانێ، هەموویان یەکجار گرژ دێنە بەر چاوم. سەر دەخەمەوەوە سەر کتێبەکەم.

سەربازەکان دەروری گروپێک دەدەن و بە پاڵەپەستۆ کۆیان دەکەنەوەو لە ژوورێکی یەکجار گەورەیان دەپەستێون. باران دەبارێ و مرۆڤەکان تەڕن. خۆشیی ئەوەی کە سەرئەنجام سەرپەناهێک لە خۆیان دەگرێ، بە جەستەی برسیی و لاوازیاندا دەگەڕێ. ئەو خۆشییەی کە دووای کەمێک، گازی خنکێنەری پیا دەکرێ. لە رۆچنەی سەقفەکانەوە ئەو سیما ماکس پۆشانەی کە هەورێکی رەش دەکەن بە ئاسمانی ژوورەکە. ئاه، چ هەستێک دامدەگرێ. دیسان تەقەی کەرەسەی یارییەکان، دیسان ئەو وشانەی کە وشە نین. رق و تووڕەییەکی سەیر دامدەگرێ. دیسان سەر هەڵدەبڕمەوە. وەڕەز لەوەی نە دایکی کچەکە و نە ئەوانی دی هیچ ناڵێن، بڕیار دەدەم دەنگی بدەم. زار دەکەمەوە. لەم کاتەدا کچەکە لادەکاتەوەو سەیرم دەکا. چاومان لە چاوی یەکتردا. ئەو بێدەنگ و من بێدەنگ. پێش ئەوەی من وشەیەک بدرکێنم، ئەو بە زمانی لاڵی دەدوێ: "ئە، ئا ئا ئا،... ئە ئە ئە... با... با با ... بە بەبە..." بیری منداڵە وەڕەزەکانی ناو کتێبەکە دەکەومەوە. منداڵە وەرەزەکانی ناو و دەورووبەری کەمپەکانی سووتاندنی مرۆڤ.
ئارام کتێبەکەم دەبەستم، هەڵدەستم و بەرەو کچەکە دەچم. کتری و گلاسە پلاستیکییەکان هەڵدەگرمەوەو دەیاندەمەوە دەستی. لە کاتێکدا بزەیەک بە روخسارمدا دەگەڕێ، دەست دەکەم بە یاری کردن لە گەڵیدا.

## باغی سێبەر

ماوەیەکە هاتووەتە سەر ئەو رایە کە دونیا بە شێوەیەکی زۆر خراپ بونیات نراوە. بۆ خۆیشی نازانێ بۆ. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر نیە ئەژی، بەڵام هەر لە خۆوە ماندوویەکی سەیر رووی تێکردووە. روو لە هەورەکان دەکا و دەڵێ: "تەنیا لە دونیایەکی خراپدا مرۆڤ ماندوو دەبێ!"

ناوێرێ ئەم رازە لای کەس بدرکێنێ. رازەکە وەک باڵندەیەک لە ئاسمانی میشکی دا دەفڕێ، بێ ئەوەی بتوانێ لە ئاسۆی چاوەکانییەوە ئاودیوی سنوورە نادیارەکان بێت. بیستوویەتی کە شتە خراپەکان دەبێ بڕوخێندرێن و سەرلەنوێ بنیات بکرێنەوە. بەڵام چۆن؟ دونیا نە خانوویەکە و نە باغێک و نە کورەی زستان. چۆن دەکرێ ئەم شتە گەورەو پان و بەرین و بێ سنوورە بڕوخێندرێ و سەرلەنوێ بنیات بنرێتەوە؟

نازانێ بەم پرسیارەی خۆی پێ بکەنێ یان بگری. نە دونیا وازی لێ دێنێ و نە پرسیارەکە. هەمیشە و هەموو کات لەوێدایە. لەوێدان.

دەبێ هەر چۆنێک بێت دەست بە کار بێت و شتێک بکا، بەڵام چۆن؟ رۆژەکان وەک مەنگەنەیەک وان کە رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتر دەیگووشن. ئەمڕۆ و سبەی دوو دەم و ئەویش وەک شەو لە نێوانیاندا. یاخود ئەمشەو و سبەی شەو وەک دوو

دەم و ئەمیش وەک رۆژ لە ناویاندا. یان رەنگە ئەمشەو و دوێ شەو وەک دوو دەم و ئەویش لە نێویاندا و ... ئاە چەند وەڕەزە!

ئێوارەیەک لە نێو باغی حەوشەکەی پشتەوەی خانووکەیان دادەنیشێ و بە وردی بیر دەکاتەوە. بە منداڵیش زۆر رووی لێرە دەکرد. ئەوکات ئێرە شوێنی حەوانەوەی بوو. کە لە گەڕەک و لە منداڵەکان و لە سەگە بەڕەڵاکان وەڕەز دەبوو، رووی لەم حەوشەیە دەکرد. بەو جیاوازییەوە کە ئەو کات ئەم حەوشەیە نوێترین شوێنی حەسانەوەی ئەو بوو. کە حەزی بە بیرکردنەوەیە، روو لەم باغە گچکە خەڵوەتە دەکا لە کاتی سێبەردا. بۆ خۆی ناوی ناوە باغی سێبەر.

مرۆڤی عاقل هەمیشە پلانی هەیە. کە کارێک دەکا، چۆنیەتی و چەندایەتی و ئاکامەکەی لە گەڵ خۆی دەیبا. ئەمیش وا دەکا. سەرەتا بیر دەکاتەوە چۆن بیڕوخێنێ، لە کوێوە بیڕوخێنێ و پاشان لە کوێوە دەست بە دروست کردنەوەی بکاتەوە. لە دەورووبەری دەڕوانێ، ...خانوویەک، حەوشەیەک، حەسارێکی کۆن، لە گەڵ بانی دراوسێکان. هەروەها ئەو چۆلەکە هاوینیانەی کە وەک ئەو ئاشقی سێبەری حەوشەکەی پشتەوەن.

دەست بداتە کوێ؟ دەبێ لە سەر زەوی شوێنێک هەبێ کە لێیەوە بتوانرێ دەست بدرێتە زەوی، وەها کە لێیەوە وەک فەرش رایتڵەکێنی، وەها کە هەموو شتێکی سەر سەری وەک تۆز و وردە زبڵ بۆ هەمیشە بتەکێندرێ. یان دەبێ لەوێ لەو سەرە لە ئاسمان، قەراخێک هەبێ کە لەوێوە بتوانرێ ئاسمان وەک لوولە کاغەزێک لوول بکرێتەوە و بۆ هەمیشە لە شوێنێک فڕێ بدرێت. دوواتر کاغەزێک لە رەنگێکی تر، لەو کاغەزانەی کە ئەم هێشتا هیچ رەنگێکی بۆ نەدۆزیونەتەوە، جێگای بگرێتەوە. بە دەوری خۆیدا دەڕوانێ. لە کوێ قەراغی زەوی بدۆزێتەوە؟ ئەم قەراغە دەکرێ لە هەموو شوێنێک هەبێ و لە هیچ شوێنێکیش نەبێ. لەم حەوشەیە یان دوورتر، یەکجار دوورتر، وەها کە ئەو دەبێ کاڵەی ئاسنی بۆ هەڵبەستێ بۆ دۆزینەوەی. هەڵدەستێ و ورد بە حەوشەکەدا دەست دەکا بە گەڕان. قەراغ حەسارەکان، بن دیوارەکان، نێو گژ و گیای باغەکە، قەراخ چیمەنتۆکان. بە سەر ئەو وردە قڵشانەدا دەکەوێ کە گەرمای هاوین چێی کردوون. لە خەیاڵی قەراغی زەوی، دادەنەوێ و دەستی دەداتێ. دەست لە قڵشێک. هەوڵ دەدا شوێنێک بۆ پەنجەکانی بکاتەوە. کەمێک خاکەکە وەردەدا، بە قەدەر جێ

پەنجەکان. لەو کاتەدا کە دەیەوێ دەستی بداتێ، کتوپڕ مێرووولەیەک و دوواتر مێرووولەکان بە پرتاو دێنە دەر. ئەم دەست دەکێشێتەوە، بەڵام چەند دانەیەک لە مێرووولەکان گەیشتوونەتە دەستی و خەریکی پیاسەیەکی بێهوودەی ناو دارستانی مووەکانن. ورد لێیان دەڕوانێ. "مێرووولەکانی ژێر زەوی! مێرووولەکانی قەراغ زەوی!" پاش ماوەیەک بێ ئەوەی ئیتر بیریان لێ بکاتەوە، پەنجەکانی لە قلشەکە ڕۆدەکا، ...لە یەکەم تەکاندا چەند کلۆ گڵێک بە دەستییەوە دێت. وەها توند دەستی داوەتێ کە خاکەکە بە سەروچاویدا دەپژێ. چاو و دەمی پڕ دەبن لە خۆل. بێزار، ڕوو لە تاقە لوولە ئاوی حەوشەکە دەکا.

تامی خاک چەند سەیرە! چەند بە تام و بێ تامە! هەم تامی ئاو دەدا و هەم تەرم، هەم تامی هەتاو دەدا و هەم تامی تاریکییەکان. بیردەکاتەوە "بڵێی تامی قەراغەکان چۆن بێت؟"
دەچێتەوە باغەکەی حەوشەکەی پشتەوە، ...ناو سێبەرەکە، کە ئیستا سێبەرتر بووە. لەو سێبەرانەی کە چۆلەکەکان ئیدی تاقەتی فڕینیان تیا نەماوە. کەواتە قەراغی دونیا لە حەوشەکەی ئەماندا نیە. دەبێ بڕوا. بێزار لەم فکرەی خۆی لادەکاتەوە و لە سەربانی دراوسێکەیان دەڕوانێ. ئاسمانی سەر بانەکە سەرنجی رادەکێشێ. ئەها، هێشتا دەرفەتێک ماوە. هەڵدەستێ. لە دالْغەی قەراغی ئاسمان، چاو بە چوار دەوری خۆیدا دەگێڕێ. هەر کام لەم بانانە دەکرێ قەراغەکە بن. بەڵام چۆن بتوانێ بیانگاتێ؟ کام سەربانەیە کە دەکرێ لێیەوە ئاسمان وەک کاغەز ببێچێتەوە؟
نزیکترین بان، بانەکەی خۆیانە. لە بەر دەست ترینیشیان. پەیژەیەکی کۆنی دارینە کە لە مێژە ئیتر سەرنجی ئەم راناکێشێ، لە گۆشەی حەوشەکە، دووای چەندین ساڵ سەرنجی رادەکێشێتەوە. پێی سەیرە کە بۆچی لەم ساڵانەی دوواییدا لە بیری کردبوو. لە بیری دێت کە بە منداڵی یەکجار حەزی بەم پەیژەیە بوو. بە دزییەوە پیای هەڵدەگەڕا و لەوێوە سەیری بێ ئەژمار خانووەکان و کێوەکانی دەورووبەری شاری دەکرد. چەند سەیرە کەمێک بەرزتر لە دونیا ڕاوەستی و سەیری شتەکان بکەی. لە سەر بان هەمیشە هەستێکی تێکەڵ دایدەگرت، هەستی لەززەت و تەنیایی. لەوێوە گوێی لە دەنگی هەموو شار بوو. لەوێ، جادە و کۆڵانەکان هاوکات دەدوان و ئەم جوان جوان گوێی لە وشە و رستە لێک ئاڵاو و

نامەفهوومەکانە دەبوو کە هەموو شتێکیان دەگوت و هیچ شتێکیشیان نەدەگوت! بانی بۆ ئەو قەدەغە بوو، بەڵام هەمیشە دەرفەتی خۆدزینەوە وەک دووانەیەک لەویّ لە سووچێکدا خۆی حەشاردابوو.

بەو ئێوارە درەنگ وەختە بە سەر پەیژەکەدا سەر دەکەویّ. بێ گۆمان لەویّ لە سەر بان لە یەکێک لە قەراغەکاندا قەراغی ئاسمانی لێیە. دووای ئەو هەموو ساڵە، سەربانی وەک جارانە و دەنگەکانیش هەروەها، کێوەکانیش هەمان، بەڵام شار کەمێک گۆڕاوە. نازانێ چۆن، بەس گۆڕاوە. بە چواردەوری بانەکەدا دەسووڕێتەوە. لە هەر هەنگاوێکدا دادەنەویّ و دەست لە نێوان قەراغ بانەکە و ئاسمان رۆدەکا. پشتی دەستی هەست بە گڵ و چێوی سەر بانەکە دەکا، بەڵام بەری دەستی هەست بە هیچ ئاسمانێک ناکا. تەنیا بە هۆی بای ئێوارە، کە لە سەر بانی جوانتر هەستی پێ دەکریّ، لەپی دەستی فێنک دەبێتەوە. فێنکێکی بەلەزەت. دەگاتەوە لای پەیژەکە. هەر دوو دەست لە سەر کەلەکە رادەوەستێ. گەر قەراغی ئاسمان لێرە نەبێ، کەواتە دەبێ لە سەر بانەکانی تر بێت. سەیری شار دەکا. خانووە بێ ئەژمارەکان سەرنجی رادەکێشنەوە. نا، رەنگە قەراغی ئاسمان لەویّ لە نێوان کیوەکان و ئاسمان دا بێت. هەیبەتی کێوەکان دەیگرن. ئەو جەستە لێڵ و رەشە گەورانەی کە لە دووا رووناکایی شین ـ لێڵ ی ئاسمان بە هەیبەتتر دەنوێنن. بیر دەکاتەوە کە بە شەو قەراغەکان ون دەبن، هەربۆیە واچاکە تا سبەی راوەستێ. سبەی هەر لە خەو هەستا یەکەم کاری ئەوەیە کە روو لەو شاخانە بکا.

سبەی لەوێیە. پێی سەیرە کە ئەوەندە زوو توانی بگاتە سەر شاخەکە. "رەنگە ئەوەندەش بەرز نەبێ کە لە خوارەوە دەنوێنێ!" لە بیری دێ یەکەم جار کە هات بۆ ئەم کێوە، بە کۆڵ هێنایان. ئەوەندە بچووک بوو کە نەیدەتوانی سەر کەویّ. بە جوانی ئەو رۆژەی لە بیرە،... هەناسەکان و ئارەقەی پشت ملەکان، دەنگی قریوە و دەنگی پێکەنین. لە بیری دێ نەیدەوێرا لابکاتەوە و سەیری خوارەوە بکا. خوارەوە ئەوەندە دوور بوو کە باوەڕی نەدەکرد قەت بیگاتەوە. پێی وابوو تازە هەر دەڕۆن و دەڕۆن،... سەردەکەون و سەردەکەون. گەورەکان درۆیان لە گەڵ کردبوو.

دەگاتە سەر شاخ. لەویّ لەو شوێنەی کە هەم ئەم دیوی لێ دیارە و هەم ئەو دیو، بە دەست بە شوێن قەراغی ئاسمان دا دەست دەکاتەوە بە پشکنینەوە. لە هیچ شوێنێک

دەستی گیرنابێ. ئاه چەند ماندووه. نا، نابێ، وانابێ، دەبێ لێره له شوێنێک قەراغێک هەبێ! له سەر بەردێک ماندوو ماندوو دادەنیشێ و له شار و له دووردەستەکان دەڕوانێ.

بەرەو ماڵ، له کاتێکدا ئێواره داهاتووەو لێره و لەوێ تاک و تەرا هەندێ له گڵۆپەکانی شار داگیرساون، بیر له باشترین شوێنی دنیا له کاتی ماندووی یان ماندوویيەکاندا دەکاتەوه،... حەوشەکەی پشتەوه. باغی سێبەر بانگی لێدەکا.

## گوڵەگەنمەکان

باوکم دەیگوت لە باوکی بیستبوو کە خەڵکی قەدیم هەرگیز بێتاقەت نەدەبوون. دەیگوت ئەگەرچی شار و گوندەکان یەکجار بچووک بوون و هیچ چەشنە سەرگەرمییەکی ئەوتۆ وەک سەرگەرمییەکانی ئەمڕۆی تیا دەست نەدەکەوت، بەڵام حەوسەڵەیان سەرنەدەچوو. وەک باوەگەورە باسی کردبوو خەڵک بێ تاقەت نەدەبوون چونکە زۆر ماندوو دەبوون، گوتبووی کاتێک کاتە بەتاڵەکان دەهاتن، ئەوەندە ماندوو بوون کە حەزیان دەکرد بەس لە کۆڵان و لە سەر بانەکان لە بەر هەتاودا دانیشن و تیشکەکان هەڵمژن. باوەگەورە گوتبووی جاری وابوو خەڵک ئەوەندە تیشکیان هەڵدەمژی کە گوڵی هەتاویان دەردەکرد. لەو جۆرە ساڵانەدا کێڵگەی گەنم پیت و بەرەکەتێکی وەها رووی تێدەکرد کە گوڵە گەنمەکان لە هەتاو ئاڵتوونیتریان لێدەردەچوو.

باوکم کە خوێندەوار بوو و زیاتر لە باوەگەورەم شارانی تری بینیبوو، بەم لێکدانەوەی باوەگەورە رازی نەبوو و دەیگوت هۆکار تەنیا ئەمە نیە. ئەو پێی وابوو باوەگەورە بە ئەنقەست هۆکارێکی تر کە بنەڕەتیترە دادەشارێ، کە ئەویش ئەوە بوو لەو سەردەمانەدا خەڵک ئەوەندە گوند، شار یان شوێنی ژیانی خۆیان

بینیبوو و عادەتیان پێکردبوو کە نەیاندەتوانیّ خەیاڵی ئەوە لە مێشکی خۆیاندا بگونجێنن کە دەکریّ بە شوێنی تریش عادەت بگرن.
بەڵام من پێم وایە نە باوەگەورە باش بۆی چووە و نە باوکم. من پێم وایە خەڵک بێتاقەت نەدەبوون چوونکە نەیاندەزانی کە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایە یەکجار لە یەک دەچیّ. من پێم وایە ئەوان بێتاقەت نەدەبوون چونکە سەرگەردانی ناو ئەو هەمووە کەرەسەی سەرگەرمییە نەبوون و مەجبوور نەبوون کە بەردەوام هەڵبژێرن و هەڵبژێرن. ئەوان، یەکجار بۆ هەمیشە هەڵیانبژاردبوو، یان بۆیان هەڵبژێردرابوو و ئیتر بۆ هەتاهەتایە ئەم هەڵبژاردنە لە ژیانیاندا جێی دەگرت.
من نازانم داخۆ کوڕەکەی من چۆن بیر لەمە دەکاتەوە. داخۆ بەم لێکدانەوەیەی من رازی دەبیّ یان نا. یان رەنگە ئەو رۆژێک واز لە بیری خۆی یان من بێنێت و بگەڕێتەوە سەر رای باوەگەورە یان باوکم. بۆ من گرینگ نیە. گرینگ ئەوەیە کە ئیستا من بە زانینی ئەوەی کە کوڕەکەیشم دەکریّ را و بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبیّ، بێتاقەت دەبم. وەڕەز دەبم. نەک لەبەر ئەوەی ئەو وەک باوەگەورە، یان وەک باوکم یان من رای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵکوو لە بەر ئەوەی کوڕەکەی من زیاتر لە من ئاگای لە را و بۆچوونەکانی تر دەبیّ و هەر بۆیە لە من بیّ تاقەتتر دەبیّ. ئەوەندە بیّ تاقەت کە مەجبوورە زۆرترین کاتەکانی خۆی لە تەنیایی لە خانوو یاخود ژوورەکەی خۆیدا تێپەڕ بکات و ئیتر خۆی نە لە بەر هەتاودا هەڵبخات و نە وەک گەنمەجاڕەکان لە هەتاو ئاڵتوناویتر بێت. من لەوە دەترسم کە ئەو کاتێک بە تووش سنوورەکانەوە دەبیّ، پێی وابیّ کە دەکریّ لە سەر سنووریش وەک لە ماڵەوە، هەتا هەتایە بژی. من دەترسم ئەو بۆ هەمیشە پێی وابیّ کە جیاوازییەکان بە مانای وەڕەزیی زیاترە. ئەوەی کە لە جیاتی ئەوەی لە بەر هەتاودا دانیشیّ و جەستەی وەک گوڵە گەنمەکانی لیّ بێت، دەبیّ تەنیا خەون بە ساتە ئاڵتوناوییەکانەوە ببینیّ.
من لە بیرم دیّ کە قەت باوکم نەیگێڕایەوە کاتێک باوەگەورە باسی مەبەست و سەرنجەکانی خۆی بۆ باوکم کردووە، باوکم قەت ئیزن، جورئەت یاخود خەیاڵی ئەوەی بە خۆی دابیّ کە لێی بپرسیّ کە داخۆ بۆچی وا بیردەکاتەوە. بۆچی پێی وابووە خەڵکی ئەو زەمانە قەت بیّ تاقەت نەبوون. هەر وەک چۆن منیش قەت ئەم پرسیارانەم لە باوکم نەکرد و رەنگە قەتیش کوڕەکەم لە منی نەکات. من نە

بەرەودووا و نە بەرەو پیش ئەم شتانەم لە بیر نایەت. تەناتەت ئیستایش. رەنگە باوەگەورە لە خۆیەوە وا بیر دەکاتەوە. ئەوەی کە بۆ خۆی حەزی بە کار و حەزی بە بەر هەتاو بووە و ئیتر بۆیە قەت وەڕەز نەبووە. یان ئەوەی کە باوکیشم ئەوەندە حەزی بە شوێنی خۆی بووە کە پێی وابووە خەڵکی سەردەمی باوەگەورەیش وا بوونە. یان من! منیش ئەوەندە حەزم بە هەڵبژاردنە کە پێم وایە گەر نەبوو ئیتر بێ تاقەت نابی. سەیرە!

زۆر حەز دەکەم رۆژێک باوەگەورە و باوکم و من و کوڕەکەم بمانتوانیایە لە گەڵ یەکیتر لە چاخانەیەک دانیشتینایە و لە سەر باسی بێتاقەتیی مرۆڤ قسە و باسێکی دوورو درێژمان هەبایە. لە یەکێک لەو چاخانانەدا کە دەنگ و هەرا ئەوەندە زۆرە کە کەس ناتبیستێ و ئەوە تەنیا ئێمە چوار نەفەرین کە دەزانین باسی چی دەکەین. دەزانم باوەگەورە بە دیتنی کوڕەکەی من سەرسام دەبێ و کوڕەکەی منیش بە دیتنی باوەگەورە سەرسام. ئەمە باسەکەمان لێ دەشێوێنێ و ئیدی باس دەبێ بە باسی تەمەن. ئەوەی کە باوەگەورە یەکێک لە خۆشبەختترین کەسەکانی جیهانە کە توانیوویەتی کوڕی کوڕەزای خۆی ببینێ. بێگومان باوەگەورە دەتوانێ بڵێ کە ئەمە هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی ئەو قەت هەست بە بێتاقەتی نەکا. بەڵام ئەی کوڕەکەم؟ من پێم وایە کوڕەکەم بە پێچەوانەوە هەست بە بێتاقەتی زیاتر دەکا. ئەوەی کە ئەو دیسان ماقی هەڵبژاردنێکی تری لە چاو هاوتەمەنەکانی پێی دراوە،... ماقی هەڵبژاردنی دیتنی باوەگەورەی باوکی.

بەڵام من ئەو رۆژە تەنیا گوێ لە باسەکان ناگرم، یان ئەوەی کە تەنیا بمەوێ قسە و بۆچوونی خۆم بسەلمێنم. ئەو رۆژە هەوڵ دەدەم جوان جوان سەیری سیمای هەموویان بکەم. سەیری باوەگەورە کە من بە حاڵ و بە ئاستەم لە بیرم ماوە. یان باوکم کە چلۆن دووای ئەو هەموو ساڵە دەتوانێ بە سەر دیواری ترسی پرسیار یاخود رێزی باوەگەورەدا بازبدات و رواڵەتێکی تر لە خۆی پیشان بدات. یان کوڕەکەم، ئەو ساڵانەی وا بچووک بچووک بوو و هێشتا نەگەیشتبووە ئەو رۆژەی کە بۆ یەکەم جار باسی بێتاقەتییەکانی خۆیم بۆ بکات. من دەزانم لە وەها رۆژێکدا خەیاڵم دەڕوا و نە تەنیا ناتوانم بە جوانی بە شوێن باسەکاندا بڕۆم، بەڵکوو دەبێ جاروبارە وەڵامی توڕەییەکانی باوکیشم بدەمەوە.

باشه چ دەبوو ئێمەیش هەموومان وەک باوەگەورە باینایە؟ یان ئەو وەک ئێمە؟ ئیتر چی تر پیویستمان بە دانیشتنی ناو چاخانە نەدەکرد. ئیدی پێویست نەبوو ئەو هەموو بەڵگەیە بە دژی یەکتر بەکاربێنین. لە بیرمە جارێکیان باوکم وتی ئێمە ناتوانین لە یەک بچین بەم هۆکارە زۆر سادەیە چونکا باوەگەورە حەزی بە دانیشتنی ناو کۆڵان و سەر بان لە بەر هەتاودا بووە و کوڕەکەی تۆ حەزی بە دانیشتنی ژوورەوەیە لە بەر کۆمپیوتردا. من کە پێکەنینم بەم قسەیە دێت، وەڕەز و بێتاقەت روو وەردەگێڕم و روو لەو دونیایەی دەکەم کە زۆر لە یەک دەچێ. بیردەکەمەوە کە شەڕە گەورەکان لەم جۆرە قسە بێ مانایانەوە سەریان هەڵداوە.
باوەگەورە داوای چاییەکی پڕڕەنگ دەکا، باوکم رەنگ مامناوەندی، من کەمڕەنگ و کورەکەیشم داوای کوکاکولایەک. چایچییەکە دەیانهێنێ، بەڵام هەرهەموویان بە هەڵە لە بەردەمماندا دادەنێ. کۆکاکۆلاکە بۆ باوەگەورە، پڕڕەنگەکە بۆ من، کەمڕەنگەکە بۆ کۆڕەکەم، مامناوەندییەکەیش بۆ باوکم. ئەمە هەموومان وەڕەز دەکا. بۆ یەکەم جار تێکڕا بەو را هاوبەشە دەگەین کە دەکرێ سەرەڕای جیاوازیی تەمەن و نەوەکانمان، لە سەر یەک شت و بە هۆی یەک هۆکارەوە وەڕەز و بێ تاقەت بین. ئەمە دۆخێکی خۆش چێدەکا، وەها کە باوەگەورە و باوکم و من (جگە لە کوڕەکەم) بۆ یەکەم جار باسی جێژوانەکانی خۆمان بۆ یەکتری دەگێڕینەوە. باوەگەورە وەک گوڵەگەنمەکانی ساڵانی زووی لێ دێتەوە.
جاری وایە چاخانەکە ئەوەندە قەرەباڵغە کە من هیچ نابیستم، بەڵام دەزانم باسی چی دەکەن. بە لێویاندا دەزانم. حەتمەن ئەوانیش وان. ئێمە لە قەرەباڵغییەکانیشدا، بە پێچەوانەی جاران، دەتوانین ئەمڕۆ پێکەوە قسە بکەین. رەنگە هۆکارەکەی بێتاقەتی چەندین ساڵەمان بێ بۆ یەکتری، یان ئەوەی کە چاخانە شوێنێکە بۆ قسەکردن و ئیتر ئێمەیش دەبێ قسەبکەین. باوکم کە زۆر تاقەتی باوکی نیە، زوو زوو خۆی بە بۆنەی ئاودەستەوە دەدزێتەوە. لەم کاتانەدا باوەگەورە زیاتر لە هەر کاتێکی تر سەیری کوڕەکەی من و ئەو شتە عەجاییەی بەردەمی دەکا.
کەش و هەوای قسە و باسەکان و نێوانمان ئەوەندە خۆشە کە باوکم بۆ یەکەم جار لە تەمەنیدا و لە دووای مەرگی باوەگەورە جورئەتی پرسیار تێیدا دەجوڵێ. لە کاتێکدا هەموومان بەو مێشە زلە شێتانە پێدەکەنین کە رێگا لە نێوان شووشە چڵکنەکەوە ناتوانێ بدۆزێتەوە (جگە لە کورەکەم باوەگەورە و باوکم و من

حەزێکی شێتانەمان تیایە بۆ ئەوەی هەستین و بە بنی پێڵاو یاخود بە مێشکوژێک بیپلێشینەوە)، باوکم لە باوکی واتە باوەگەورەی من یاخود باپیرەی کوڕەکەم دەپرسێ کە داخۆ بۆچی ماندوویی نابێتە هۆی بێتاقەتی، باوەگەورە کتوپڕ لە پێکەنین رادەوستێ و ورد ورد لە مێزەکەی بەردەمی و لە هەمووومان دەڕوانێ. ئێمەیش هەموومان بێدەنگ دەبین. ئەوسا سەرهەڵدەبڕێ و لە ناو چاوی باوکم نیگای گیر دەکا و دەڵێ:

ـ "بە پێچەوانەوە، هیچ شتێک بە قەدەر ماندوویی، ئینسان وەڕەز و بێتاقەت ناکا، لەبەر ئەوەی ئیتر ناتوانی هیچ شتێکی تر بکەی،... لەبەر ئەوەی تاقەتی هیچی ترت نامێنێ."

من بیردەکەمەوە "یانی بێتاقەت و وەڕەز دەبی!"

باوکم بەم وەڵامە سست و لاواز و بێدەنگ دەبێ. من کە چاوەڕوانی پرسیار یاخود پرسیارەکانی ترم، نیگاکانم دەدزمەوە و سەیری مێشە زەلامەکە دەکەمەوە. باوکم وەک ساڵان دیسان بێدەنگ دەبێتەوە. کوڕەکەم یەکجار سەرگەرمی شتە عەجاییەکەی بەردەمیەتی. نا وانابێ، گەر پرسیارت کرد دەبێ درێژەی پێ بدەی. خراپترین حاڵەت راوەستانی پرسیارەکان. نەگەیشتن بە ئاکام، تەنانەت لە چاو دۆخی پێش دەستپێکردنی پرسیارەکان ئاڵۆزترت دەکا. بەڵام باوکم ماوەتەوە. من بیردەکەمەوە ئەی باشە باوەگەورە چۆن ئەو سەردەمانە وەک گوڵە گەنمەکانی لێهاتووە؟ بیر لەوەی من و باوکم ساڵانی ساڵ بەخیلیمان بە باوەگەورە بردبوو. رووەدەکەمە کوڕەکەم. تەنیا کەسە لە ناوماندا ئامرازی نیشاندانی بێتاقەتییەکانی لە گەڵدایە.

دەورێکی تر داوای چایی دەکەمەوە. هەوڵ دەدەم باسەکە بکێشمە سەر مێشە زەلامەکە. ئەو مێشەی شوێنی گۆڕیوە و ئیستا بە تەمای دۆزینەوەی رێگای دەربازبوون لە سەر شووشەیەکی چڵکنی دیکەیە.

## کۆڵانی تۆزاوی

ئەوەتەی لە بیرم دێ، ئەم کۆڵانەی ئێمە هەمیشە تۆزاوی بووە. کۆڵانێکی تۆزگر و تۆزچن، کە ئیتر چیدی تۆزاوی نانوێنێ. تۆز، بۆ خەڵکی گەڕەکی ئێمە بووەتە تەنیا راستیی ژیان. ئێمە حەز دەکەین شتەکان لە ناو تۆز یاخود لە پشت تۆزەوە ببینین. لای ئێمە نە هەتاو لێڵ دەنوێنێ و نە ئاسمان رەنگی هەڵبزرکاوە و نە شووشەکان تەماوین. هەموو شتێک وەهایە کە دەبێ ببێ،... "بوونە تۆزاوییەکان یاخود بوونێکی تۆزاوی."

ئیمە تۆزمان خۆش دەوێ چونکە کێوەکان لە پشتییەوە بە هەیبەتتر دەنوێنن،... چونکە فڕینی کۆترەکان تێیدا دەبێتە شەبەحێکی سەرنجڕاکیش و هەورەکانیش دەبن بەو بوونە لۆکەییانەی کە لە پانتایی ئاسماندا ون دەبن. بەم پێیە ئێمە بە باران نازانین تا نەبارێ و جەستەی ساردی بەفریش لە سەر کۆڵان و خانووەکان و خۆمان هەست پێناکەین تا بۆ خۆی دانەکا.

لەم کۆڵانەی ئێمەدا هەمیشە "با"یەک هەیە. بایەکی نادیار کە جاری وایە لەوسەرەوە خۆ بە کۆڵاندا دەکا و جاری وایە لەم سەرەوە. من پێم سەیرە کە چۆنە ئەم کۆڵانەی ئێمە قەت تۆزی لێنابرێ. هەست دەکەم تۆزەکە لە گەڵ بایەکە دێ. گەر رۆژێک دەست بدا و پێم بکرێ حەتمەن دەچم بۆ گەڕەکەکی دراوسێمان و لەوێ سەیر دەکەم یاخود دەپرسم بزانم بایەکە پیش سەفەری ناو کۆڵانەکەی ئێمە هەر خۆیەتی یان شتی تریشی لەگەڵدایە. هەڵبەت گەر دراوسێکان لە پرسیارەکانی من دڵ زویر و دڕدۆنگ نەبن. من هەمیشە لەوە ترساوم کەسەکان، ئەوانی تر بە تاونبار بزانن. تەنانەت لە خۆیشم.

ئەم کۆڵانە سەیرەی ئێمە لە کاتی بارینی باران و بەفریشدا هەر تۆز دەکا. وەها کە ئێمە هەمیشە خەریکی خاوێنکردنەوەی ناو خانووەکان و سڕینەوەی تۆزین لە سەر شمەکەکانمان. ئەو شمەکانەی جاری وایە ئیتر بوونەتە خۆڵ و جاری وایشە خۆڵبوون جارێکە خەونێکە بۆیان. خەونێکی دوورەدەست کە پێکەنینیان پێی دێت! من لەم کاتانەدا پیش خاوێنکردنەوەیان بە دزیی دایک و باوکمەوە لێیان دەپرسم کە داخۆ حەزیان بە خاوێنبوونەوەیە یان نا!
هاوینان ئەم سەر تا ئەو سەری کۆڵان ئەو ژنانەن کە گەسک بە دەستەوە بەردەرگاکانیان دەماڵن. بە ئاوپڕژێنی ئەوان، هەوا وەها بۆنی خۆڵ دەگرێ کە من لە بیرم دەچێتەوە خەڵکی کۆڵان و گەڕەکێکم کە بە تۆز راهاتووە. لەم کاتانەدا من لە سەر تاقە حەساری بەر کۆڵانەکەماندا دادەنیشم و بیر لەو ساڵانەی دەکەمەوە کە رەنگە من ئیتر بۆ هەمیشە قەت بۆنی خاکی ئەم کۆڵانە نەکەمەوە. ئەو ساڵانەی وا ئەم ساڵانە تەنیا وێنەیەکی دوورەدەست دەبن تێیاندا و بەس.
هەنێ جار لە کاتی وەڕەزییەکاندا دادەنیشم و لە سەر شووشەکان یاخود سمیتی سەر حەسارەکە بە پەنجە وێنەکان لە سەر تۆز دەکێشمەوە. وێنە تۆزاوییەکان. ئەو وێنانەی کە دەکرێ "با" لە گەڵ خۆی بیانباتەوە، یاخود لە ژێر تۆزە نوێیەکاندا ونیان کاتەوە. بەڵام لای من گرنگ نیە. من تەنیا دادەنیشم و دەیانکێشمەوە. وێنە ون و بزرەکانیش لای من هەر وێنەن. جۆرێک لە وێنە کە رەنگە لە رەسەنترینەکانیش بن. هەر وێنەیەک لای من پێشکەشییەکە بە بوون، کەس یان رووداوێک. بۆ نموونە هەتاو پیشکەش دەکەم بە مەرگ، فرمێسکەکان بە روخسارە ونەکان و قەڵەم بە سالەکانی داهاتوو. دایکم لەم کاتانەدا لە پشت پەنجەرەکە دادەنیشێ و دڵی بە حاڵی من دەسووتێ کە بە تەنیا دانیشتووم و بیر لە ساڵە تۆزاوییەکان دەکەمەوە.
شەوانەی ئەم کۆڵانە لە کاتی مانگەشەودا، رەمزاویترین شەوەکانن. مانگەشەوی خۆڵاوی،... مانگەشەوی تۆزاوی. ئەو دەنکە تۆزانەی هەر کامەیان دەبن بە گچکە مانگەشەوێک. بریقە بریقی تۆزەکان. ئەو گچکانەی وا گەورەکانت پێ لەبیردەکەنەوە. من قامکی خەیاڵم هەڵدەبڕم و هەوڵ دەدەم وێنەکانیش لە سەر ئەوان بکێشمەوە. بەڵام وێنەکان دادەبارن و دەنیشە سەر زەوی.
لەم کۆڵانەی ئێمە کەس لە جێ هەنگاوەکان ناترسێ. جێ هەنگاوەکان ناتوانن کەس ئاشکرابکەن. ون دەبن، یەکجار زوو ون دەبن. هەر بۆیە ئەم کۆڵانەی ئێمە هەمیشە پڕی خەڵکی سەیر و سەمەرەیە. خەڵکە نامۆیەکان. ئەوانەی نە تۆ ئەوان دەناسی و نە ئەوان تۆ. بە تایبەت لە کاتی شەودا،... لە کاتی ونبوونی گچکە مانگەشەوەکاندا. باوکم و دایکم دەڵێن بە شەودا چوونەدەرەوە قەدەغەیە. کەچی

منیش زیاتر لە هەر کاتێکی تر حەزم بە چوونە دەرەوەی شەوانەیە! من کە ئەو خەڵکانەم بە قەدەر تۆزەکان نامۆ دێتە بەرچاو، بە دایک و باوکم دەڵێم: "خەمتان نەبێ، تۆزەکان لەوان ونم دەکەن."
خەڵکی ئەم گەڕەکە لە کاتێکدا دەکۆکن و هەناسەیان سواردەبێ و غەڵت و بەڵغەم فڕێدەدەن، روو دەکەنە یەکتر و دەڵێن هی ئەوەیە شەربەتەکەمان نەخواردووە،... هی ئەوەیە دکتۆرەکانمان لە بیرکردووە. من کە نە رقم لەم کۆکانەیە و نە خۆشم دەوێن و نە بەزەیشم پێیاندا دێتەوە، بیرلەوە دەکەمەوە کە کەنگێ خۆیشم دەکەومە کۆکە. کەلێن و قوژبنی دیوارەکانی حەوشەکەی ئێمە پڕی دەڵەمەخوێنەکانە. دەڵەمەخوێنەکانی باوەگەورە و دایەگەورە.
جاری وایە لەو دیو تاقەحەسارەکەی بەردەم کۆڵانەکەمان چیلکە و چەوێڵ کۆدەکەمەوەو لە گەڵ لاسیقە کۆنەکان و پەڕۆ رزیوەکان گریان تێبەردەدەم. ئەوانیش بۆنی خۆڵ دەدەن. گڕەکە بۆنی تۆزدەدا. من ئەمە لە کاتی زستاندا دەکەم. هەر گڕێک دەکەمەوە، لای خۆم دەڵێم رەنگە ئەمە دوواگڕ بێت، دوواگڕی ئەمساڵ. دوواگڕی سالەکان. ساڵانی دوواتر، گەلێک دوواتر، من زۆر جار دادەنیشتم و بیرم لەم گڕانە دەکردەوە. ئەو ئاورانەی کە هەر کامیان ئێستا بۆ من دوواگڕ بوون.
مندالەکانی ئەم گەڕەکە لە کاتی یاریکردندا زیاتر لە هەر شتێکی تر حەزیان بە راکردنە. راکردن، تۆزی سەر زەوی دیسان بە حەوادا دەکاتەوە. شتێک وەک دەست تێوەردان لە حەقیقەتێکی ترسناک. منداڵەکان زۆر جار دادەنیشن و بیر لەوە دەکەنەوە کە چ دەبوو گەر وەک چۆن تۆزەکە لەو سەری کۆڵانەوە دێ و خۆ بە ژووورێدا دەکا، هەر ئاوا لەم سەرەوە خۆ لە کۆڵانەکە دەرهاوێ؟ هەڵبەت ئەمە تەنیا بیرکردنەوەیەکە، بیرکردنەوەیەک وەک گەمە، وەک تۆز بە حەوادا کردن لە کاتی یاریدا.
من زۆر بە شەودا، بە نیوەشەوان کاتێک هەموو خێزان خەوتوون و تەنیا تۆز لە حەوشە بووە، باوەگەورە و دایەگەورەمم بینیووە کە روویان لە حەوشێ کردووە و بە دزییەوە دەڵەمەخوینەکانیان کۆکردووەتەوە. لە کاتێکا کۆیان دەکردنەوە، بە گوێی یەکتردا دەیانچرپاند و دەیانگووت: "لەبەر مندالەکانە، لە بەر ئەو، کە حەزی بە گڕکردنەوەو کێشانی وێنەیە لە سەر تۆز!"
جاری وایە تۆز ئەوەندە خەستە کە من وێنەکانی خۆم لە کاتی کێشانەوەیان دا نابینم. لەم کاتانەدا حەزدەکەم روو لە خوشک و براکان یاخود منداڵانی گەڕەک بکەم و حیکایەتیان بۆ بگێڕمەوە. بە تامەزرۆییەوە بە دەورمەوە دادەنیشن و گوێ دەگرن. من دەست هەڵدەبڕم و لە کاتێکا ئاماژە بە پشت تۆزەکان دەکەم، هەوڵ

دەدەم باسی ئەوێیان بۆ بکەم. حیکایەتێکی سپی،... بێ وشە و بێ رستە. شەرمەزار لەوەی حیکایەتەکەم هیچ رووداوێکی تیا نیە، بە مەجبوور باسی وێنەکانی خۆمیان بۆ دەکەم. منداڵەکان کە لە یاریی ناو تۆز ماندوون، بە تامەزرۆییەوە گوێم لێدەگرن.

سەرئەنجام رۆژێک بڕیاردەدەم وێنەی با و وێنەی تۆز بکێشمەوە. پێکەوە. لە سەر تۆزی سەر پەنجەرەکە یان سەر سمیتی تاقەدیواری کۆڵانەکەمان. یەکەم وێنەیە کە بۆم ناکێشرێتەوە. خۆ بە دەستەوە نادا. شتێک وەک شەبەحی فڕین. بیردەکەمەوە: "چلۆن دەکرێ وێنە لە سەر وێنە بکیشرێتەوە؟" بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا لە جیاتی وێنەکیشانەوە، سەیری وێنەکە خۆی دەکەم کە بە بێ کێشانەوە لەوێدایە. ئەو وێنەیەی دەلورێنێ و رەنگە لە گەڕەکی دراوسێکەمان جۆرێکی دیکە بێت.

باوەگەورە و دایەگەورە دووای کۆکردنەوەی دەڵەمەخوێنەکان، لەوەدا دەمێننەوە لە کوێ فڕێیان بدەن. باوکم دەڵێ بیاندەنە دەست با. دایکم دەڵێ بیاندەنە دەست گریانەکانی من. منیش بیر لە وێنەکانم دەکەمەوە.

شەوێک "با" تەنیا تۆز لە گەڵ خۆی ناهێنێ، بەڵکوو دەنگێکیشی لە گەڵدایە. دەنگێک وەک وێککەوتنی شتە وردەکان. جوان گوێ هەڵدەخەم. من کە پێم وابوو تەنیا دەبێ وێنەکانم لە یاددا بمێنێ، تێدەگەم کە دەبێ دەنگەکانیش لە گەڵم ڕێبکەن. ئەو دەنگانەی کە نابن بە وێنە. لەمە بەدووا خەیاڵی من ئەمەیە کە دەنگەکان چلۆن دەمێننەوە.

بیر لەوە دەکەمەوە گەر رۆژێک بێت و ئەم تۆزە لەم کۆڵانە ون بێت، ئێمە چۆن ژیان دەکەین. رۆژێک تێیدا ئیتر کەس ناو ماڵ خاوێن نەکاتەوە، بەردەرگا گەسک نەدا و وێنەکانی دەورووبەریش ئەوەندە روون ببنەوە کە چیدی کێوەکان بە هەیبەت نەنوێنن و فڕین نەبێ بە شەبەح. ئەم بیرە ئەوەندە بێ تاقەتم دەکا کە هەڵدەستم و دیسان لە سەر تۆزەکان دەست دەکەمەوە بە کێشانەوەی وێنە،... وینەی هەتاو، وێنەی فرمێسک و وێنەی قەلەم.

## ئایەتەلکورسی

ئایەتەلکورسییەکەی لە ژێر لێویەوە دەخوێند و فوویەکی بە دەورووبەری خۆیدا دەکرد. ئەوسا گەر بە پێ بڕۆشتایە، هەنگاوەکانی ئارام دەکردەوە و گەریش سەیارەی لێخوڕیبایە، هێواشی دەکردەوە و دەیخستە گێڕی یەک. یاخود لە هەر دوو حاڵەتدا رادەوەستا. لەم کاتانەدا ئەوەندە ورد لە دەورووبەری خۆی دەڕوانی، کە پێم وانەبێ هیچی لەبەر چاو ون ببێ. من کە خۆم لە خۆما هەمیشە دەترسام، من کە بۆ خۆم ترسنۆکترینی مرۆڤی سەر رووی زەوی بووم، بە بیستنی ئایەتەلکورسییەکەی ئەو و هاشەی ئەو فوویەی کە بێ بەزەییانە بۆنی دەمی ئەوی بە رووی مندا دەپژان، زیاتر لە هەر کاتێکی تر ترس لە دڵ و دەروونم دەنیشت. ترسێکی ترسناک، ئەوەندە ترسناک کە ژیانم بە گشتی لە بیردەچووەوە. لەم کاتانەدا نە بیری مردن خۆی، بەڵکو دەستبەجێ بیری ناو قەبر، مەیت، خوێن، جەستەی هەنجن هەنجن کراو و مشک و جرج دەکەوتمەوە. من هەمیشە پێم وابووە کە مردن خۆی زۆر ترسناک نیە، بەڵکوو چیرۆکەکان و رووداوەکانی دەورووبەرین کە یەکجار ترسناکن.
حەزم دەکرد ئەوەم پێ گوتبا واز لە ئایەتەلکورسی خوێندن و فووکردن بهێنێ. حەزم دەکرد پێی بڵێم کە کۆپتەرەکان، فڕۆکەکان، گولە و تۆپ و هاوەنەکان نە ئەم وشانە دەبیستن و نە ئەم فووانەیش دەبن بە لەمپەری سەر رێگایان،... بە هاتنیان. ئەوەی کە هیچ فوویەک ناتوانێ بەر بەو باڵندە ئاسنینانە بگرێ و، هیچ وشەیەکیش ناتوانێ ئەوانەی وا بڕیاری کوشتنیان داوە پاشەکەشە پێ بکا. بەڵام نەمدەگوت. نەک لەبەر ئەوەی دەترسام، یاخود باوەڕم بە قسەکانی خۆم نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەو بۆخۆیشی ئەمەی دەزانی! دەیزانی کە بە دەیان و سەدان و بگرە

هەزاران کەس ڕۆژانە وەک ئەو دەکەن و کەچی بەردەوام لێیان دەکوژرێ و لێیان بریندار دەبێ. جارێکیان بێ ئەوەی من هیچم گووتبێ، ڕووی تێکردم و گوتی: "ئەم فوویە دەروونم فێنک دەکاتەوە." چاوەکانی ئەوەندە غەمگین بوون کە من سوپاسی خۆم کرد قەت داواکەی خۆم لانەدرکاندبوو.
هاوینێکی یەکجار گەرم بوو. شەڕ، ئەوەندەی تر گەرمتری کردبوو. ئەوەندەمان ئارەقە دەکردەوە کە چی پەڕۆی دونیا بوو بەشی نەدەکردین،... چی سێبەری ئەو جیهانە بوو بەشی پشوودانەکانی ئێمەیان نەدەکرد. بەهەموو کانییەکانیش ئێمەیان پێ تێرئاو نەدەکرا. من لە بن هەر سێبەرێک و لە سەر هەر کانیاوێک هەوڵم دەدا بە کردنەوەی سەری باسێک، باسێک کە فڕی بە سەر شەڕەوە نەبوو، ئەو لە ئایەتەلکورسی و فووەکانی دووربخەمەوە. بەڵام تاقە دەنگێکی دوور یاخود هاشەیەک بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو سەرلەنوێ بیریان بکەوێتەوە. تا ئەوەی نازانم لە چەندەمین سێبەر یان کانیدا بوو کە بیرم کردەوە ڕەنگە باشترین شت بۆ لەبیربردنەوەی شەڕ، باسکردن لە خودی شەڕ بێت!
وەک هەمیشە دیسان بەڕێوەبووین. سێبەرەکان، دارستانەکانی چڕتر دەهێنایە بەرچاو. توێ توێ، تۆزی ساڵانی ساڵی ڕێگا بە سەر پێڵاوەکانمانەوە قەتماغەی بەستبوو. بن پێمان دەکزایەوەو ماسولکەی لاقەکانمان جوان جوان بە سەر یەکتردا تێک ترنجابوون. تاسەی حەسانەویەک. دیسان گەیشتینە سەر کانی و بن سێبەرێک. لێگەڕام بە یەکێک لە هەزاران دەستماڵەکانی، جوان جوان ئارەقەی پشت مل، ژێر باڵ، ناوچاوان و پشت گوێی بسڕێ و کەمێک لەو ئاوەی بخواتەوە کە ڕەنگی سەوزی قرپۆکەکانی گرتبوو. عەسرێکی خۆشی هاوین بوو. سێبەری شاخەکەی ڕۆژئاوای کانییەکە، ڕەنگە سەوزەکەی خەستترکردبوو. من بێزار لە ئایەتەلکورسی و فووەکان، پێش ئەوەی ئەو بکەوێتە خۆ، خۆم لە سەر بەردی تەنیشت کانییەکە کۆکردەوەو دەستەکانم لە سەر ئەژنۆکانم لێک قوفڵ کردن و لە سەر شانەکانی ئەوەوە لەو باڵندەیم ڕووانی کە لە شوێنێک لە ناو دارستانەکەی پشتی ئەودا ون بوو. ئەوسا باسی شەڕەکانم بۆ گێڕایەوە. هەموو شەڕەکانی ناو مێژوو. ئەوەی لە میشکی مندا تۆمارکرابوو. لە زەمانی هەرە کۆنەوە هەتا ئێستا. لەو کاتانەوەی مرۆڤ بە توێی بەرگێکەوە بە قەمە و شمشێر و تیر و کەوان یەکتریان دەکوشت، هەتا ئێستا کە بە تفەنگ و تەیارە و بۆمب. باسی جەستە لەت و پەتەکانم کرد. باسی هەتیوەکان. باسی تەنیاکان و جەستە سەقەتەکان. باسی ئەو ساڵانەی وا پەنجەرەی ژوورەکان ئیتر وازیان لە چاوەڕوانییەکان هێنابوو. باسی هەزاران ساڵ ئەو سێبەر و کانیانەی وا مرۆڤەکانیان تێر ئاو نەدەکرد و

حەسانەوەیان بە جەستەکانیان نەدەبەخشی. باسی ئەو مرۆڤە ئازا و چاونەترسانەی کە ئامانجەکانیان لا لە خوێنەکان پیرۆزتر بوو.
چاوەکانی ئەو کە سەرەتا لە شوێنێکی دیکە بوون و لە سەر من وەک ماسی ناو گوم هەڵدەخزین، بەرە بەرە خۆیان کۆکردەوە. بۆ یەکەم جار دووای ساڵانی ساڵ ئەو منی بە جوانی بینی. منیش بۆ یەکەم جار دوای ساڵانی ساڵ، رەنگی چاوەکانی ئەوم خوێندەوە،... قاوەییەکی تۆخ کە جاری وابوو سپیێنەکەی رەنگی سەوزی دارستانەکانی لەخۆدەگرت. من دڵگرم، درێژەم بە چیرۆکەکانم دا. چیرۆکە فەنتازی و خەیاڵی و حەقیقییەکان.
بۆچوونەکەم سەریگرتبوو.
کتوپڕ، لە شوێنێک لەو دوور دوورانەوە دیسان دەنگی تەقە و دەنگی هاشە دەهات. من کە ئیتر لە گێڕانەوەی شەڕەکانی رابردوو بووبوومەوە، لە ترسی ئەوەی کە ئەو بۆ جارێکی تر نەکا گوێی لەو دەنگە دوورانە بێت و دیسان ئایەتەلکورسی نخوێنێت و فوو بە دەوروبەریدا بکات، بە ناچار باسی شەڕی ئیستا و شەڕەکانی داهاتوویشم بۆ کرد. باسی چەکە سەیرو سەمەرەکان. باسی ئەو جەستانەی کە لەگەڵ مردنیان ون دەبوون. باسی ئەو هەتیوانەی کە نەیاندەزانی هەتیون. باسی تەنیاکان و جەستە سەقەتەکان، ئەوانەی وا لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و کۆمپیوترەکان یارییان بە تەنیایی و جەستە سەقەتەکانی خۆیان دەکرد. باسی ئەو ساڵانەی وا پەنجەرەی ژوورەکان ئەوەندە بەرز بوون کە چیدی تاقەتی روانینی رێگا دوورەکانیان نەمابوو. باسی هەزاران ساڵ ئەو سێبەر و کانیانەی، مرۆڤەکان چی تر نە تاقەتیان مابوو لە بەریان بحەسێنەوە و نە حەوسەلەی ئەوەیان مابوو ئاوی لێ بخۆنەوە.
ئەو کە گەرمی گوێگرتن بوو، ئاگای لێنەبوو کە دەنگەکان تا دەهاتن نزیکتر دەکەوتنەوە.
ئەو نوقمی مێژوو، نوقمی ئیستا و داهاتوو، بیری لە مرۆڤەکان دەکردەوە و منیش نوقمی ئەو رووداوەی وا لێمان نزیک دەکەوتەوە، نوقمی شەڕ، کەوتمە ئایەتەلکورسی خوێندن و فووکردن بە دەورووبەری خۆمدا!

## وێنەکێش

کە لە ژیانی رۆژانە وەڕەز دەبێ، وێنە دەکێشێ. کاغەز و قەڵەمەکەی دێنێ، لە سەر کورسییەکەی لە تەنیشت پەنجەرەکە دادەنیشێ و دەست دەکا بە کێشانەوە. هەموو شتێک دەکێشێتەوە. لە شتە هەرە بچووکەکانەوە تا هەرە گەورەکان. لە دنکە تۆزێکی سەر شووشەی پەنجەرەکەی هەتا ئاسمان. بەس پێش ئەوەی بیانکێشێتەوە، کەمێک چاوی دەقونجێنێ، پاڵ دەداتەوەو هەوڵ دەدا شتە هەرە بچووکەکان لە خەیاڵی خۆیدا بکا بە قەد شتە هەرە گەورەکان و، شتە گەورەکەیش بە قەد شتە هەرە بچووکەکان. گەر وا نەکا، ناتوانێ بیانکا بە وێنە. لای ئەو وێنەکان لە جوڵەی خۆیاندا وێنەن،... جوڵەیەک لە خەیاڵدا و تێکستێک لە سەر کاغەز.
قاپی وێنەکان گەورەو بچووکن. تەنانەت رەنگاورەنگیشن. نەیکڕیون. هەموویانی کۆکردووەتەوە. کۆن و نیوە نوێ، نەک نوێ. دەڵێ: "هیچ وێنەیەک نوێ نیە تا چوارچێوەکەی نوێ بێت."
ژوورەکانی پڕن لە وێنە. چین چین و توێ توێ لە سەر دیوارەکان. دڵی بەوە خۆشە کە ژوورەکانی ئەوەندە گەورەن قەت بە وێنەکان پڕنابنەوە. تەنانەت گەر هەزاران سالیش خەریکی کێشانەوەیان بێت. کە لە وێنەکێشانیش وەڕەز دەبێ، هەڵدەستێ و دەچێ بە ناو ژوورەکاندا دەگەڕێ. دەگەڕێ و سەیری وێنەکانی دەکا. وێنەکانی سالانی پێشوو و وینەکانی دوێنێ و ئیستا. بۆ ئەوەی بگاتەوە وێنە سەرەتاییەکان، کێشەی نیە، وێنەکان دەرفەتی دەدەن،... جێگای بۆ دەکەنەوە. ئەویش ئارام بە ناویاندا گوزەردەکا و دەگاتە لایان. دەگاتە یەکەمین ریزی وێنەکانی سەر دیوارەکان. ئەوان لەوێ نە تۆزیان لێنیشتووەو نە رەنگیان هەڵبزرکاوە. بۆ خۆی پێی سەیرە. بیردەکاتەوە رەنگە هی وێنەکانی تر بێ. وێنەکان، وێنەکان لە

تۆز و لە هەڵبزرکان دەپارێزن. موعجیزەیەکی ترسناک. ئەوسا هەر بەو شێوەیەی بە ناویاندا تێپەڕیبوو، دەگەڕێتەوە.
ڕۆژێکیان لە کاتی یەکێک لەم گەشتانەدا بە سەر یەکێک لە وێنەکاندا دەکەوێ. وێنەیەک کە لە پاڵ هەمان پەنجەرە بە هەمان تۆز و بە هەمان ئاسمانەوە کێشابوویەوە. وێنەکە، وێنەی پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵ کە دووای ساڵانی ساڵ گەڕان لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی دانیشتبوو و بیری لە سەفەرێکی تر دەکردەوە. پیاوێک لە تۆز و لە ئاسمان. وێنەکە هەڵدەگرێ. جوان سەیری دەکا. لە بیری نایەت کەی کێشاویەتییەوە. دوێنێ؟ یان هی سەدان یاخود هەزاران ساڵ لەوە پێش؟ بە گوێرەی عادەت بە قۆلی هەوڵ دەدا تەمی نادیاری سەر شووشەکە بسڕێتەوە. دەیسڕێتەوە. وشەکان لە پشت شووشەکەوە لە ڕەنگەکان دەبنەوەو ئارام دەڕژێنە ژوورەکەوە:
- سڵاو، باشی برا،... حال و ئەحوالت؟ خۆشحالم لێرەدا دەتبینمەوە.
- وەڵڵا وەک هەمیشە،... کار و ژیانی ئاسایی.
- وەڕەزم. لە مێژە لێرە لە پشت ئەم شووشە، لە ناو ئەم قاپە وەک وێنە دەژیم!
- تازە دەست لە خۆت مەدە. گەر پارەت هەیە کەمێک سەفەر بکە،... سەفەری دوورو درێژ زۆر یارمەتی دەدا.
- وەڕەزم.
- بەلام ئێرەیش گرفتی خۆی هەیە. کارت چییە؟
- واز دێنم.
- لە چی واز دێنی؟
- واز دێنم،... لە هەموو شتێک.
- چەند منداڵت هەیە؟
- گەر ژنم هەبایە، پێم دەگوتی!
- هههە، ژنت نەهێناوە هێشتا؟ وەلا برا بوخچەی نەکراوەی. خەتای ئەو مارانەیە کە دەتگرتن. خەڵک لێت دەترسن،... هههههە،... گەر تەنیای دەتوانی بە هەموو لایەکدا بڕۆی، بەڵام قەبوڵی لێرە زۆر زەحمەتە. لە چ وڵاتێک کارت کردووە؟
- لە دوو وڵات.
- دایک و باوکت ماون؟
- وەڕەزم،... ئەرێ ماون.
- دانیشە لە شوێنی خۆت، ژنێک بێنە و منداڵ دروست بکە و ئیدی بیر لەوان بکەوە. ئەوان مانا بە ژیانت دەدەن. هەوڵ بدە لە پێناوی شتێکدا بژیت. مرۆڤ لە هەر شوێنێک بێت دەبێ بە هیوایەتێکەوە بژیت.

- جاری وایە حەز دەکەم وێنەکە بە دەوری قاپەکەوە بێت.
- زۆر جار ئەو هیوایەتە دەبێ ئینسان بۆ خۆی دروستی بکا. ئێمە و مانان کە لە نەوجەوانییەوە دروستمان کرد و هەموو ژیانیشمان بە شوێنیدا رامان کرد. ئیستا راست یان ناراست ئەوە کێشەیەکی ترە.
- چی!... بە زۆر یان جۆرێکی تر؟ خۆ بە زۆر نابێت.
- دەکرێ بەشێکی زۆر بێت، بەڵام دەبێ بەشێکیشی هەڵبژاردن بێت،... هەردووکیان پێکەوە.
- زۆر؟
- گوێ بگرە هەموو هونەرەکە لەوەدایە کە چلۆن زۆر دەبێ بە هەڵبژاردن. زۆریش سەختی مەگرە. ژیان ئەوەندە درێژ نیە کە بۆ هەڵبژاردن زۆر کات سەرف کەین.
- جاری وایە لەو رەنگانەیش منی پێ کێشراومەتەوە وەڕەزم.
- لە بیرت دێت لە چەمەکە لە گەڵ... دەرسمان دەخوێند، ئیستا ٣٥ ساڵ لەو ساڵانە تێدەپەڕێ.
- ... وایە.
- جاری وایە سەیرکردنی رابردوو، جوانتر داهاتوومان پیشان دەدا،... ئەوەی کە چ بکەین باشترە. راستی کارت چییە؟
- دەفرۆشم.
- زۆر دەوڵەمەندی؟
- ئەوەندە هەیە کەم نەکا.
- زۆر باشە. دیارە دەوڵەمەند قەت بە ئاشکرا نالێ دەوڵەمەندە. دەی زۆر چاکە، خۆشحال بووم. قسە دەکەینەوە.
- کاتێکی خۆش!
- خۆشتر!
ئارام وێنەکە لە شوێنی خۆی دادەنێتەوە. شوێنەکە هی دوێنێ، ئیستا یاخود سەدان یان هەزاران ساڵ لەوە پێش؟ نازانێ. ئەو تەنیا ئەوە دەزانێ کە دەبێ رێک لە شوێنی خۆی دایبنێتەوە. وێنە لە هەر کات و شوێنێکدا داندرا، تازە هی ئەوێیە. گەر بە دەست خۆی بایە هەموو وێنەکانی لە تەنیشت پەنجەرەکە لە تەنیشت تۆزی سەر شووشەکە و ئاسماندا دادەنا. ئەوێ شوێنی ئاسایی ئەوان بوو. ئیستایش نازانێ بۆچی وێنەکان دەبێ لە شوێنێک دوورتر لە شوێنی کێشانەوەیان دابنرێن. سەیری دەورووبەری خۆی دەکا. خانووە هەزار ژوورەکە،... خانووە لێوالێوەکەی وێنە سەیرەکان، وێنە غەمگین و شاد و دوورەدەستەکان.

دەچێتەوە لە سەر کورسییەکەی لە تەنیشت پەنجەرەکە دادەنیشێتەوە. حەز و ئیشتیای کێشانەوەی وێنەیەکی تر سەرلەنوێ دایدەگرێتەوە. دەست دەبا قەڵەم و کاغەزەکەی هەڵدەگرێتەوە. سەیری دنکە تۆزێکی سەر شووشەی پەنجەرەکە و ئاسمان دەکا. وێنە، دنکە تۆزێکی رەنگ شین. یاخود شینێکی دنکەتۆزاوی.

## مانگەشەوی سەر سنوور

تەرمەکە لەوێ راکشاوە. لە سەر زەویی تەڕیی پاییز. دارستانێکی چڕ کە دوابالّندەکان تیایا خەریکی خوێندنن. هەوایەکی شێدار کە لە بلّینداییەکاندا تێکەلّی هەورە پەڕەوازە و سەرگەردانەکانە. سەر هەلّدەبڕێ و سەیری ئاسمان دەکا. ئاسمان لە نێوان چلّ و پۆپە تێکڕژاوەکانەوە لێرە و لەوێ مەودایەکە بۆ شینایی. جارجارەش سەیری بەردەمی خۆی و لەوێوە بۆ تەرمەکە. نایەوێ باوەڕ بکا. تەرمەکە چەندە نزیکە، ئەوەندەش دوور دەنوێنێ. دەلّێی خەریکی گەمەیەکی ترسناکە: گەمەی مەرگ.

جاری وایە حەز دەکا پێی بلّێ "ئیتر بەسە، لاچۆ، هەستە سەرپێ! هەستە بڕۆینەوە!" بەلاّم نایلّێ. شتێکی تر پێی دەلّێ کە ئەمە راستە. راستییەکی ترسناک. پەنجەی دەبا بۆ ناو دەمی و دەیگەزێ. ژانێک لەشی دەتەنێ و رایدەچلّەکێنێ. "ئا، راستە. ئەوە تەرمە، تەرمی ئەو کە لەوێ راکشاوە." سەیری جل و بەرگەکەی دەکا. جل و بەرگەکان هەر هەمانن. ئەوانەی شەش مانگ لەوە پێش. کە دوواجاریش بینی هەر ئەمانە بوون. تەنیا بەو جیاوازییەوە کە ئەوەندە پیس نەبوون. جگە لەوە، خوێن! ئا خوێناویش نەبوون. ئەو کاتانە بۆنی ئارەقە و تۆز و هەتاوییان دەدا، کەچی ئیستا بۆنێکی دیکەیە. بۆنێک وەک گلّی ناو قولاّییەکان، وەک بۆشێیی قولّکە هەرگیز هەتاونەدیتووەکان. پێی سەیرە. پێی وانەبوو ژیان

ئەوەندە زوو گۆڕانی بەسەردا بێت. ئا، تەنیا چرکەیەک بەسە بۆ ئەوەی ساتێ لەوە پێش ببێ بە سەد ساڵ لەوە پێش. دڵی دەگوشرێ. دیسان سەر بەرز دەکاتەوەو لە ئاسمان و هەورەکان و چۆڵگە شینەکانی دەڕوانێ. حەز دەکا گەواڵە هەورێک راوکا و بە ئاسمانەوەی بدورێتەوە. هەورێک لەو هەورانەی کە چیدی حەزیان بە سەفەر نیە. هەورە ماندووەکانی سەفەر.
دایکی لە مێژ بوو کە خەوی بە ئەمڕۆوە بینیبوو. دەیگوت لەو کاتەوەی قورینگەکان بۆ یەکەم جار لە سەر ئەم شارە رێیان لێ تێکچوو و سەریان لێشێوا، ئەو خەوی ناخۆش ناخۆش دەبینێ. ئەم لە بیری نایەت. ساڵی قورینگەکانی لەبیر نایەت. دەڵێن ئەو ساڵە پاییزێکی یەکجار خۆش بووە. ئەوەندە جوان کە خەڵک زیاتر لە ساڵانی دی ئاشق دەبوون. کۆڵانەکان بە شەودا پڕی لاوە دڵ کەیلەکان بوونە. سەر بانیژەکانیش ئەو کیژۆڵانەی کە جەستەیان ئاوساوی بای شەوانەی پاییزان بووە. ئەو ساڵە وەک دەڵێن هیچ دایک و باوک و برا و مامۆیەک دڵی لە کچەکانیان پیس نەکردووە. دەڵێن شەوانە بە ئەنقەست پەردەکانیان دادەدایەوە و گڕی لامپاکانیان کزدەکرد، بۆ ئەوەی دەرفەتی خۆحەشاردان زیاتر بێت. هەروەها خەڵک لەبیریان دێت کە کاتی بەهار، کاتێ قورینگەکان بەرەو باکوور بە سەر شاردا تێپەڕیبوون، ئاوازێکی بە کۆڕی سەیریان چڕیبوو. وەها کە سەرتاسەری شار بێدەنگ گوێیان هەڵخستبوو. تا هەفتەیەک دووای ئەو رۆژە دەڵێن خەڵک هەر بزەیان لە سەر لێو بووە. پێکەنین و پێکەنین. بزە و بزە. ئەو خەندانەی وا روخسار گەشتر دەکەن. ئەو بەهارە ئەوەندە بەهار بوو کە خەڵکی پێیان وابوو پاییزیش هەر بەهار دەبێ. گرنگ نیە کە قورینگەکان لە باکوورەوە بەرەو باشوور هەڵدەفڕن یان لە باشوورەوە بەرەو باکوور. رێگاکان و چارەنووسیان زۆر گرنگ نەبوون، گرنگ ئاواز و فڕین و بەرزاییەکان بوو. گرنگ باوەڕداری و بێ باوەڕی نەبوو. گرینگ ژیانکردن بوو. ئەو ساڵانە وەک دەڵێن ژیان ئەوەندە گەش بووە، وەک ئاسمانی بەهار و ئەوەندە قەرەباڵغ بووە وەک قورینگەکانی سەفەر و خۆدانە دەست با و رێگا دوورەکانی خەون. دایکی تا ژیا بەم خەونانەوەی ژیا، ئەگەرچی گۆشەیەکی دڵی یەکجار تەنگ بوو. تەنگ وەک بستە خاکی ژێر گڵی تەرمەکە.

سەری هەڵبڕییەوە. سەری تەرمەکە. ئەو سەرەی وا لەوێدا راکشابوو، ئەو شەش مانگ لەوە پێش تاشیبووی. رۆژێکی گەرمی هاوین بوو. تەرمەکە مەقەست و شانەی دابووە دەست و گوتبووی لە مێژە چاکم نەکردووە، یاڵڵا خەریک بە! ئەمیش خەریک بووبوو. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا. ئیتر لەو کاتەوە غیرەت و ترسی لە سەرچاککردن شکابوو و بە ئیستاشییەوە بێت هەر خۆیەتی کە سەری منداڵەکانی چاک دەکا. سەری تەرمەکەی پاک پاک تاشیبوو. سەرەتا بە مەقەست و شانە و ئەوکات بە تیغ. ئیستایش کە دێتەوە یادی، دیانەکانی جۆرەیەکیان لێ دێت. کرەکرِی تیغ لە سەر پێست و ئێسک جۆرەیەک بوون. جۆرەیەکن. لە چەند شوێندا بڕیبووی،بەلام تەرمەکە گوتبووی کە بەردەوام بێت. ئەمیش بەردەوام بووبوو. لەو کاتەوە سوێندی خوارد کە قەت سەر بە تیغ چاک نەکا. تەنانەت پشت گوێ و پشتە مل و ئەو شوێنانەی وا دەکرێ بە تیغ و شانە قژەکان و مووەکان رێک و پێکتر بکرێن. لەو کاتەوە بەو قەناعەتە گەیشت کە مرۆڤ دەبێ بۆ هەمیشە واز لە تیغ بێنێ. ئامرازێکی دەسکرد، کە چیدی کارکردی خۆی لە دەست دابوو.

تەرمەکە ئەو رۆژە بە زیندوویی، چەند سەعات دووای سەرتاشینەکە، لە سەر تەپۆڵکەیەک لە پشت ئاواییەکی دووری نزیک سنوور، لە سەعاتی دەی شەوەوە تا سێی دووای نیوەشەو، لە کاتێکدا ئاوایی خەوتبوو و چەکدارەکانی هاوڕێی لە شوێنێکی نادیاردا لە کەمین دا بوون، باسی خەونەکانی بۆ ئەم کردبوو. ئەو شەوە ئەم سەیری سەری تاشراوی تەرمە زیندووەکەی کردبوو کە لە ژێر تیشکە کز و نادیارەکانی شەودا دەبریقایەوە. بە شەودا هەڵەکانی دیار نەبوون. سەری تەواو رێک و جوان دەینواند. لە دڵەوە حەزی کرد کە پێی بڵێ لە نێوان مانگەشەو و سەری دەسکردی ئەودا پێوەندییەک هەیە. هەستی بە لەخۆبایی بوونێک کرد. بەڵام هیچی نەوت. تەنانەت هەستی بە شەرمەزارییەک کرد. ئەو شەوە لە ناو ئەو شاخانەدا وشەکان لە زار دەهاتنە دەرەوەو لە شوێنێک ون دەبوون. ئەم چەندە حەزی بە بای فێنکی ئەو شەوە بوو. چرپە چ بێ نەدەهات. دنیا بێدەنگ. تەنیا خەونەکان بوون کە دەجووڵان. ئەوانیش چ بێ خشپە و چ بێ جوڵە.

چەند جارێک ویستی قسەکانی پێ راوەستێنێ و بڵێ کە دەترسێ. هەڵبەت نەک لە ئەمشەو. نەک لەو چەکدارانەی کە رەنگ بوو بێن و لە گەڵ چەکدارەکانی هاوڕێی تەرمەکە لێک هەڵئەنگێون، بەڵکوو لەوەی کە شوێنەکە زۆر غەریب بوو. لە

قەراغ وڵاتێک بیت و لەوێش لە قەراغ ئاواییەک! چەندە حەزی دەکرد وەک ساڵان لە گەڵ تەرمە زیندووەکە لەوێ لە گەڕەک بایە. ویستی بڵێ ئا وایە هەمووی راستە، بەلام هەستە با بڕۆینەوە. بەلام نەیگووت. گەڕانەوەیەک نەمابوو. تازە هەموو شتێک هی رابردوو بوو. جاران، لەوێ بە جێ مابوو و، ئیستایش لێرە و سبەیش خوا دەزانێ.

دایکی گوتبووی لەو ساڵەوە کە قورینگەکان رێیان لێ تێکچوو، وەرزەکانیش وەک جاران نەمان. سروشت تەنیا بە سەر گەرما و سەرمادا دابەش کرا. ئەوانەی لە بەیندا بوون، هەموو سڕانەوە. ئەم ئەوەندە نوقمی چیرۆکی رێ ونکردنیان بوو، کە لە بیری دەچوو بپرسێ بۆچی ئەو ساڵە رێگایان لێ شێوا. سپیەتیی باڵندەکان، بەرزفڕینیان، دەنگی زوڵاڵیان، ئەفسانەی فڕینیان، باڵی بەسەر هەموو شتێکی تردا دەکێشا. بەڵام سەرئەنجام رۆژێک پرسیارەکە لە دەروونیدا چێ بوو. ئەو رۆژە رۆژێکی گەرمی هاوینی بوو کە بە دڵ ئیشتیای بارانی دەکرد. بارانیش لە هەورەکانی ئاسمانەوە دەڕژێنە زەوی. ئەو کە لە بەر پەنجەرەکەدا راوەستابوو، ملی کێشا و سەیری ئاسمانی بێ هەور و بێ پەڵەی کرد. ئەوەندە گەرم بوو کە ئاسمان شینایییەکەی دەکاڵایەوە. بیری کردەوە بێ گومان گەر ئیستا قوڵینگەکان بفڕن، یەکسەر دەبن بە خەڵووز. ئەمە جوڵاندی. بە پەلە چووە ژوورەکەی تر. دایکی خەریکی سەرخەوشکاندن بوو.

ـ "دایە دایە! راستی ئەو ساڵە قوڵینگەکان بۆ سەریان لێ شێوا؟"

دایکی بە ئارامی چاوی هەڵێنا. لە کوڕکەی روانی. لەو گەندە مووانەی تازە سەریان هەڵێنابوو. ئەوسا بە ئارامی کەمێک رابوو. وەها کە سەرینێک لە ژێر باڵ و کەلەکەیدا جێی بێتەوە.

ـ رۆڵە! گەر بمەوێ بە کورتی بیڵێم، دەبێ بڵێم کە کەس نازانێ. رەنگە تەنیا خودی قورینگەکان بزانن. قورینگەش خۆت دەزانی قسە ناکات، تەنیا دەفڕێ. ئەو رۆژە نە باران باری، نە هەورە تریشقە بوو و نە بای دەهات. رۆژێکی ئاسایی پاییزی بوو. سروشت رەنگین و هەوا گەش و تەڕ و دنیا تازە. هەندێک دەڵێن رەنگە لەو بەرزاییانەی کە چاویان ناگاتێ، باڵندەی تر هەبن. لەو باڵندە دەنووک خوارە گۆشت خۆرە بچووک و گەورانەی کە هەموو بەهار و پاییزێک، کاتی کۆچی باڵندەکان بە

ئاسمانەوە پەیدا دەبن. دەڵێن دانەیەک بەسە بۆ ئەوەی ڕێگاکە تێک بدات. دەڵێن هەرچەندە بەرزیش بفڕی، هێشتا ناتوانی لە دەستیان قوتار بیت.
دایکی دوواتر لە کۆتاییدا گوتبووی:
- "سەیر ئەوەیە کە کاتێک قورینگەکان ڕێگایان لێ تێک دەچێ، ڕەنگیشیان دەگۆڕدرێ. بەڵەک دەبن، جاری وایشە ڕەش. تەنیا بە چاو دەتوانی بیانناسیتەوە".
ئەوسا ئارام ڕاکشابووەوە لە سەر سەرینەکە خەوی لێکەوتبوو.
لە تەرمەکە نزیک دەکەوێتەوە. جوان سەیری سەری دەکا. ڕەنگە لەو ڕۆژە نیشانەی سووکە برینێک بە سەریەوە مابێت. بە شوێنیا دەگەڕێ. ئەم گەڕانە تەواو دەیبزوێنێ. دانەیەک دەبینێتەوە. ئاه، دەڵێی دوێنێکەیە! ئەو برینە چەند ئاشنایە! کە بڕیبووی، تەرمە زیندووەکە تووڕە نەبووبوو، تەنیا وتبووی زیاتر سەرنجی کارەکەت بدە. وتبووی ژیان ڕێک ئاوایە! وەک تیغێکە بە دەستەوە، جا یان پێی دەبڕی یان پێی زامار دەکەی!
ئەم ئیستایش ئەو ڕستەیەی لە زەیندا ماوە. باشە چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان بڕین و زامارکردندا؟ مەگەر بڕین هەمان زامارکردن نیە؟ مەگەر زامار کردن هەمان بڕین نیە؟ حەزی دەکرد ئیستا ئەو پرسیارە ئاراستەی تەرمەکە بکا. بەڵام چ درەنگ!
مرۆڤ قەت بە وەڵامی هەندێ پرسیار ناگات.
دەبێ بینێژن. ئارام هەڵدەستێ. ئەوانی تر لە مێژە خەریکن. ونکردن ئاسانە. شتی ونبوو بۆ ئەوەی بیدۆزیتەوە، یان دەبێ زەینێکی باشت هەبێ، یان دەبێ هەرەوەزیی لێبکەی، یان بە شانس و بەخت بچیتەوە سەری. کە ونیشی دەکەی، یان بە ئەنقەست ونی دەکەی (کە بە ئەنقەستیش ناچیتەوە سەری)، یان لێیان دزیوی، یان بەڕاستی ون بووە.
تۆ بڵێی ئەمەیان کامەیان بێت؟
ئیستا ئیتر یەکجار حەزی بە بینینی قورینگەیە. ئەو هەموو چیرۆکە سەبارەت بە قورینگە، قورینگەکان دەزانێ، بی ئەوەی تا ئیستا یەکیانی لێ بینیبێت. پێکەنینی دێت. بڕوا ناکات تا ئیستا هیچ قوڵینگەیەک، تەرمی مرۆڤێکی بینیبێ. دەڵێن لەو شوێنانە دەژین کە مرۆڤی لێ نیە. لە قەراغەکان. دەڵێن بۆیە وا بەرز دەفڕن بۆ

ئەوەی بە سەر مەیتی هیچ ئینسانێکدا نەکەون. دەڵێن مەیتی خۆیان پێ تەحەمول دەکرێ، بەڵام هی ئینسان نا. بۆ؟ کەس نازانێ!
دەڵێن بۆ ئەوەی ئەمە بزانی دەبێ خۆت قورینگە بیت. تەنیا ئاشق و ئاوارەیە، کە دەزانێ دەردی ئاشق و ئاوارە چییە.
تەرمەکە بە سەرە مانگەشەوەیەکەیەوە دەنێژن. دایدەپۆشن. خەیاڵەکانی ئەو شەوەی سەر سنووریش ئارام ئارام ئەم جێ دێڵن. ئەم تەنیا لە بیری قورینگەکاندایە. گوندەکەی سەر سنوور ماوەیەکە لە گەڵ خاکەکەی ژێری جوڵاوەو لە ئاوی چەمەکەی داوێنی زیاتر نزیک بووەتەوە. ئەم جوان هاژە هاژی ئەو چەمەی لە بیرە. بە نیوە شەوە کاتێک تەرمە زیندووەکە قسەی دەکرد، جاروبار با، دەنگی ئەو و هاژەی ئاوی وەها تێکەڵ دەکرد کە ئەم تەنیا مانگەشەوی دەبیست.
ئاە مانگەشەوی سەر سنوور!
نێژەرەکان دەڕۆن. هەموو شتێک ئەوەندە ئارام و بێدەنگە کە ئەم دەترسێ. هیچ هەورێک نەماوەتەوە. بارانەکان قەرارە لە شوێنێکی تر ببارێنن. لەو شوێنانەی وا قورینگەکان سەریان لێ ناشێوێ، لێ ناشێوێندرێ. سەر هەڵدێنێ. کتوپڕ قورینگەیەک بە سەر کێلەکەوە دەبینێ. ئەم وەها خۆشحاڵ دەبێ کە رادەچڵەکێ. باوەر ناکا. بیستبووی کە پێش ئەوەی قورینگەکان بە جەستە دەرکەون، سەرەتا دەنگیان دێت. بەلام گرنگ نیە. گرنگ ئەوەیە کە ئەوەتا لێرەیە و ئەم بۆ یەکەم جار لە دووای چیرۆکەکانی دایکی، قورینگەی بینی. نیگای باڵندەکە زۆر هەراسان دەنوێنێ. باڵەکانیشی هەروەها. وەحشەتێک، ئامادەی فڕین. دەندووکێکی نیوەکراوە، کە زمان شێتانە تیایا بەر و دووا دەکا، یاخود سەر و خوار. دیسان گرنگ نیە. دەڵێن ترس هەمیشە ئەمە پیشەیەتی.
هاوڕێکانی لە مێژە دوورکەوتوونەوە، کەچی ئەم هێشتا سەرسووڕماوی دیمەنی کێل و قورینگەیەکە، کە بۆ خۆشیان نازانن بۆ ئەم کاتەی وەرز و زەمەن، لێرە، لە قەراغ شارێکی دووری نزیک سنوور یەکیان گرتووەتەوە .

## قەراغەکان

ئێوارەیەکی یەکێک لە ڕۆژەکانی ژیان بوو. باوکی دەستی گرت و لە گەڵ خۆی بردیە دەرەوە. لە حەوشەکەیان تێپەڕین. دایکی خەریک بوو مریشکەکانی لە کولانە دەکرد. لە کۆڵان تێپەڕین. خەڵکی گەڕەک دووانیگاکانیان لە درز و پشتی دەرگاکانەوە بەرەو دیوی دەرەوە، بەرەو کۆڵان بەڕێ دەکرد. لە شار تێپەڕین. خەڵکی شار بۆ دووا جار، ئەو ڕۆژە لە ئاسمانی ڕۆژیان ڕووانی. ئەم بە خۆی گوت: "ڕەنگە باوکم ئەمڕو نە مریشکەکانی خۆش دەوێ، نە کۆڵان و نە ئاسمان!" بیری ئەو ڕۆژەی کەوتەوە باوکی بە دایکی گوت: "حەوشە و کۆڵان و ئاسمان بە بوونەوەرەکانەوە جوانن!" ئەم کە لەم قسەیە تێنەگەیشتبوو، ئارام ڕووی لە دیوی پشتەوەی حەوشەکە کردبوو، بۆ ئەوەی بۆ جارێکی تر سەیری ڕیزی بێ پایانی ئەو مێرووولە ڕەشانە بکا کە هەموو ساڵێک ڕێک بە هەمان ڕێگادا دەڕۆیشتنەوە.
گەیشتنە قەراغ شار.
یەکەم جار بوو لە ژیانیدا لەم کاتەدا دەچووە دەرەوە. چ بە تەنیا، چ لە گەڵ باوکی یاخود کەسێکی تر قەت نەهاتبووە ئێرە. یەکەم جار بوو قەراغ شاری دەبینی. لای ئەو شار بریتی بوو لەو کۆڵان و خانووانەی ئەم لە پەنجەرەکەیانەوە دەیبینین. ئەو هەمیشە پێی وابوو کە لە پشت خانووەکانی ترەوە هەمیشە خانووی تر هەیە. تەنانەت کێوەکانیش نەیاندەتوانی ڕیزی بێ پایانی خانووەکان ون کەن. ئەوان لە شوێنێکدا لە پشت کێوەکانیشەوە دەستیان پێدەکردەوە. زەوییەک پڕ لە مرۆڤ!
کتوپڕ ئەمڕۆ هەموو وێنە و وێناکان ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هات. بە سەرسوڕمانەوە بینی شار لە شوێنێکدا کۆتایی پێ دێت. دڵەڕاوکێیەکی ترسناک

سەرتاپای داگرت. لە ترسانا دەستی باوکی بە هەر دوو دەست گرت. سەری هەڵبڕی و لە باوکی ڕووانی. بایەکی نادیار گەمەی بە کاکۆڵەکانی دەکرد،... کاکۆڵەکانی هەر دووکیان. بێدەنگیی دەرەوە و ورتە ورتی نادیار و لێڵی ئەو دووا دەنگانەی لە ناو شارەوە دەهاتنە گوێ، سەرسامی دەکرد. ئەو ڕێک لە سەر سنووری نێوان شار و سروشت، دەنگ و بێدەنگی و، باوەڕی کۆن و نوێی خۆی ڕاوەستابوو. لە نێوان دوو هەست و دوو تێفکرینی ناسازدا. دوو بوون یاخود دوو بوونەوەری جیاواز.
ڕاوەستان. ڕاوەستان و ڕاوەستان. چاوەڕووانییەکی ئەوەندە قورس کە هەرچی جوڵەیە لەویا کوشت. باوکی هیچی نەدەگوت. نە سەیری ئەمی دەکرد و نە هەستیش بەوە دەکرا کە ئاگای لە دەستە گچکەکانی کوڕەکەیەتی. تەنانەت لە لێک ئاڵانی دەستەکانیش. لە گەڵ درێژەکێشانی ڕاوەستانەکەیان، پرسیارەکەی ناو دەروونی ئەمیش تا دەهات گەورەتر و گەورەتر دەبوو. ئەوەندە گەورە کە شار و سروشتی داپۆشی،... "باوکم بۆ منی هێناوە بۆ ئێرە؟" ئەوسا سەری هەڵبڕی و لێی ڕووانییەوە. باوکی سەیری شوێنێکی دەکرد. ڕووی وەرگێڕا و هەوڵی دا شوێنەکە پەیدا بکا. لەوێ، لەو دوور دوورانە هەم ڕەنگە هەڵبزرکاوەکانی لێبوو، هەم پەڵە هەورێک و هەم ئاسمان و هەم زەوی. باوکی سەیری کامیانی دەکرد؟ چەند جارێک نیگاکانی لە نێوان سەیرکردنی باوکی و ئەو شوێنەدا ئاڵ و گۆڕ پێکرد. بێگومان باوکی هەموو ئەمانەی دەبینی، بەڵام کامەیانی زۆرتر دەبینی؟... نازانێ.
ئەوسا باوکی کەوتە دووان:
ـ وەک دەبینی ئێرە قەراغە. قەراغ، سنووری نێوان دوو شوێنە،... دوو شوێنی تەواو لەیەک جیاواز.
ئەم تەنیا سەیری باوکی دەکرد.
ـ لە قەراغەکانیشەوە دەکرێ ڕاوەستی و قەراغەکانی تریش ببینی. لە ڕاستیدا باشترین شوێنی دیتنی قەراغەکانی تر، ڕاوەستان لە سەر قەراغە. لێرەوە ئیتر دەزانی ئەوێ چۆنە.
سەیری ئەوێی کرد. ئەو تەنیا شتەکانی دەبینی،... ڕەنگەکان، پەڵەهەورێک، ئاسمان و زەوی. ویستی بڵێ من دەترسم،... لە ڕاوەستانی سەر قەراغەکان دەترسم. ویستی بڵێ هیچ قەراغێک نابینم. حەزی دەکرد بڵێ ئەو لە ماڵی خۆشیانەوە ئەم شتانەی گەلێک جار بینیووە، بەڵام قەت هەستی نەکردووە کە ئەمانە پیوەندییان بە بە شتێکەوە بە ناوی قەراغ هەیە.
باوکی دەستەکەی تری بەرزکردەوەو بە پەنجە ئاماژەی بەو شوێنە دا. ئەم، هەستی بە ناولەپی ئارەقاویی باوکی کرد،... گەرم و لینج. بیری ئەو کرمانەی کەوتەوە کە

له گەڵ منداڵەکانی تر گەمەیان پێدەکردن. بێگومان ئەمیش گەر گەورە بێت ڕۆژێک ئاوا لە گەڵ کوڕەکەی ناو دەستی ئارەق دەکاتەوە. کوڕەکەیشی ڕەنگە بیر لە کرمەکان بکاتەوە. لە بیری نایەت قەت بیری لە ئارەق کردبێتەوە. ئەگەرچی جاری وابوو تۆزی گەڕەکی جوان جوان بە لاجانگەکانییەوە گرێ دەدا. چەسپ. چەسپێکی تۆزاوی.
ـ من وەک تۆ نەبووم. من لە دێ گەورە بووم. لەوێ لە نێوان گوند و سروشت قەراغێک نەبوو. سروشت لە ماڵەکەمانەوە و ماڵەکەمان لە سروشتەوە دەستی پێدەکرد. ساڵان تێپەڕی تا من بە قەراغەکانم زانی. کە پێشم زانین زۆر درەنگ بوو، ئەوەندە درەنگ کە بە ئیستایشەوە وێنەکانی رابردوو لای من هەر بێ قەراغن. وێنە تێکەڵەکان.
باوکی لە کاتێکدا دووا تیشکەکانی ئەو ڕۆژە لە چاوەکانیدا دەدرەوشانەوە، دووا رستەکانی چڕی:
ـ لە راستیدا هەموو شوێنێک پڕی قەراغەکانن. ئەوەی کە پێیان بزانی یان نا قسەیەکی ترە. ئەوەی لە چ تەمەنێکدای، یاخود چ جۆرە ژیانێکت بە سەربردبێ.
ئەم کە سەری لەم قسانە سووڕمابوو، حەزی دەکرد ئیستا لە حەوشەکەیان بایە و بچووایە سەیری مێروولەکانی بکردایە. بیری ئێوارەیانی ناو ژوورەکانی ماڵەکەی خۆیان کەوتەوە. قەت بڕوای نەدەکرد کتوپڕ وەها تامەزرۆییەک لێی بنیشێ کە ئارەقەی نێو دەستی باوکی پێ لەبیربکا. بە حەزی پرسیاری گەڕانەوەوە، سەری هەڵبڕییەوەو لە باوکی ڕووانییەوە. بینی تەنیا شتێک باوکی بیری لێنەدەکردەوە، ئێوارەیانی ماڵەوە بوو.
نازانێ چەندەی تر ڕاوەستان. باوکی دیسان باسی قەراغەکانی کردەوە. ئەوەی کە هەموو شوێنەکان پڕی ئەوانن. ئەوەی کە ژیان خۆیشی پاڵی بە قەراغێکەوەیە. باسی ئەوەی کە دەگەیتە قەراغێک، یان بیر لە رابردوو دەکەیتەوە یان لەوێوە سەیری قەراغەکانی تر دەکەی. وشەکان لای ئەم لە گەڵ تاریک بوونی هەوا لێڵ و لێڵتر دەبوون. گوێ بگرێ یان نەیگرێ؟ جار جارە بە جووڵەیەکی دەستی دەیویست باوکی وەک هەمیشە لە گوێڕایەڵیی خۆی دڵنیا کاتەوە. باوکیشی دڵنیا لە ئێوارە و لە گوێیەکانی ئەو و لە دەنگی خۆی درێژەی بە باسی قەراغەکان دەدا.
کە خولیای گەڕانەوە گرتنی، شەو بوو. ئیتر نە ڕەنگەکان دەبینران، نە پەڵە هەورەکە و نە ئاسمان و نە زەوی. شەو هەموویانی ون کردبوو. لە دڵی خۆیا بیری کردەوە ڕەنگە ئەو شتەیش باوکم قسەی لە سەر دەکرد، ون بووبێت. وڕ و گێژی ئەوەی باوکی دەبێ بۆچی لە سەر شتێک قسەبکا کە ون دەبێ، هەستی بەزەییەکی سەیردایگرت.

که هەموو شتێک بزر بوو، ئیتر بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە. باوکی وەک تارماییەک لە تەنیشتیدا رێی دەکرد. تارماییەکە هەروا دەستی ئارەقاوی بوو. بێگومان مێروولەکانیش ئیستا لە تاریکاییدا رێیان دەکرد،... خەتێکی رەشی ناو رەشایی. ئەو بە چرا فانووسەکەیان ئەمەی تاقی کردبووەوە.
لە شار تێپەڕین. خەڵکی شار لە مێژبوو بۆ دووا جار، ئەو رۆژە لە ئاسمانی رۆژیان رووانیبوو. لە کۆڵان تێپەڕین. خەڵکی گەڕەک لە مێژبوو دووانیگاکانیان لە درز و پشتی دەرگاکانەوە بەرەو دیوی دەرەوە، بەرەو کۆڵان بەڕێ کردبوو. لە حەوشەکەیان تێپەڕین. دایکی دەمێک بوو مریشکەکانی لە کولانە کردبوو.
گەیشتنە ناو ماڵ.
کە دەستی لە دەستی باوکی بووەوە، دەستی تەواو خووسابوو. ئەوەندە تەڕ، کە چەند قەترەیەکی لێ تکا. ئەو قەترانەی کە قەت لە سەر کەفی گڵینی ماڵەکەیان وشک نەبوونەوە،... تەنانەت لە دووای مردنی باوکیشی. ئیستا لەو رۆژە ساڵانی ساڵ تێپەڕیوە. ساڵەکان ئەوەندە زۆرن کە ئەو جاری وایە بۆی حسێب ناکرێن، یاخود تاقەتی ژماردنیانی نەماوە. لە مێژە یەکەمین وتەکانی سەر قەراغەکان وک ئەو ئێوارەیە ون بوونە، کەچی ئەو دەستی بەردەوام ئارەقە دەکاتەوە. قەترەکانی ئێوارەی حەوشە، ئێوارەی کۆڵان، ئێوارەی شار و ئێوارەی قەراغ شار،... قەترەکانی قەراغ.

## ژووری چاوەڕوانی

دادەنیشین. ژووری چاوەڕوانییەکە زۆر گەورە نیە، بەڵام چاوەڕوانییەکان دەڵێی گەورەن. لە سیمای چاوەڕوانەکاندا بێتاقەتی و وەڕزەی دەبینرێ. بیر دەکەمەوە "ئێمەیش وەهامان لێ بەسەردێت" رەنگە هەر لە ئێستایشەوە بەسەرمان هاتبێ، چونکە کە دادەنیشم بە وەڕەزییەوە دادەنیشم. چبکەم؟ چۆن ئەم کاتانە بەڕێ بکەم؟ بە دەوری خۆمدا چاو دەگێڕم. چاو لەو ژنەی دەکەمەوە لە گەڵمدایە. منداڵە شیرەخۆرەکەی بە باوەشەوەیەو خەریکە مەمکی دەداتێ. منداڵەکەی تریشی هەر وەک هەمیشە بە بێ قەراری هەستاوەتە سەرپێ و بە شوێن شتێکدا دەگەڕێ، شتێک کە کاتە وەڕەزاوییەکانی خۆی لە گەڵ بە سەر ببا. منداڵەکە، کە سەرەتا وڕی سیما نەناسراوەکانە، کتوپڕ کەرەسەی یارییەکان لە سوچێکی ژوورەکەدا سەرنجی رادەکێشن و دەستبەجێ بەرەولایان رادەکا. شادییەکی سەیر سیمای دادەگرێ. لا دەکاتەوە و دایکی بە دەنگی بەرز دەدوێنێ. خۆشحاڵ، دەیەوێ ئەم هەستەی خۆی لە گەڵ دایکی دابەش بکا، بەڵام دەنگ تەنیا ئەو دەنگە سەیرانەی کە لە زمان ناچن، ئەو پیتانەی کە تەنیا لە " ئا" یەکی کێشداردا خۆیان دەبیننەوە. هەربۆیە دایکەکە دەڵێی زۆر مەیلی ئەم دابەش کردنەی نیە. کچەکە کەڕە و وشەکانی سەر زاری خۆی ناناسێتەوە. هەست دەکەم دایکی وەک هەمیشە ناڕازی، بە خەمێکی قووڵەوە وەڵامی کچەکەی دەداتەوە. من کە بۆ ماوەیەک لەم دیمەنە دەڕوانم، سەرئەنجام چاوی لێ هەڵدەگرم و خۆم بە شتەکانی دیکەوە خەریک دەکەم. چوار ژن و دوو پیاو و منداڵێکی دیکە. منداڵێک کەمێک کشاوەتر لە کچەکە، بەڵام ئارام و بێدەنگ کە پاڵی بە باوکییەوە داوە. ئەو منداڵە جاری وایە بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەو کچە دەکا کە لە گۆشەی ژوورەکەدا بە یارییەکانەوە

خەریکە. بێگومان یەکەم جارە منداڵی کەڕ و لاڵ دەبینێ، یان ڕەنگە تەنیا سەری لەوە سووڕماوە کە بۆچی ئەو کچە ئاوا دەدوێ.
دەست دەبەم جانتاکەم دەکەمەوە. جانتایەکی ڕەش بۆ کۆمپیوتەر کە ئیستاکە تەنیا کتێبی تیایە. ئەم جانتایەم هەمیشە لە گەڵە. لە گەڵمە بۆ کاتی کاتە وەڕەزەکان، یان بۆ بێ تاقەتییەکان، هەروەها بۆ کاتی چاوەڕوانییەکان. ژیان پڕیە لەم سیانە. نازانم جیاوازیی نێوان وەڕەزیی و بێتاقەتی چییە، بەڵام دەزانم جیان... وەڕەزی، بە هێزترە. شتێکە نزیک لەوەی کە پیاو هەستێ و ئیتر پاڵ بە شتێکەوە بنێ، ڕەنگە پاڵ بە کاتەوە. بەڵام بێ تاقەتی دانیشتنێکی بێهوودەیە بە بێ ئەوەی شتێک بکەی.
دەشزانم کە هەوێنی هەردووکیان چاوەڕوانییە. چاوەڕوانیی چی؟ من لە مێژە ئیدی چاوەڕوانی هیچ شتێک نیم. بە بێ چاوەڕوانیش، ژیان هەر دەڕوا، ڕەنگە باشتریش... کە کتێبەکە لە جانتاکەم دەردێنم، دەزانم کە بە خوێندنەوەی لاپەڕەکان بۆ جارێکی تر وەڕەزی و بێتاقەتی و چاوەڕووانییەکان بۆ چەند چرکەیەکیش بێت فەرامۆش دەکەم. خۆشییەک دامدەگرێ.
خەریکی خوێندنەوەم. دەنگ و پیتە بێ ماناکانی کچەکە ئیستا تێکەڵ بە دەنگی کەرەسەی یارییەکان و جارجارە تەقەی بەرزی ئەو کتری و پیاڵە پلاستیکییە ڕەقانەی کە لە دەستی بەر دەبنەوە. کتوپڕ دکتۆرێک دێت، ناوێک دەخوێنێتەوە. ناوەکە ناگرم، بەڵام دەزانم ناوە! دانەیەک لە ژنەکان کە لە تەمەنی مام ناوەندیدایە هەڵدەستێ و لە گەڵ دکتۆر دەڕوا. لە یەکێک لە ژوورەکاندا ون دەبێ. لە بەر خۆمەوە دەڵێم خۆزگەم بە خۆی! بیرم دێتەوە کە هاوکارەکەم پێی وتم ڕەنگە شەش سەعاتێک لەوێ چاوەڕوان بیت. وتی ڕەنگە منداڵە شیرەخۆرەکە بەرنە ژووری نەشتەرگەری. سەرم هەڵبڕی و سەیری منداڵە شیرەخۆرەکەم کرد. نوستووە. کەچی مەمکەکە هەر وا بە دەرەوەیە. ڕەش و تۆکمە و سەرنجڕاکێش.
خەریکی خوێندنەوە دەبم. چیرۆکی منداڵێک کە باوکی فاشیستە و بەرپرسی یەکێک لەو ئوردووگایانەیە کە جوولەکەکانی تیا پەستێوراوە. منداڵەکە کە وەڕەز و بێ هاوڕێیە، بە دزییەوە لە گەڵ یەکێک لە منداڵە جوولەکەکان دەبێ بە دۆست. هەفتەی چەند جارێک دچێ و لە پشت تێڵ دڕووەکانەوە بە دزییەوە یەکتر دەبینن. نە ئەم و نە ئەو نازانن بۆ ژیان وەهایە. نە ئەم دەزانێ بۆ ئەو خەڵکە لە پشت تێڵ دڕووەکانەوەن و نە ئەویش دەزانێ بۆچی لێرە وا تێک چەپێنراون. منداڵەکانی دەستی ساتە وەڕەزکان و ساتە بێ تاقەت و پڕ لە چاوەروانییەکان. لە نیوەی کتێبەکە لامداوە و ئیتر بۆیە تەواو بۆم سەرنجڕاکێشە.
کتوپڕ دەنگی دکتۆرێکی تر. ناوێک کە نایگرم، بەڵام دەزانم ناوە. ژنێکی بە تەمەن لە گەڵ دکتۆر دەڕوا. ئەویش لە پشت یەکێک لە دەرگاکانەوە بزر دەبێ. لەم

کاتەدا دەزانم کە دوو کەسی دیکە بە خەڵکەکە زیادکراون. دوو چاوەڕوانی دیکە. من کە سەرم لە سەر کتێبەکە هەڵگرتووە، جوان بۆ جارێکی تر سەرنج دەدەمەوە ژوورەکە بە هەموو شتێکییەوە. کچەکە ئێستا ئیتر یەکجار دەنگە دەنگ دەکا. پەیتاپەیتایش کترییە لاستیکییە رەقەکەی لێ دەکەوێتە خوار و دەنگی رەق و ناخۆشی لە سەر موزاییکەکان مێشک دەسمێ. چاو بە سیماکاندا دەگێڕێ. کەس هیچ نالێ، بەڵام نیگاکانیان لە نێوان منداڵەکەدا و دایکەکەیدا دێن و دەچن. وەک بڵێی بە چاو دەنگی دەدەن کە زیاتر ئاگای لە منداڵەکەی بێت. بەڵام دایکەکە ئەم نیگایانە نابینێ. بە مەمکێکی بە دەرەوە دانیشتووەو و لە شتێک وڕماوە. دوو دانە لە پیرێژنەکان سرتەیەک لە گەڵ یەکتر دەکەن و دیسان سەیری دایکەکە دەکەنەوە. لە منداڵەکە دەڕوانم. دەم دەکەمەوە شتێک بڵێم، بەڵام نایڵێم. کتێبەکە دەکەمەوەو دیسان دەخوێنمەوە.
منداڵی پیاوە فاشیستەکە بڕیاری داوە بچێتە ناو کەمپەکەوە. هاوڕێکەی جل و بەرگی تایبەتی خۆیانی بۆ هێناوە. جل و بەرگێکی خەتی خەتیی رەش و سپیی تایبەت بە زیندانییەکان. ئەمیش لە بەری دەکا و ئاودیوی تێڵ دڕووەکان دەبێ. ئاودیوی ئەو کەمپەی مرۆڤەکانی تیا دەسووتێنن. دیسان دەنگی تەقەی کەوتنە خوارەوەی کتری و گلاسە رەقە پلاستیکییەکان. سەر هەڵدەبڕمەوە، سیماکانی بەرامبەرم جگە لە ژنێکی تازەی چاوەڕوان کە بە بزەوە لە منداڵە شیرخۆرەکە دەڕوانێ، هەموویان یەکجار گرژ دێنە بەر چاوم. سەر دەخەمەوەوە سەر کتێبەکەم. سەربازەکان دەروری گروپێک دەدەن و بە پاڵەپەستۆ کۆیان دەکەنەوەو لە ژوورێکی یەکجار گەورەیان دەپەستێون. باران دەبارێ و مرۆڤەکان تەڕن. خۆشیی ئەوەی کە سەرئەنجام سەرپەناهێک لە خۆیان دەگرێ، بە جەستەی برسیی و لاوازیاندا دەگەڕێ. ئەو خۆشییەی کە دووای کەمێک، گازی خنکێنەری پیا دەکرێ. لە رۆچنەی سەقفەکانەوە ئەو سیما ماکس پۆشانەی کە هەورێکی رەش دەکەن بە ئاسمانی ژوورەکە. ئاە، چ هەستێک دامدەگرێ. دیسان تەقەی کەرەسەی یارییەکان، دیسان ئەو وشانەی کە وشە نین. رق و تووڕەییەکی سەیر دامدەگرێ. دیسان سەر هەڵدەبڕمەوە. وەڕەز لەوەی نە دایکی کچەکە و نە ئەوانی دی هیچ نالێن، بڕیار دەدەم دەنگی بدەم. زار دەکەمەوە. لەم کاتەدا کچەکە لادەکاتەوەو سەیرم دەکا. چاومان لە چاوی یەکتردا. ئەو بێدەنگ و من بێدەنگ. پێش ئەوەی من وشەیەک بدرکێنم، ئەو بە زمانی لاڵی دەدوێ: "ئە، ئا ئا ئا،... ئە ئە ئە... با... با با ... بە بەبە..." بیری منداڵە وەڕەزەکانی ناو کتێبەکە دەکەومەوە. منداڵە وەرەزەکانی ناو و دەورووبەری کەمپەکانی سووتاندنی مرۆڤ.

ئارام کتێبەکەم دەبەستم، هەڵدەستم و بەرەو کچەکە دەچم. کترى و گلاسە پلاستیکییەکان هەڵدەگرمەوەو دەیاندەمەوە دەستی. لە کاتێکدا بزەیەک بە روخسارمدا دەگەڕێ، دەست دەکەم بە یاری کردن لە گەڵیدا.

## دەرگای نێوانساڵەکان

لای من ساڵەکان وەک ژوورەکان وان. ئەو ژوورانەی کە لە نێوانیاندا دەرگا هەیە. دەرگاکان. وەک چۆن بۆ ئەوەی لەم ژوورەوە بچیتە ژوورەکەی تر تەنیا ئەوەندە بەسە دەرگاکە بکەیتەوە، ئاوایش دەتوانی بە کردنەوەی دەرگا لەم ساڵەوە بچیتە ناو ساڵەکەی تر. تەنانەت بە پێچەوانەوە. واتە دەکرێ لە ساڵێکەوە بگەڕێیتەوە بۆ ساڵەکەی پێشووتری. تەنیا پێویستە دەرگاکە جارێکی تر بکەیتەوە.
من ئەمە دەکەم. من دەرگای ساڵەکان دەکەمەوە و دەگەڕێمەوە ناویان.
بە پێچەوانەی ژوورەکان کە دەکرێ گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ، ژووری ساڵەکان ناگۆڕدرێن. هەر هەمانن. جۆری شتەکان و تەنانەت مرۆڤەکانیش. ئا، بۆنەکانیش.
جارێکیان حەزم کرد بۆ ژووری ئەو ساڵەی بگەڕێمەوە کە تەمەنم دوانزە ساڵان بوو. تەنیا کارێ کردم ئەوە بوو بێ ئەوەی بجولێم هەستام و درگای نێوان ساڵی دووهەزار و یازدە و دووهەزار و دەم کردەوە. ئەوجار بەرەودوا، ... درگاکانی تر. رێک سی و چوار دەرگا.
سەیر ئەوەیە کە دەگەڕێیتەوە، تەنیا ئەو ساڵە دەبینیتەوە کە مەبەستتە. واتە ئەگەرچی خەریکی بە ناو ساڵەکانی تر یاخود ژوورەکانی تردا تێدەپەڕی، بەڵام نایانبینی. تۆ نایانبینی یان ئەوان خۆیان بە دەستەوە نادەن، نازانم. بەس ئەوەندە دەزانم کە نابیندرێن. لە کاتی تێپەڕیندا هەموو شتێک وەک تابۆ و بوومەلێڵ دێتە بەرچاو. کە گەیشتیشی، ژووری ئەو ساڵە ئەوەندە روون و خۆبەدەستەوەدەرە، کە پێت سەیرە. ئیتر هەر ئەوەندەت بە دەستەوە دەمێنێتەوە کە دانیشیت و بە دڵی خۆت ئەو ساڵە یاخود چرکەیەک لەو ساڵە بەسەرکەیتەوە.

وەک وتم جارێکیان حەزم کرد بۆ ژووری دووازدە ساڵی بگەڕێمەوە. نازانم بۆ رێک ئەو ساڵە. ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە ساڵی پێش ڕووداوێکی گەورە بوو، ڕووداوی ١٩٧٩، یان ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە من پێم وایە لە دووانزە بەولاوە ئیتر مێشک سەردەمی منداڵی بە جۆرێک جیدێڵێ. بە هەرحاڵ ئەو جارەیش دەرگاکانم کردەوەو گەڕامەوە. هەمیشەیش بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە، سەرەتا دەرگای ژوورەکەی خۆم دادەخست. کەس بۆی نەبوو لەو کاتەدا، لە کاتی سەفەرە نائاساییەکانی مندا بێتە ژوورەکەمەوە. نە ژن و نە منداڵ. تەنیا خۆم و ژوورەکەم و ئەو کەل و پەلانەی کە سالانی ساڵ بوو خویان دابووە بێدەنگیی ژوورەکە.
ئەم جارەیش وەک هەموو جارەکانی تر گەیشتم. حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە من هەمیشە لە گەیشتنەکانمدا سەرکەوتوو بووم. من هەمیشە گەیشتووم بەو شتەی کە مەبەستم بووە. ڕەنگە پێتان سەیر بێت. بەڵام ڕاوەستن! پێتان سەیر نەبێت، چونکە من هەمیشە ئەو شتانەم لە ژیانمدا داوا کردووە کە پێگەیشتنی ئاسان بووە. من مرۆڤێکم زۆر خۆم زەحمەت نادەم. بەڵام نابێ لە بیریشت بچێ کە گەر ویستت خۆت زەحمەت نەدەی دەبێ ئاستی خەونەکانیشت دابەزێنی. وەک وتم ئەم جارەیش گەیشتم. کە گەیشتمە ژووری ئەو ساڵە، دیتم من و دایک و باوک و خوشک و براکانم لەوێ دانیشتووین. کەس منی نەبینی. من ئارام دەرگاکەم بەست و چووم لە سەرەوە لە لای خۆم دانیشتم. خۆم، خەریکی سەیری تەلەفزیۆن و کایە و گاڵتە کردن لە گەڵ خوشک و براکانی بوو. جوان لە خۆم ڕووانی. چەند منداڵ دەهاتە بەرچاوم. بیرم هاتەوە کە ئەو کاتانە من نەمدەزانی چەندە منداڵم، بەڵام دەمزانی گەورەکان چەندە گەورەن، وەها کە پێم وابوو مەودایەکی یەکجار زۆر لە نێوان من و ئەواندا هەیە. پێکەنینم دێت. ئیستا کە بیر لەمە دەکەمەوە، بە ڕاستی پێکەنینم دێت.
جوان سەیری سیماکانی تر دەکەم. لە هەرە گەورەیانەوە تا هەرە بچووکیان، کە باوکم بێت تا براکەم. باوکم لە تەمەنی ئیستای من گەلێک گەنجترە. ئەوەندە گەنج کە هیچ تاڵێکی سپی نە بە لاجانگییەوە دەبیندرێ و نە بە قژییەوە. ڕەنگە لەو تەمەنەیدایە کە من تێیدا لە سنوورەکان دەپەڕیمەوە، ئەو کاتانەی وا تێیدا هیچ دەرفەتێک بۆ بیرکردنەوە لە منداڵی نەدەڕەخسا. براکەیشم ئەوەندە منداڵ بوو کە تەنیا خەریکی مژینی لێوەکانی خۆی بوو. هەستام، تەک تەک لە تەنیشت هەموویاندا دانیشتم. قۆلم خستە سەر شانیان. ماچم کردن. ڕوومەتم بە ڕوومەتیانەوە نا. تەنانەت هی خۆیشم. ڕووبەڕوویان دانیشتم و لە چاوەکانیانم ڕووانی، بەڵام کەس منی نەدەدیت. هەستام گەڕامەوە لای براکەم. وەک ساڵان مەمکە مژەکەم هەڵگرت و لە دەمیم نا. مەمکەمژەکەی گرت! ئەوسا ئەویش وەک

من له چاوانی منی روانی. ئەو منی دەبینی! بە ترسەوە کشامەوە. ترسی ئەوەی بمنینن دایگرتم. سەیری دەورووبەری خۆم کرد. نا، وەک جاران بوو. ئاه، چ دەبوو ئەوانیش منیان دیتبا؟ تەنانەت خۆیشم. گەڕامەوە سەر براکەم. نیگاکەی وەک جاران. منی دەبینی. زەردەخەنەیەک گرتی، وەها کە مەمکەمژەکە لە سەر لێوی کەوتە خوار. ئارام کشامەوەو چووم لە تەنیشت دایکما دانیشتم و سەرم کردە سەر رانی. تەلەفزیۆن، سریاڵێکی ساڵانی هەفتای (زایین) لە سەر بوو. هەندێک لە ئەکتەرەکانی لەمێژ بوو مردبوون.
نازانم چەندەی خایان. بە راستی خۆش بوو. ئەو شەوە حەزم نەدەکرد بگەڕێمەوە بۆ ساڵی دوو هەزار و یازدە. ئەو شەوە چیدی حەزم نەدەکرد سی و شەش دەرگای تر بەرە داهاتوو بکەمەوە. وەڕەز لە دەرگاکردنەوەکان، هەروا سەر لە سەر رانی دایکم دیسان سەیری ئەو فیلمەم کردەوە کە ئەو کات بینیبووم.
کتوپڕ دەرگا کرایەوە. لە خەیاڵی ئەوەی وەک جاران یەکێک لە منداڵەکان یان رەنگە خۆم دەچێ بۆ ئاودەست یان ئاوخواردنەوە، زۆر گوێم نەدایە. بەڵام سێبەری کەسێک هاتە ژوور و لەوێ لە بەر دەرگادا راوەستا کە لە سێبەری منداڵ نەدەچوو. گەورە بوو، گەلێک باڵابەرزتر تەنانەت لە دایک و باوکیشم. لام کردەوەو سەرم هەڵبڕی. خاڵم بوو. نیگامان لە نیگای یەکتر چەقی. ئەو راوەستا و من راچەنیم. نیگای لە سەرسووڕمانەوە بوو بە بزە و منیش هەڵاتم و باوەشم پیاکرد. ئەوسا پێکەوە دانیشتین.
ـ ئەوە لێرە چی ئەکەی؟ تۆ کەی فێری ئەم هاتنەوانە بوویت؟
من کە لە دیتنی تێر نەدەبووم، وتم:
ـ من لە مێژە فێری ئەم گەڕانەوانە بووم. تەنانەت بۆ لای تۆیش گەڕاومەتەوە. چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە ئاوا بە تووشت ببمەوە.
لەم کاتەدا خۆمی دوازدە ساڵ هەستا و بە ناو من و خاڵم دا گوزەری کرد و چوو بۆ ئاشپەزخانە بۆ هێنانی شتێک. وتی:
ـ لەمە خۆشتر نەبووە، تەنیا ئەوەندەی دەوێ کە غیرەتی دەرگاکردنەوەکانت هەبێ. ئیتر زۆر راحەتە! ئاخر بۆ خۆت رەنگە باشتر بزانی، کەم کەس دەوێرێ دەرگاکانی رابردووە بکاتەوە.
من کە هێشتا لە بەر خۆشی، خۆم بۆ کۆنەدەکرایەوە، وتم:
ـ سەیرە! کەمێک گەورەتر لەو ساڵەی دەنوێنی کە بۆ دوا جار بینیمی.
پێکەنی و وتی:
ـ ئەرێ، دوو ساڵ گەورەتر. من لە دوو ساڵ دووای ئەو ساڵەوە دێم کە تۆ بۆ دوواجار منت بینی.

ئەوجار ئەوەم بینی کە نەدەبا بینینم، کونێک بە سەرییەوەو کونێکی تریش بە سەر شانییەوە، رێک لە پەنای گەردنیدا. بیرم هاتەوە. داچڵەکام. ئەو کە ئەمەی بینی، وتی:
ـ پێت سەیر نەبێ، ئەمەت لەوە پێش بینیووە. من رێک لەو ساڵەوە دێمەوە، لە ئاخرساڵی تەمەنمەوە.
دوواتر وتی:
ـ بەڵام تۆ یەکجار گەورە بووی،... تەنانەت کەمێکیش پیر بووی. لە ساڵی چەندەوە دێیتەوە؟
ـ لە ساڵی ٢٠١١ وە.
ـ ئەها! (کەمێک راوەستا) بیست و شەش ساڵ دووای من. یانی تۆ ئیستا بیست و شەش ساڵ لە من گەورەتری.
ئەمەی وت و زەردەخەنەیەک گرتی. منیش وتم:
ـ باشە سەیر نیە کە هەم تۆ توانیووتە بگەڕێیتەوە و هەم من؟ جگە لەوە ئێمە چۆن دەتووانین یەکتر ببینین؟ ئەی ئەوانی تر (لێرەدا دەستم راداشت بۆ بنەماڵەکەم) پێت وایە بتوانن ئێمە ببینن؟
ـ وەک دەبینی ئەوان ئێمە نابینن. من و تۆیش بۆیە دەتوانین بگەڕێینەوە چونکە بەشێکمان لێرە ماوەتەوە، جگە لەوە من و تۆ سەرەڕای جیاوازییەکانمان (ئەوەی کە تۆ هێشتا زیندوویت و من مردوو)، دەتوانین یەکتر ببینین چونکە زۆر تاسەی یەکتر دەکەین.
ئەوسا دایە قاقای پێکەنین و وتی:
ـ سەیر کە ئەوە تۆی ئەو ساڵانەی، لەوێدا دانیشتووی. من زۆر جار تامەزرۆی ئەو رواڵەتەت دەکەم. دەزانی لەو تەمەنەدا زۆر شیرین و نەگبەت و گوناح دەهاتیتە بەرچاوم. لە بیرت دێت هەمیشە لە گەڵ خۆما دەمبردی بۆ سینەما؟ دەچووم بۆ سینەما لەبەر تۆ، ئا زۆرتر لە بەر تۆ، نەک لە بەر خۆم. زۆر حەزم بە تێرکردنی چاوە برسییەکانت بوو!
ـ چۆن منت ناسییەوە؟ دووای بیست و شەش ساڵ گاڵتە نیە.
ـ زۆر سادە، تۆ و ئەو هەر دووکتان لێرەن.
لەم کاتەدا سەیری خۆم کرد. لە مەتبەق گەڕابوویەوە و ئەمجارە لە بەردەم تەلەفزیۆنەکەدا دانیشتبوو و سەیری فیلمی دەکرد. وتم:
ـ زۆر سەیرە منیش کە ئیستا سەیری خۆمی ئەوکات دەکەم، هەر ئەم بۆچوونانەی تۆم هەیە لە سەر ئەو کاتی خۆم. بەڵام بەو جیاوازییەوە کە بەزەیم بە خۆمدا نایەت.

ـ دەزانی ئەو بەزەییانە بوو کە منی بەرەو ساڵی ١٩٨٦ برد. من بەزەییم بە کەسی وەک تۆدا هات و لە پێناویا رۆیشتم و کەچی ئیستا تۆ دەژیت. سەیر نیە!
ـ دەبا منیش بمرم؟
لێرەدا راما. گرژ گرژ لێمی ڕووانی و وتی:
ـ بە پێچەوانەوە. بەڵام دەزانم ژیانتان ئاسوودە نیە. ژیانکردن لە گەڵ مەرگە زووەکاندا ژیانی داهاتوو زۆر ئاڵۆز دەکا.

براکەم لەم کاتەدا دەستی کرد بە گریان. دایکم هەستا و مەمکی دایە. ئەو دایکەی کە ئەو کاتیش هەروا مات و بێدەنگ بوو.
وتم:
ـ ئاگات لێیە زۆر لە تۆ دەچێ، گەر پیاو بایە، یان رەنگە ئەوەندەی منداڵ نەبایە، ئەویش چارەنووسی تۆی دەبوو.
خاڵم بە وردی لە خوشکی راما و گوتی:
ـ جاروبارە هەست دەکەم لای منە. راست دەکەی، منیش پێم وایە.
ـ دەزانی، زۆر باش بوو کە ئەمجارە حەزی گەڕانەوەی هەردووکمان لە سەر یەک ساڵ گیرسانەوە. دەرفەتی چاک بوو بۆ بینینەوەی یەکتر. باشە، کاتێک کە تۆ دەگەڕێیتەوە هەر ئاوا لە دوورەوە دادەنیشی یان وەک من دەچیتە لایان و دەست دەخەیتە سەر شانیان و ڕووبەڕوویان دادەنیشی و ورد ورد لە ناوچاوانیان دەڕوانی؟
خاڵم لێرەدا سەری هەڵبڕی و ورد لە منداڵەکانی ڕووانی. ئەوجار وتی:
ـ دەزانی، من ناتوانم وەک تۆ بکەم (بە پەنجە ئاماژەی بە کونەکانی سەر سەر و سەر شانی کرد). من جەستەم بریندارە و هێشتا ئازارم هەیە. جگە لەوە تەرمەکان تەنانەت وەک رۆحیش وەک تاپۆیش تا لە منداڵەکان دوور بن کەمە.
ـ لە بیرتە ئەو ساڵە پێکەوە هاتین بۆ ئەم ماڵە؟ ئەمان هەموویان لە شارێکی تر بوون و من و تۆیش بۆ کارێک هاتین؟
پێکەنی. جوان لە بیری بوو.
ئەو شەوە لە حەوشە تا درەنگان ئەستێرەکانی پیشان دام و باسی ئەوانی بۆ کردم. باسی گەلاوێژ، باسی حەوت برا، باسی کاروان کوژە. شەوێکی هاوینی بوو لە حەوشەیەکدا بە کەپرێکەوە بە سەر حەوزێکی چوارگۆشەدا. کە شەو دەهات ماسییەکان لە شوێنێکدا لەو بن بنەوە کۆ دەبوونەوە و بێ جوڵە هەتا ڕووناکیی ڕۆژی دوواتر گوێیان لە دەنگی گەڵای شەوانی هاوینی بەر بایان دەگرت.

من که به بینینی خاڵم، سەرنجم دابەش بووبوو، رووم تێکرد و وتم: "کەی بگەڕێینەوە؟" وەک بڵێی گەڕانەوە زیاتر ئەوم پێ دەبەخشێ.
کە بە تەنیا سەفەرم دەکرد، گەر شەو بایە، هەتا دەورووبەری سەعاتی دووانزەی شەو دەمامەوە. رادەوەستام تا جێگایان رادەخست و ئارام ئارام خەویان لێدەکەوت. بە تایبەت زۆر جوان سەرنجی خۆم دەدا. چەند بە نائارامی خەو دەیبردمەوە. سەرم لە بێ ئۆقرەییەکانی خۆم سوور دەما. کە خەویشم لێدەکەوت ئەوەندە خەوم قورس بوو کە بە زەحمەت بەخەبەر دەهاتم. ئەویش وەک من هەمیشە تا کاتی نووستن رادەوەستا.
ئەو شەوە پێکەوە گەڕاینەوە. بۆ یەکەم جار لەم جۆرە سەفەرانەمدا بووم بە خاوەن هاوڕێیەک. هاوڕێیەکی شەبەح ئاسا. کە گەیشتینە ساڵی ١٩٨٦ راوەستاین. شوێنی راوەستانەکەمان دارستانێکی قەراغ شار بوو. دارستانێک کە هێشتا بە سەر یەکێک لە لکەکانی درەختی سەر کێلێکەوە، ناوونیشانێکی سوور دەبینرا کە دەستی زەمەن رەنگەکەی ون کردبوو. با و باران و بەفر و رەهێڵە، مشتبوویان. کە راوەستاین، هەر دوو بێدەنگ کەمێک لە یەکترمان رووانی. نە من تازە دەمتوانی لەم دارستانە بمێنمەوە و نە ئەو تازە دەیتوانی بێت بۆ ناو ژووری ٢٠١١. وتم:
ـ هەمیشە رقم لەم ساڵە بووە، رقم لە ١٩٨٦ بووە، بەڵام جارەکەی تر گەر بێمەوە، دێم بۆ ئەم ژوورە.
زەردەخەنەیەکی تاڵ لێوانی گەست. وتی:
ـ هەندێک لە ساڵەکان دەبێ فەرامۆش بکرێن. هەندێک لە ساڵەکان دەبێ تەنیا بە نێویاندا گوزەر بکەیت.
کە جیا بووینەوە، دیتم ئارام لە ناو دارستانەکەدا تاریکی قوتی دا. وەک سێبەرێک، لە سێبەرێکی تردا ون بوو. منیش بە ناو ژوورەکانی تردا گەڕامەوە.
کە گەڕامەوە بیرم لە ساڵەکانی ٢٠١١ و ١٩٨٦ و ١٩٧٨ کردەوە. ژمارەی یەک، ژمارەی هاوبەشی هەر سێکیان بوو. بیرم کردەوە مرۆڤ زۆر لە یەک لە ژمارە یەک دەچێ. یەکێکی هەمیشە یەک!

## خائینترین بێ وڵات

کە پێشبڕکێی یارییەکانی فووتباڵ دەست پێدەکا،ماڵی ئەمان دەبن بە چەندین دەستە. ئەوەندە زۆرن کە بەشی هەموو تیمەکان دەکەن. پێش ئەوەی یارییەکان دەست پێ بکەن، ئەوەی پێویست بێت دەیکڕن: گوڵەبەڕۆژە، کولا، چپس و بیرە. لە گەڵ هاتنی ئەم پێشبڕکێیانە، تەواو حاڵ و هەوای ماڵەوەیان دەگوڕدرێ. حەز، هەڵچوون، دەمەقاڵە و قاو و قیژ هەموو ژوورەکان دەتەنن. هەر کەسە و لایەنگری تیمی خۆیەتی و تا دەتوانێ بە سەریا هەڵدەدا، پشتی دەگرێ و هاواری بۆ دەکا، بەڵکوو بیباتەوە! تەنیا ئەمە لایەنگری هیچ هەڵبژاردە و تیم و وڵاتێک نیە. ئەم هەموو هەڵبژاردەکانی خۆش دەوێت. یان رەنگە هیچیشیانی خۆش ناوێت. ئەم تەنیا لایەنگری جوان کایەکردنە. ئیدی بۆی گرنگ نیە کێ دەیباتەوە. ئەم لە گەڵ هەموو لایەنگرە جۆربەجۆرەکان لە کاتی گوڵکردن و شوێنە حەساسەکانی کایەکاندا دەقیژێنێ، هەڵدەخاتەوە و ئەوانی تر لە باوەش دەگرێ. هەربۆیە کە کایە تەواو دەبێ، لە هەموویان ماندووترە. ئەوەندەی قیژاندووە کە دەنگی نووساوە و ئەوەندەیشی چپس و کولا خواردووە و خواردووەتەوە کە دڵی بەیەکا دێت. لایەنگری تیمەکان لە کاتی وەرزی یارییەکاندا تەواو رقیان لێیەتی، بەڵام جگە لە تەحەمول کردنی، چاری دیکەیان نیە. لە بەر چاوی ئەواندا، ئەم گەورەترین خائینی جیهانە. ئەو خائینەی کە هیچ شوێنێک نایگرێتە خۆی! خائینترین بی وڵات. رۆژێک یاریی نێوان دوو هەڵبژاردە بوو. گرووپی یەکەم کە لایەنگری هەڵبژاردەی شین بوون لە دەستی راستی ئەم دانیشتبوون و، گرووپی دووهەم کە لایەنگری گرووپی قاوەیی بوون لە لای دەستی چەپی. ئەمیش لە ناوەراستیاندا. کایەکە زۆر گەرم بوو. دەنگی قیژ و قاو لە ناو ژوورەکەدا وەها دەهات و دەچوو کە بۆ

کەسێکی ئاسایی تەحەمول کردنی مەحاڵ بوو. دەققەی شەست و چوار بوو و هەر دوو هەڵبژاردەکە سێ بە سێ بەرامبەر بوون. هەر دوو لا بەراستی ئەوەندە جوان یارییەکان دەکرد کە ئەمی لە خۆ بێ خۆ کردبوو. جوانترین کایەی دونیا! قەت لە ژیانیدا کایەی وەهای نەدیتبوو. قەتیش لە ژیانیدا بە قەدەر ئەمڕۆ باوەشی بە لایەنگرەکانی دوو گرووپی رەقیبی یەکتردا نەکردبوو.
کایە تا دەهات گەرمتر دەبوو. لە دەققەی هەشتا و پێنج دا هەر دوو لا شەش شەش بەرابەر بوون. یاریچییەکان، شەلاڵی ئارەق و بە جەستەیەکی تەواو شەکەتەوە تا دەهات گەرمتر و گەرمتر، جوانتر و جوانتر کایەیان دەکرد. بوو بە دەققەی نەوەد. چوار دەققە کاتی ئیزافییان دا. هێشتا سێ خولەکێک تێنەپەڕیبوو کە هەڵبژاردەی شین گوڵی حەوتەمی خۆی کرد. گوڵەکە ئەوەندە جوان بوو کە ئەم دەستبەجێ لە جێی خۆی هەڵبەزییەوە و لە جیاتی ئەوەی باوەش بە لایەنگرەکانی دەستی راستی خۆیدا بکات، باوەشی بەوانەی بەشی چەپدا کرد. ئەوانەی دەستی چەپ کە ئیدی هیچ ئومێدێکیان بە لێدانی گوڵی بەرابەر نەمابوو، لە جێی خۆیان وشک بوون. ئەم بە دەم هاوار هاوارکردن و هەڵخستنەوەوە، لە هەوڵی گێڕانەوەی دووبارەی چۆنیەتی گوڵەکە بوو کە لە ناکاو شتێکی قورس بە توندی بەر پشتە سەری کەوت،... ئەوەندە قورس کە وەک فەردەیەکی بەتاڵ لەناو خۆیا چین چین دابەزی و لە سەر زەوی بوو بە توێژاڵێکی چرچ.

## تەلەفۆن

بە خۆی دەڵێ گەر گەیشتم یەکەم کارم ئەوە دەبێ تەلەفۆن بکەم. لەمێژە تەلەفۆنی وەک جاران بەکار نەبردووەو تاقی نەکردووەتەوە. لەوێ وای لێهاتبوو کە ئیتر کەس بە تەلەفۆن کاری رانەدەپەڕاند. وەک ساڵان خەڵک بۆ بیستنی هەواڵ و خەبەر و باس سەردانی یەکتریان دەکرد، یاخود دەچوونە دەرەوە. بەر دووکانەکان و مەیدانی ناو سەنتەری شار باشترین شوێنی بیستنی هەواڵ بوو. هەواڵەکانیش وەک بڵێی پێیان گوترابێ، رێک روویان لەوێ دەکرد! تەنیا گوێت هەڵخستبا، بەس بوو. پێویست نەبوو پرسیاربکەی. ئەوان بۆ خۆیان بە گوێیەکان ئاشنا بوون. بۆ خۆیان دەهاتن.
لە بیری دێ بەرەبەرە تێیدا جۆرێک لە رق بەرامبەر بە تەلەفۆن درووست بووبوو. خەڵکی، وەرەز لەو گووشیانەی کە ئیدی هیچ دەورێکیان نەمابوو، تەنیا بە گوێرەی عادەت لە سووچی ژوورەکان لە سەر مێزێکی گچکەی خنجیلە رایانگرتبوون. ئەو گووشیانەی جاری وابوو تۆز بە چەندین هەفتە دەبوون بە چارشێوی سەر جەستەیان.
کە گەیشت، بەڵێنەکەی خۆی بە جێ هێنا. هەڵبەت دووای چەندین رۆژ. رووی لەو دووکانە کرد کە وەک تاقە دووکانی گەڕەک خۆشەویستی هەمووان بوو. ئەو دووکانەی وڕەی هات و چۆی سەیارە گەورەکان لە سەر جادەکەی بەردەمی لە شمەکەکانی دەئالا و جەستەی مشتەرییەکانی دەخستە لەرزین.
سەرەتا بە شەرمەوە لە تەلەفۆنەکە نزیک کەوتەوە. هەوڵی دا جوان بێتەوە بیری کە جاران چلۆن کەلکی لێوەردەگرت. دەبا سەرەتا گووشیەکە هەڵگرێ، ئەوسا دانە دانە بە شوێن یەکتردا ژمارەکان لێبدا. ئەو ژمارانەی کە پێکەوە و بە شوێن

یەکتردا دەبوون بە شوێنێک لە وڵاتێکی دوورەدەست. بە شوێنێک وەک ماڵی ئەوان.
کاغەزە چرچ و لۆچەکەی ناو گیرفانی دەرهێنا. یەک بە یەک رەقەمە چرچەکانی خستە ناو خولەکی ژمارەکانەوە. چەند دەنگەکەی خۆش بوو. دەنگێکی رەمزاوی و شاد. دڵی ئەوەندە توونـد و بە پەلە لێی دەدا کە بە ناچار دەستی بە رەفەکانی تەنیشتییەوە گرت. کە دڵ بە پەلە لێی دا، مانای ئەوەیە ئەژنۆ شل دەبێ و زاریش وشک. ئەو لەمێژ بوو لە گەڵ ئەم یاسایە ئاشنا بوو.
کە دووا ژمارەی خست، دەنگی زەنگی ئاگادارکردنەوە، تەلەفۆنەکەی ئەوبەری تەلەکەی هێنایە لەرزین. ئەو زەنگە ئێستا لەو ژوورەدا دەنگ دەداتەوە کە ئەو ساڵانی ساڵ لەوەبەر تێیدا بوو. باوەڕی نەدەکرد ئەوەندە ئاسان تەنیا لە رێگای تەلێکەوە بچێتەوە ژووره سیحراوییەکان. کتوپڕ دووای چەند جەرەس، کەسێک تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:
- ... !
ـ ئەلۆ فەرموو،... جەنابت؟
هەمان دەنگ، دەنگی دە ساڵ لەوە پێش. وەک بڵێی کات ئەسڵەن رانەبردبێ. بۆ خۆی پێی وایە کە دەنگی خۆی یەکجار گۆڕاوە. ئەو پێی وایە کە زۆر دوور کەوتیتەوە و ساڵانێکی زۆریش بەسەردا هات، ئەوا هەموو شتێک زۆر خێرا دەگۆڕدرێ. بگرە دەنگیش. ئەو رقی لەو شاعیرە بوو کە دەیگووت تەنیا دەنگ نامرێ!
ـ ئەلۆ... ئەلۆ!
ئەم وەڵام ناداتەوە. دەمی لەوە وشکترە. لێوی دەلەرزێ. سەری بە رەفەکانەوە دەنێ و دیسان بیر لەو دەنگەی دەکاتەوە کە دووای ساڵانی ساڵ هەر هەمان دەنگە. بیردەکاتەوە "نا، دەنگی ئەو نا، دەنگی من گۆڕدراوە. دەنگی ئەو ئەسڵەن بۆ بگۆڕدرێ؟"
یەکەم جار هەستی بە گۆڕانی دەنگی خۆی کرد دووای دوو ساڵ بوو. ئەو جارەی وا لە گەڵ هاوڕێیەکی کە بە رێکەوت بینیبوویەوە، لە بارێک دانیشتبوون و بە دەوری مێزێکەوە بەرامبەر بە یەکتر قسەیان کردبوو. ئەو شەوە، ئەو ئەوی وەک تاپۆیەک بینیبوو، وێنەیەکی دووکەڵاوی لە پشتی دیوارێکی دووکەڵەوە. دیوارێکی لێڵ. هەستی کرد دەنگی ئەوەندە گڕبووە کە جاری وایە هاوڕێیەکی دەسڵەماندەوە. بیری دەکردەوە "هی دەنگمە، یان هی ژیانم؟"
ـ ئەلۆ!

دەیزانی گەر قسە نەکا، دەنگە هەرە ئاشناکە تەلەفۆنەکە دادەخا. ئەم دەبا قسەی کردبایە. وشەی "ئەلۆ" قورگی دڕدا و پێش ئەوەی بگاتە سەر زمان و لەوێوە بۆ لێوی، راوەستا. خۆی کوڕکرد، شانەکانی کۆکردەوە و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.
ئەوسا راست بوویەوە و هەوڵی دا وشەکان وەک خۆیان بگەیەنێتە گووشیەکە.
بێ ئەنجام.
تەلەفۆنەکە داخرا. خاوەن دووکانەکە دەنگی دا کە داخۆ کەنگێ تەواو دەبێ. بە بێ ئەوەی لابکاتەوە، دەستێکی ئیشارەتی لێ بەرز کردەوە. وەک بڵێی دەیەوێ بڵێ کەمێکی تر راوەستە، ئەوەندەی نەماوە! خاوەن دوکانەکە بە چاوێکی پڕ لە پرسیارەوە سەیری ئەو مشتەرییەی کرد کە چاوەڕوان بوو.
جارێکی تر ژمارەکەی لێدایەوە. هەمان دەنگ و هەمان ریتم،... هەمان زەنگ و هەمان ژووری سیحراوی،... هەمان دەنگی ئاشنای دەیان ساڵەیش. گەر ئەمجارە ئەو شیعرە ببینێتەوە بێگومان هەوڵ دەدا لە یەکەم دێڕەوە تا دووا دێر لە بەری بکا. ئەم شیعرە هێشتا لەوێ لە وڵاتی ژوورە سیحراوییەکان دەخوا.
ـ ئەلۆ فەرموو!
شەوی پشت دیواری دووکەڵەکە بە هاوڕێیەکەی گوتبوو کە رەنگە ئیتر لەمەبەولا هەموو شتێک تەنیا دووکەڵ بێ و بەس. یان رەنگە هەموو شتێک لە بنەڕەتدا هەر دووکەڵ بووە. پاشان بە پەنجەی ویستبووی کونێک لە دیوارەکە چێ بکا بۆ ئەوەی هاوڕێیەکی وەک ئەو ئالوودەی وەها دیوارێک نەبێ.
بە کاوەخۆ زیاتر شانی بە رەفەکانەوە گووشی. تەواوی قورسایی جەستەی لە سەر شانی بوو. بڕوای نەدەکرد قەبوڵکردنی چارەنووس لای ئەو ئەوەندە بخایەنێ. قەت نەیدەزانی داهاتوو لای ئەوە ئەوەندە درەنگ دەبێ بە داهاتوو. بیری لە زەمەن کردەوە. لەوەی کە سێ ئاراستە دەبێ بە تەنیا دانەیەک.
لۆرییەکی قورس تێدەپەڕێ و شمەکەکانی سەر رەفەکان هەڵدەپەڕن و جەستەی وشکی ئەمیش دەکەوێتە لەرزین. ئەم لەرزینە، فرمێسکە قەتیس ماوەکانی ناو چاوەکانی دەهاژێنن. وەها، نەرم نەرم یەکیان بە سەر رووومەتی کونج کونجاویدا رادەخوشێتە خوار. فرمێسکەکە لە سەر هەر چاڵێکدا سووکە راوەستانێکی بۆ دەکا.
شەوی بارەکە سوێندی خواردبوو کە جوانترین دیمەنی دونیا دیمەنی پشتی دووکەڵەکانە. هاوڕێیەکی تەنیا سەیری کردبوو.
ئەو شەوە زۆر رەحەت قسەی بۆهاتبوو، هەموو شتێکی ئەم دوو ساڵەی ورد ورد لە بیربوو. هەمووی بۆ ئەو گێڕابوویەوە. گرینگ نەبوو ئەو حاڵی دەبوو یان نا، یان ئەوەی کە لە بیری دەما یان نا. گرینگ گێڕانەوە بوو. لەم دوو ساڵەدا بەو

ئاکامە گەیشتبوو کە حەزی گێڕانەوە لەودا یەکجار گەشەی کردبوو. بە تایبەت لەو شەوەوە وا لە پشت دیوارە دووکەڵاوییەکە دانیشتبوو.
ئەو دەبێ بگێڕیتەوە. بە زاری وشکیش نابێ. دەنگە ئاشناکەی ناو تەلەفۆنەکە ئەمجارە نە تەنیا گووشییەکە دانانێ، بەڵکوو بە بێدەنگی چاوەڕوانە. ئەم کە سوپاسێکی تەژی لە پێزانینی لە دەروونداپە، دیسان خۆی کوڕدەکاتەوە، شانەکانی کۆدەکاتەوە، هەناسەیەکی قوڵ دەکێشێ و خۆی راست دەکاتەوە و هەوڵ دەدا وشەکان فڕێ داتە دەرێ. فرمێسکەکان کە ئیستا گەیشتوونەتە سەر لێوەکانی، یارمەتیدەرن. دەخزێنە دەمییەوە و لەوێوە بۆ ناو قوڕگی. تامیان سوێرە، بەڵام وشەکان بۆیان فەرق ناکا، چ دەریا بێت و چ ئاوی چۆم یان کانی، ئەوان تەنیا رێگایەکی تەڕیان دەوێ.

## بەفرە وەڕەزەکان

خۆی بە خۆشبەختترین مرۆڤی ئەم جیهانە دەزانێ. لانیکەم یەکێک لەوان. یەکێک لە دەگمەنترینەکان. ئەوانەی وا ئەوەندە بەختەوەرن کە ئیدی لە روو پێناکەنن، بەڵکوو لە دەروونەوە. پێکەنینەکە لە شوێنێک لە دەروونەدایە. لەو قوڵ قوڵانەدا. ئەوێی وا هیچ دەستێک نایگاتێ تا بتوانێ بیشەمزێنێ، بیگۆڕێ یاخود جۆرێکی تری لێبکا. بۆ خۆی دەڵێ خۆشبەختم چونکە قوڵترین دەروونی دونیام هەیە. ئەوەندە لەمە رازییە کە بزەیەکی نەخوازراو لێوەکانی دەتەنێ. لەو بزانەی کە تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوانی تر لە بەر خۆیانەوە جوێنی پێبدەن. "هەتیوەی لە خۆڕازی و لووت بەرزی خوێڕێ!... تڕکن!" ئەم بۆ خۆی چاک دەزانێ کە نە لەخۆڕازییە و نە تڕکنیش. بگرە زۆر خاکی و بۆن خۆشیشە. ئەوەندە خاکی کە دەتوانێ لە پێناوی سادەترین شت دا، شتی وەک فرمێسکی منداڵێک خۆی بە کوشتن بدات و، ئەوەندەش بۆن خۆش کە حازر نیە یەک گوڵ چییە بە رێکەوتیش بێت پێشێلی بکات. بەڵام کێ ئەمە دەزانێ. تەنیا خۆی، خۆی و خۆی. ئەوەندە خۆی، کە ئەمە تەنیا حەقیقەتێکە لای خۆی و بەس!

لە دەروونی خۆیدا باوەڕێکی قوڵی بەمە هەیە کە ژیانی ئەو زۆر سادە رۆژێ کۆتایی پێدێ. وەها سادە و ساکار کە نە خۆی دەتوانێ باوەڕی پێبکا و نە ئەوانی تر. لەو چیرۆکانەی گوێی لێدەگری، بەڵام باوەڕی پێناکەی. خۆشترین چیرۆکەکانیش ئەمانەن. بێگومان گەر دووای مردنی زیندوو بایە، دەیتوانی سەردێڕێکیش بۆ چیرۆکەکەی دابنێ. بۆ وێنە "مەرگی خۆشبەختترین مرۆڤی دونیا" یان "مەرگی بۆن خۆشترین مرۆڤی جیهان".

کات کەمە. وەک لە کۆنەوە، نەوە دووای نەوە وتوویانە ژیان یەکجار کورتە. کەواتە دەبێ دانیشێ و لە ئیستاوە ئەو رووداوە سادەیە وا ژیانی ئەو واتە خۆشبەخترین مرۆڤی دونیا رۆژێک زۆر سادە کۆتایی پێدێنێ، ببینێتەوە. یاخود بیگێڕێتەوە. گێڕانەوەیەک بۆ خۆی. بەڵام چۆن؟ دژوارترین کار لە ژیاندا گێڕانەوەی رووداوە سادەکانە. رووداوە سادەکان لای ئەو ئەو رووداوانەن کە زۆر دووپات دەبنەوە. بۆ وێنە هەڵاتنی هەتاو. رووداوێکی سادەی هەموو رۆژە، بەڵام گێڕانەوەیەکی دژوار. دیاردەیەک کە تەنیا دەبێ ببینی و بەس. هەموو رۆژێک. چۆنە چیرۆکی مردنی خۆی وەک داچوونی هەتاو بگێڕێتەوە؟... ئاوابوون. گێڕانەوەیەکی کلاسیکی. یان باڵندەیەک کە لە کاتی فڕیندا، کتوپڕ دەوەرێ و لە شوێنێک لە ناو دارستانەکاندا ون دەبێ. یان وەک جادەیەک کە لە شوێنێک رێگا قووتی دەدا و ئیدی هیچ ئاسەوارێکی لێ نامێنێ. لەو جادانەی کە نازانی چۆن تێکەڵ بە سروشت دەبنەوە. جادەیە تەسلیمی سروشت دەبێ، یا سروشتە جادەکان دەخواتەوە.

دادەنیشێ. ئەگەرەکان لێک دەداتەوە. ئەم هەموو رۆژێک ئێوارەیان بەم جادەیەدا کاتێک خۆر دادەچێ و نەرمەبایەک روومەتی دەلاوێنێتەوە، رادەبورێ. لە مێژە ئەمە عادەتیەتی. خووی پێگرتووە. ئەو رەنگە لە یەکێک لەم ئێوارەیانەدا لە کاتی پیاسە و روانینی ئاسمانی شاردا بمرێ. لە سەر جادەیەکی چۆڵ. لە تەنیشت ئەو خانووانەیدا بۆنی گەرمی پێکەوەبوون دەدەن. یان رەنگە لە شوێنێکی تر. ئەو هەموو رۆژێکی هەینی سەعاتی دووی شەو خەودەبینێ. لە خەویا حەوشەکەیان سەرتاسەر دەبێ بە دار چوالە و بەهاران ئەو گوڵە سپیانە دەردەدەن کە هەرچی باڵندەی شارە لێی کۆدەبنەوە، تەنانەت باڵندە کۆچەرییەکانیش. ئەوانەی وا سەفەر بەشێکە لە بوونیان. ئەو رەنگە لە کاتی یەکێک لەم خەون بینانەدا بمرێ. مردنی ناو شکۆفە سپییەکان و باڵندە سەفەرییەکان.

یان رەنگە لە کاتی کاتە بێهوودەکاندا. ئەو کاتانەی وا زیاتر لە هەر ساتێکی دی لە بیر و ئەندێشە دەچی، بەڵام بەتاڵتری لە هەر کاتێکی تر تیایاندا. ئەو کە هەموو شەوێک رێک پێش ئەوەی خەو بیباتەوە، ئەمەی بە سەردا دێت، هەوڵ دەدا لە بن پەنجەرەکەوە لەو چاوەیەوە وا دەرفەتێکی روانینی تیایە بۆ ئاسمان، بە بیرکردنەوە لە ئەستێرەکان ساتە بێهوودەکان پڕکاتەوە. کەچی ئەستێرەکان یارمەتی نادەن. ئەوان لەوێ لەو سەرسەرەوەن و ئەمیش لێرە لە خانوویەک دا کە هەر لە سەرەتاوە بێ حەوشە بووە. مردن لە ناو کاتە بێهوودەکاندا بێگومان کەمترین فرمێسکی بە شوێنەوەیە. دایکی چ خۆشبەختە!

یان ڕەنگە لە ساتەوەختی هەڵچوونی هەستەکاندا. ئەو کاتانەی وا سەرتاسەری جەستە دەبێ بە وزە و هێز. ئەو کە ساڵی هەشت جار ئەمەی بە سەردا دێت (لە سەرەتا و کۆتایی هەر وەرزێکدا)، هەوڵ دەدا لە دەرەوەی شار لە داوێنی سروشتدا بێت. بۆ وێنە شوێنێک وەک دۆڵێک، یان دارستانێکی چڕ.
دادەنیشێتەوە. کەواتە چەند جار ئەگەری مەرگی ئەو هەیە؟ دەیانژمێرێ: هەموو ئێوارەیەک، هەموو ڕۆژێکی هەینی سەعات دووی شەو، هەموو شەوێک پێش خەوتن و دوو جار لە هەر وەرزێکدا. حسێبیان دەکا، سەرجەم ٧٩٠ جار لە ساڵدا دەرفەتی مەرگ هەیە. ٧٩٠ جار ئەگەری مەرگی خۆشبەختترین مرۆڤی دونیا.
تاقەتی نیە حاڵەتەکانی تر بێنێتە بەر چاوی خۆی. بۆ وێنە ئەگەری ئەوەی کە لەو کاتەدا بمرێ کە دایکی باس لە بێتاقەتییەکانی خۆی دەکا (دایکی هەمیشە بێتاقەتە)، یان ئەو کاتانەی باوکی دەنکە بەفرەکان دەژمێرێ. بیر دەکاتەوە بڵێی ئەم ٧٩٠ جارە چەند ژمارەی تری دووای خۆی دەبەزێنێ و بە جێیان دێڵێ!
سەری لەم هەموو ڕووداوە سادەیەی ژیان سوڕدەمێنێ. تا ئێستا نەیزانیبوو ژیان ئەوەندە پڕی ڕووداوە ساکارەکانە: پیاسەی ئێواران، خەوبینینەکان، کاتە بێهوودەکان، هەڵچوونەکان، بێتاقەتییەکانی دایکی و بەفرژماردنەکانی باوکی. بیردەکاتەوە کە بۆ دۆزینەوەی سەردێڕ کێشەی گەورەی نیە. تەنانەت هەر لە ئێستایشەوە دەتوانێ دایانبنێ. پێویست ناکا تا دووای مەرگ ڕاوەستێ. لە دڵەوە سوپاسی دووپاتبوونەوەکان دەکا کە ئەوەندە ئاسان ناوەکان بە دەستەوە دەدەن. گەر ئەوان نەبان، ژیان چەند بێ ناو و بێ مانا دەبوو.
ساڵان تێدەپەڕێ.
ڕۆژێک لە کاتی وەڕەزییەکانی دایکی و ژماردنی دنکە بەفرەکانی باوکیدا شتێک وەک تەقینەوە، جەستەی ئەم لە گەڵ خۆی دەبا. نازانێ لە کوێوە ئەمە دێت. لە هیچ کام لە ڕووداوە ساکارەکاندا ئەمەی نەبینیبوو. وەڕەز لە ونبوونی سەردێڕەکان، دەست بۆ جەستەی لێکترازاوی خۆی دەبا. بزەیەک دەیگرێ. سەردێڕەکە لەوێدایە،... "بەفرە وەڕەزەکان".

**باران و مێژوووناسەکانی گەڕەکەکەمان**

بارانێکی سەیر دەبارێ. بە لێزمە. دەنک دروشت و زەلام. تەڕ، ئەوەندە تەڕ کە هەر دەنکی دەکرێ گەڕەکێک یاخود شار یان وڵاتێک بخوسێنێ. نە نەوەی من، نە نەوەی پێش من و نە پاشی من بارانێکی وەهایان بە خۆیانەوە نەدیووە، نا لە بیریان نیە! ئەم بارانە قەت لە مێژوودا رووی نەداوە. هەموو پێیان سەیرە. ئاگام لێیە هەموو نەوەکان هەر کامەیان لە ماڵی خۆیانەوە، لە پشت ئەو پەنجەرانەی کە بە سەر تاقە باغی شارەکەماندا دەڕوانن، دانیشتوون و لاپەڕەی کتێبە مێژووییەکان هەڵدەدەنەوە. ئەوان لە رابردوودا غەرقی دۆزینەوەی رووداوێکی لەم چەشنەن. نوقمی ژوورە پڕ لە کتێبەکانن، بەڵام باران ئەوەندە بە خوڕ دەبارێ کە سەراسیمەیان دەکا. جوان ناتوانن بە ناو رستەکان و رووداوەکان دا رۆبچن. باران و وشە و، وشە و باران. باران و رستە و، رستە و باران. جاری وایە وشەکان و رستەکان دەبن بە باران و جاری وایشە باران بەوان. کەس نازانێ چۆنیان دەخوێننەوە. هەوا بۆنی بەزەیی دەدات.

من تاقە مرۆڤی ئەم شارەم کە لەم هەوایەدا دەچێتە دەرەوە. بە هەموو کۆڵانەکاندا دەگەڕێم، سەیری هەموو پەنجەرەکان دەکەم و کەچی تەڕ نابم! باران بە هەموو جەستەمدا وەک رووبار، وەک قەڵبەزە و جۆبار دێتە خوارێ و کەچی وشکی وشکم. جاری وایە بە خۆم دەڵێم رەنگە من تەنیا مرۆڤی ئەم شارە بم کە دەتوانم مێژوو بخوێنمەوە و رازی ئەم بارانە سەرئەنجام دەربخەم. ئەرکێکی مێژوویی داسەپاو. پێکەنینم بەم بیرەی خۆم دێت. من قەت تاقەتی خوێندنەوەم نەبووە. من تەنیا حەز دەکەم بە شار و بە کۆڵانەکاندا بگەڕێم و سەیری باران و سەیری نەوەکانی پشت پەنجەرە تەماوییەکانی باران بکەم.

هەورەکان ئەوەندە نزمن کە ترۆپکی درەختەکان ون دەکەن. برووسکەکان ترۆپکەکان دەلێسنەوەو لە شوێنێکی نادیار تامی تاڵی گەڵا و چڵ و لاسکەکان تف دەکەنەوە. منیش ناو دەمم مزر دەبێ، کەچی تف ناکەمەوە. باوکم فێری ئەمەی کردووم. دەیگوت تف کردنەوە بۆ ئەو کەسەی تەڕ نابێ، کارەساتە. منیش کە قەت حەزم بە کارەسات نەبووە، خۆم لە کردەی کارەساتاوی دەپارێزم.

بیر لە باڵندەکان دەکەمەوە. ئەوان بێگومان لە شوێنێکن. شوێنێک وەک نەبوونی باران. من گەر لە جیاتی ئەوان بوومایە، گوێم نەدەدایە،... بە بارانیش دەفڕیم. من هەمیشە پێم وابووە هیچ شتێک نابێ بەر بە فڕین بگرێ. تەنانەت ئەو بارانەیش کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە و نیە.

زۆر خەمی ئەوەمە تەنیا باخەکەی شار ئاو بیبا. دڵنیام گەر باران ئاوا بەردەوام بێت، سەرئەنجام ئەم کارەساتە روودەدا. لافاوێک کە هیچ نەوەیەک و هیچ کتێبێکی مێژوویی ناتوانێ بەری پێ بگرێ، رۆژێک یاخود هەر ئیستا لێرەوە گوزەردەکا. خەمەکە تا دێت قورستر دەبێ. ئەوەندە قورس کە دەچم لە دەرگای ماڵی هەموو نەوەکان دەدەم. حەز دەکەم بپرسم کە بە کوێ گەیشتوون. ئەوەی داخۆ شتێکیان بینیوەتەوە؟ ئەوەی داخۆ کتێبە مێژووییەکان دەتوانن وەڵامی ئیستا و وەڵامی باران بدەنەوە؟ بێ سوودە. کەس دەرگام لێناکاتەوە. تەواوی گەڕەک و شار، پڕی دەرگاکوتانەکانی منن. گوێم دێتە ژان. لە سەر سەکۆیەک دادەنیشم و توند توند دەست بە گوێیەکانمەوە دەگرم. دەنگی فیکەی بە ئاستەم و بەردەوام و زرینگانەوەکان کاسیان کردووم. باوکم دەیگوت کاتێک ئەم دەنگانە روویان تێکردیت و تەنگیان پێ هەڵچنیت، بیر لە مەرگ بکەوە. بیر لەوەی، رۆژێک هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت. بەڵام من حەزم بەم قسەیە نیە. من پێم وانیە ئەم بارانە کۆتایی پێ دێت، ئەگەرچی من و هەموو نەوەکانی پشت پەنجەرەکانیش رۆژێک بۆ هەمیشە بزربین. یان رەنگە بە پێچەوانەوە، ئەم بارانە و کتێبە مێژووییەکان و من پێکەوە بۆ هەمیشە لێرە بمێنینەوە.

هەورەتریشقە بەسامەکان، جۆبارەکانی سەر جەستەم رادەتڵکێن. تۆزی ئاوە دەپژێ. جەستەم یاخود جەستەیەکی قەڵبەزئاسا. گەر هەتاو بایە ئیستا من دەبووم بە پەڵە کۆڵکەزێرینەیەکی ئەفسانەیی. وەها کە تەنانەت هەموو مرۆڤەکانی ناو مێژوویش دەهاتنە سەیرم. رەنگە منیش وەک ئەم بارانە دەبووم بە دیاردەیەکی شاز و دەگمەن، وەها کە مرۆڤەکان ئیستا ناچار بوونایە بۆ دۆزینەوەی چەشنێک لە من بە کتێبە مێژووییەکاندا بچنەوە. بەڵام من وەک ئیستا ترسی ئەوەم هەیە کە هیچ نەدۆزنەوە. بۆ ئەوەی خۆم لەم بیرە ترسناکە رزگار بکەم هەوڵ دەدەم دیسان بیر لە باران بکەمەوە.

دەست دەبەم بۆ سەر جۆگەکانی سەر جەستەم. مشتێک ئاو هەڵدەگرم و دەیبەم بۆ دەمم. ئەگەرچی توونیم نیە، بەڵام دەیخۆمەوە. ئاوەکە تامی درەخت و تامی باخەکە و هەورەتریشقە و تامی جەستەی خۆم دەدا. تێکەڵێکی سەیر. وەک مێژوو. گەر مێژووخوێنەکانی پشت پەنجەرەکان لەم ئاوە بخۆنەوە، رەنگە زووتر ئەو شتەی پەیدابکەن کە بەشوێنیدا عەودالن. مێژوو تامی باران دەدا، بارانی سەر جەستەی مرۆڤەکان و سروشت. ئەو بارانەی هەموو شتێک دەشواتەوە و کەچی زەوی هەر پیسە. دایکم ئەوەندەی رق لە پیسەکان بوو کە لە بیرم دێت رۆژی دوو جار ناو ماڵی گەسک دەدا و خاوێنی دەکردەوە. ئەو هەمیشە حەسرەتی ئەوەی لە دڵدا بوو کە بۆچی ناکرێ رۆژی دوو جار هەموو دونیا خاوێن بکرێتەوە. یەکیان بە بەیانیان و ئەوی تریان ئێوارەیان. منیش چەند پێکەنینم بە هەندێ ئارەزوو دێت.
باران تا دێت هەناسەی بە تەوژمتر دەبێ. فوویەکی ترسناک کە جاری وایە لەترم پێدەدا. بەس من بیر لە ژوورەوە ناکەمەوە. دەڵێی من بۆ ئەم بارانە درووست کراوم. پەیکەرێک لە باران و بۆ باران. پەیکەرێک نوقمی باران. لەو سەری تەنیا باخەکەی شارەوە کتوپڕ جەستەیەک دەردەکەوێ. سێبەرێک. رەنگە تەڕ. ئەو لە من ناچێ. نە سەیری پەنجەرەکان دەکا و نە سەیری باخەکە. نە گوێی لە هەورەگرمەیە و نە تامی تاڵی گەڵاکان. رەنگە لەم رۆژە ئەهریمەنییەدا شتێکی لێ ون بووبێت. شتێک وەک کلیلی دەرگای خانووەکەی. رەنگە ئەو تەنیا لە بیری ئەوەدا بێت کە بچێتە ژوورەوە و خۆی لەم رووداوە دەگمەنە رزگار بکات. لە ژوورەوەیش نەک لە پشت پەنجەرەکەی، بەڵکوو لە هەوێشخانەکە دانیشێ. رەنگە خانووەکەی ئەو تەنیا خانوویەکە هیچ مێژووناسێکی تیا ناژی. ئەو کە لێم نزیکیش دەکەوێتەوە، تەنیا سێبەرە. روون نابێتەوە. خەتای بارانە یان چاوەکانی من؟ نازانم. لە منەوە گوزەردەکا و بەرەو ئەو دیوی باخەکە تێدەپەڕێ. جێ هەنگاوەکانی لە باران بە هێزترن. شوێنی دەکەوم. من هەمیشە حەزم بە وەشوێن کەوتنی سێبەرەکان بووە. شتێک لە سێبەرەکاندا هەیە کە لە بوونەوەرەکانی تردا نیە. ئەو شتە لە گەڵ خۆت دەتبا. ئەو لە باخەکە تێپەڕی. گەیشتە دارستانەکە. کوێرەرێییەکە هەڵیلووشی. منیش. ئەوسا بینیم گەیشتە شوێنێکی کراوەی بێ درەخت. لێرەیش باران هەر هەمان. لە ناوەڕاستی شوێنەکە راوەستا. زەمەنێک تێپەڕی. ئەمجا بەرە بەرە سێبەرەکانی ترم بینی کە لە دارستانەکەوە وەدەرکەوتن. سێبەرە بێ ئەژمارەکان. هەموو روویان لە شوێنە کراوەکە دەکرد. ئەوەندە کە چیدی جێ بۆ سێبەری تر نەما. پاشان ئەو چووە سەر تاقە بەردی نێوانیان و پرس و باسی کلیلەکانی بۆ و لێ کردن. من کە لەو هەمووە سێبەرە بێ کلیل و دەرگا لەڕووداخراوە ترسابووم، بیری خۆم کردەوە کە رەنگە منیش یەکێک لەوان بم، بە

بێ ئەوەی هێشتا بزانم. بە پڕتاو دەستم بۆ گیرفانە باراناوییەکانم برد،... کلیلەکەم لەوێ بوو. لە گەڵ یەکەم بروسکەی دووای دڵنیابوونم لە کلیل لە ئاسمان، بزەیەک نیشتە سەر لێوم. خۆشحاڵ دەگەڕێمەوە.
بە دەم ڕێگاوە دەچمە ئەو شوێنانەی وا ئاو تا قولاپەم دێت. بە بێ ئەوەی لاق زۆر لە سەر زەوی بەرزبکەمەوە، هەنگاو هەڵدێنم. ڕۆیشتنێکی قورس. ڕۆیشتنی بەر باران هەمیشە قورسە. بەزەییم بە نەوەکانی دڵ کەیلی مێژوو لە پشت پەنجەرەکاندا دێتەوە. چاوم لێیە خەریکی سڕینەوەی هەڵمی سەر پەنجەرەکانیانن. پێم سەیرە چلۆن دەکرێ لە یەک کاتدا هەم ئاگات لە مێژوو بێت و هەم لە ئیستا. خۆم دەگەیەنمەوە قەراغ باخەکە، شوێنە هەمیشەییەکەی خۆم. ئاسمان ونترە لەوەی من بیرم لێ دەکردەوە.
ئێوارە بەرە بەرە نزیک و نزیکتر دەکەوێتەوە. دەبێ بڕۆمەوە بۆ ماڵ. بە دەست کلیلەکەی ناو گیرفانم هەست پێدەکەمەوە. خەمی ئەوەی کە شەوێکی تر من بە داڵغەی باران، باخەکە، مێژووناسەکانی گەڕەک و شارەکەمانەوە دەبێ بنووم، لە خۆم دەگرێ. ڕەنگە تا سبەی باخەکە لەوێ نەمێنێ و هەر بۆیە بارانیش بۆ هەمیشە کۆتایی پێ بێت. بزەیەک. بەس نازانم خۆشییە یان دڵەڕاوکێ. منی دراوسێی مێژووناسەکان لە دەرگاکەم نزیک دەکەومەوە. هەر لە بارانەکە دەترازێم، وشکی وشکم. نە بۆنی بارانم لێ دێت، نە گەڵا و نە هەورەبرووسکە و نە سێبەرەکە.
دەچمە بەر پەنجەرەکە. دەبینم لە دەرەوە نە باخەکە ماوە و نە باران و نە ڕاوەستانەکانی من. تۆ بڵێی گوناهی من بێت، یان مێژووناسەکانی دراوسێم، یاخود ئەو ئەو ئێوارەیە درەنگ وەختەی کە لەمێژە بەربینگی بە گەڕەک و بە شارەکەی ئێمە گرتووە؟

## دۆزینەوە

دایەگەورەم نەیدەزانی وێنە چییە. کە بۆ یەکەم جار نیشانمان دا، سەیرێکی کرد و دواتر بە پەلە لە خۆی دوور خستەوە و وتی حەرامە! وێنەکە وێنەی خۆی بوو، لە کاتێکدا گیرابوو کە ئاگای لێنەبوو.
دایکم نەیدەگوت حەرامە،... سەیری دەکردن، بەڵام هیچی نەدەگوت. بێدەنگ، بێدەنگ لێی دەڕوانین. من ئیستایش نازانم بۆ.
ئیستا منیش، دووای سالانی ساڵ کە سەیری ئەو وێنە رەش و سپیانە دەکەمەوە، هەست دەکەم ناو سکم بەتاڵ بەتاڵ دەبێتەوە. شتێک وەک ئەشکەوتێکی بچووک، رەهۆڵێکی تەڕ و مەیلەو سەوز کە بۆنی سالانی ساڵ کەڕوی تەنیایی دەدا،... کەڕووی زەمەن. ژانێک وەک ئازارێک کە ئارام ئارام بە ناو سینگ و گەروومدا گوزەردەکا و مێشکم پڕدەکا لە رابردوو. شتێک وەک دووره دەستیی ئەو رۆژ و شەوانەی کە هی تۆ بوون، بەڵام ئیتر هی تۆ نین. بوونە لەرزۆکەکان.
ئەو سالانە، من سەیری وێنەکانم دەکرد، بەڵام لە ناویاندا تەنیا بە شوێن خۆمدا دەگەڕام. ئەوەی کە داخۆ جوان هاتووم یان نا،... ئەوەی کە جل و بەرگەکانم چۆن دەنوێنن و داخۆ لە چاو ئەوانەی دەورووبەرم رێک و پێکترم یان نا. وێنەکان بۆ من تەنیا وێنە بوون و هیچی تر. ئاە چەند حەز دەکەم دیسان وێنەکان تەنیا بۆ من وێنە بن و بەس.
من لە ناو وێنەکاندا زیاتر لە هەموویان لە وێنە رەش و سپییەکان دەترسم. رەنگە لە بەر ئەوەی ئەوان زۆر کۆنتر دەنوێنن، ئەگەرچی هەندێکیان لە وێنە رەنگییەکان تازەترن. لێرەوە تێدەگەم گەر دونیا تەنیا رەش و سپی بایە، ئێمە زووتر پیردەبوون.

سوپاس بۆ ڕەنگەکان کە زەمەن دەخەڵەتێنن و گەنجیەتیمان پێ دەبەخشن! لە خۆوە نیە کە ژنان خۆیان سوور و سپیاو دەکەن.
لە ناو عەکسەکاندا وێنەیەک هەیە زیاتر لەوانی دیکە من ئازار دەدات. وێنەیەکی ڕەش و سپی کە هی چل ساڵ لەوە پێشە. هەیکەلی چوار نەفەر لە سەر باڵکۆنێک. چوار کەس لە تەمەنی چلەکاندا. هەر کامەیان لە سەر کورسییەک دانیشتوون و جگە لە یەکیان کە ڕێک لە وێنەکێشەکە دەڕوانێ، ئەوانی تر نیگایان بەرەو شوێنی دیکە بەڕێ کردووە،... لە گەڵ هەندێ پەنجەرە لە پشتیانەوە کە تارمایی روخساری کەسێک لە پشتی یەکیانیەوە دیارە. تارمایییەک کە زیاتر لە کەسەکەی پێشەوە، سەرقاڵی روانین لە وێنەکێشەکەیە.
باڵکۆنەکە لە باڵکۆنی موسافیرخانەیەک دەچێ. من نازانم ئەم وێنەیە چۆن و لە کوێوە گیراوە. نە لە سەر شەقامەکەوە گیراوەو نە کامێرای ئەو سەردەمانەیش ئەوەندە لێنزی بەهێزیان هەبوو کە بکرێ لە خانووەکانی ئەو بەر شەقامەوە وێنەی پێ بگیردرێ. ڕەنگە وێنەکێشەکە لە سەر کۆمپریسییەک ڕاوەستابێ. لەو کۆمپریسییە هەمیشە پیس و قوڕاویانەی کە لە چەمەکانەوە زیخ و چێویان دەهێناو خانوویان پێ سازدەکردن. ئەو کۆمپریسیانەی جاری وابوو منداڵانی شاریان لەژێر خۆیاندا دەفلیقانەوە.
چوار نەفەرەکە هەرکامیان نیو مەترێک لە یەکتر دوورن. یەک، قۆلی لە سەر نەردەکەی بەردەمیەتی، کەسی دووهەم دەستەکانی وەک قوتابییەکی گوێڕایەڵ لە سەر ڕانەکانی داناوە، نەفەری سێهەم دەستی لە ژێر چەناگەیەتی و ئەوی چوارەمیش جوان جوان پاڵی داوەتەوە و دەستەکانی لە پشت سەری قوفڵ کردووە. چەند خەنییە! تەنیا قۆل لە سەر نەردەکەیە کە لە کامێراکە دەڕوانێ. جوانتر لێی دەڕوانم. وەک بڵێی دەیەوێ شتێک بە وێنەکێشەکە بڵێ و کەچی فریا نەکەوتووە. وشەکان لە سەر زارین. ئەو وشانەی وا وەک ئەوانی دیکە وێنەیان هاتووە، کەچی وەک کەسی پشت پەنجەرەکە تەنها تارماییەکیان لێدیارە.
بیردەکەمەوە کە داخۆ ویستوویەتی چی بڵێ،... "ڕاوەستە! پەلە مەکە!"،... یاخود گاڵتەی ڕفیقانە؟ بێگومان گەر ئیستا زیندوو بایە، لە بیری نەبوو ئەو ڕۆژە، کە لە ڕۆژێکی پاییزیی کۆتایی چلەکانی دەکرد، چی گوتووە. ژیان پڕی قسە لەبیرکراوەکانە. ئەو گوتانەی کەس نازانێ لە کوێی ئەم دونیا پان و بەرینەدا خۆیان بۆ هەمیشە حەشاردەدەن. بیری ئەوەی ڕەنگە ڕۆژێ حەشاردراوەکان سەرلەنوێ دەردەکەونەوە، وەک وێنەکە لە دەروونەوە ناو سکم دەهێنێە ژان. گەر ئەو ڕۆژە بێت، من بەڵێن دەدەم دانیشم و بە وردی گوێ لە هەموو قسەکان بگرمەوە.

سەیری سێ کەسەکەی تر دەکەم. هەوڵ دەدەم لە شێوەی نیگای ئەوان و جۆری دانیشتن و حاڵەتیاندا قسەکە بدۆزمەوە. ئەوەی دەستی لە سەر ڕانەکانیەتی، کەسێکی گوێڕایەڵە. ئەوەی دەستی لە ژێر چەناگەیەتی، کەسێکی ئاشق پیشە و حەزبەخۆیە و ئەوی سێهەمیشیان کە پاڵی داوەتەوە، کەسێکی حەز بە ئیستراحەت و ڕابواردنە. ئەوەی چوارەمیش، خاوەن قسەکە،... دیار نیە چۆنە. قسە شاراوەکانی سەریان لێ شێواندووم. قسەکان ونیان کردووە. قسە ونەکان، شاردوویانەتەوە. بیر دەکەمەوە چوارەم خەسڵەت لە پاش ئاشق پیشەیی، گوێڕایەڵی و حەز بە ڕابواردن چییە؟... وشەیەک وەک برووسکە ئاسمانی مێشکم دەبڕێ و ڕووناکی دەکاتەوە،... شەڕانی. کەواتە کەسی چوارەم دەبێ کەسێکی شەقاوە بێت. لەوانەی وا حەزیان لە شەڕ و لەوەیە کە بەر بە خەڵک بگرن و داخی دڵی خۆیان بە سەر ئەواندا خاڵی بکەنەوە. باشە بۆ دەبێ لە ناو هەموویاندا ئەوە شەڕانییەکە بێت کە قسە دەکات؟

زەڕەبینێک دێنم و هەوڵ دەدەم روخساری گەورەتر بکەمەوە. ورد دەبمەوە. تەنیا دەمێکی کراوە دەبینم لە گەڵ دوو ددانی تەواو و نیوە دیانێکی تر. لە شەوقی دۆزینەوەی وشەیەکی بەجێماو، سەرتاسەری لێوەکانی بەسەردەکەمەوە. نازانم بۆ ئەوەندە مەراقی ئەوەمە کە بزانم چی گوتووە. وێنەکە دیسان لە خۆم دووردەکەمەوە. بەم هەوڵدانەی خۆم پێکەنینم دێ. من ناتوانم هیچ وشەیەک بدۆزمەوە. هیچ کەس لەم دونیا پان و بەرینەدا ناتوانێ هیچ وشەیەک لە هیچ شوێنێک بدۆزێتەوە. دەزانم کە تەنیا ڕێگا، دۆزینەوەی وێنەکێشەکەیە. گەر وێنەکێشەکە لە تەمەنی بیستەکانی خۆیدا بێت، تەنانەت سییەکانیش، ئەوە ڕەنگە هێشتا زیندوو بێت.

وێنەکە دەخەمە سەر فەیسبووک و داوا لە خەڵک دەکەم یارمەتیم بدەن. کۆمەڵێک کۆمێنتاری یەک لە دووای یەک. ئەوەی کە وێنەکە زۆر قەدیمییە، سەرنجڕاکێشە، زۆر یادگارئامێزە و هتد، ژێر وێنەکە پڕدەکەن. تا کتوپڕ ڕۆژێک کۆمێنتارێک دەبینم: "ئەوانەی دەزانن، گەر هێشتا زیندووبن، قەت سەردانی فەیسبووک ناکەن!" پێکەنینم بە گەمژەیی خۆم دێت. وێنەکە لە سەر فەیسبووک هەڵدەگرم و لە سەر شوێنەکەی تابلۆیەکی ڤان گۆگ دادەنێم،... وێنەی مرۆڤێکی تەنیا و هەراسانی نێو شەقامەکانی شەو. تەنیایەکی وێڵی ناو ڕەنگی زەرد. حەپەساو و گرژ.

نەکا ئەویش وەک دایەگەورە وێنەی پێ حەرام بێت و هەوڵی داوە وێنەیان لێنەگرن؟ بێگومان گەر نەردەکان لەوێ نەبان و باڵکۆنەکەیش بەرزنەبایە، بۆی دەهاتە خوار. لێدان و بەگژداچوونەوەیەکی بەتام!... ڕقم لەم جۆرە بیرکردنەوانەی خۆمە. بیرکردنەوەیەکی ڕەش. هەمیشە بەرەو کارەسات. عەکسەکە دەخەمەوە ناو ئالبۆمەکەی باوکم و هەوڵ دەدەم چی لەوە زیاتر بیر لە نەوەی پێش خۆم نەکەمەوە.

نەکا وێنەکێشەکە باوکم بێت؟ سەیرە بۆ تا ئیستا بیرم لەمە نەکردبووەوە. وێنەکە لە ئەلبۆمەکەی باوکمدایە و ئەمە بەو مانایە کە باوکم گرتوویەتی. یاخود ئەوە دەیزانێ کێ گرتوویەتی. وێنەکە دەردێنمەوە و دەچم بۆ لای دایکم. نیشانی دەدەم و لێی دەپرسم داخۆ لە بیری دێت. دایکم تەنیا بێدەنگ بێدەنگ سەیری دەکا. دایکمم وەک تارمایی روخساری پشت پەنجەرەکە دێتە بەرچاو.
وێنەکە دەخەمەوە ناو ئەلبۆمەکەوە و بەڵێن بە خۆم دەدەم ئیتر قەت توخنی نەکەومەوە. یان وەک دایەگەورە دەبێ حەرامی کەم، یاخود دەبێ وەک دایکم تەنیا بێدەنگ بێدەنگ لێیان بروانم.

## له گه‌ڵ كۆڵان

ئاره‌زووی مردنی ده‌كرد. له‌ مێژ بوو ته‌نیا بۆ خۆی مابوویه‌وه‌. له‌ خانوویه‌كی گه‌وره‌ی ته‌نیا، كه‌ سێ نه‌وه‌، یه‌ك له‌ دووای یه‌ك تێیدا ژیابوون، ده‌ژیا. هه‌موو شوێنێك بۆن و تامی یاد و بیره‌وه‌ریی لێده‌هات. دیواره‌كان، شمه‌كه‌كان و به‌ تایبه‌ت په‌نجه‌ره‌كان. كه‌ له‌ سه‌ر قه‌نه‌فه‌كه‌ی داده‌نیشت و له‌وێوه‌ سه‌یری په‌نجه‌ره‌كانی ده‌كرد، ئه‌وانی ده‌هاته‌وه‌ به‌رچاو. ئه‌و نه‌وانه‌ی یه‌ك له‌ دووای یه‌ك له‌وێ راوه‌ستابوون و سه‌یری سروشتی ده‌ره‌وه‌ و دونیایان كردبوو. ده‌ره‌وه‌ ئه‌گه‌رچی له‌ چاو ئه‌و ساڵانه‌ زۆر گۆڕابوو، به‌ڵام هه‌ندێ شت هه‌ر وه‌ك خۆیان مابوون. به‌ تایبه‌ت ئاسمان و هه‌وره‌كان و... خودی كۆڵانیش. ده‌نگه‌كانیش هه‌روه‌ها. ده‌نگی باو باران و ترپه‌ی نه‌رمی پێی به‌فر. ده‌نگی بێده‌نگی و هه‌نگاوی ئه‌و رێبوارانه‌ی كه‌ هه‌میشه‌ شتێكیان بۆ بیركردنه‌وه‌ پێ بوو.
له‌ ژیان وه‌ڕه‌ز بووبوو. بۆ خۆی ده‌یگوت: "ئه‌وان له‌وێ چاوه‌ڕوانمن. ده‌زانن هه‌ر من ماوم." دیگوت: "ئیتر من لێره‌ هیچ كارێكم نه‌ماوه‌ جگه‌ له‌ بیركردنه‌وه‌. ئه‌مه‌ش كار نیه‌." من ده‌مزانی ته‌نیا ماوه‌، به‌ڵام نه‌مده‌زانی كه‌ رقی له‌م ته‌نیاییه‌ی خۆیه‌تی. به‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌و، من به‌ شوێن ته‌نیایی خۆمدا ده‌گه‌ڕام.
به‌ڵام مردن نه‌ده‌هات. ئه‌و شه‌وی وابوو خه‌ونی پێوه‌ ده‌بینی. له‌ خه‌ویا مردن وه‌ك فریشته‌یه‌كی باڵابه‌رزی كوڵم ئاڵی سه‌رتاپا سپی پۆش ده‌هات و به‌ سه‌ر جێگاكه‌یدا ده‌فڕی و به‌ بزه‌یه‌كی شیرینه‌وه‌ باسی سه‌فه‌رێكی بۆ ده‌كرد كه‌ خۆشترین سه‌فه‌ری دونیا بوو. سه‌فه‌رێكی سووك كه‌ جه‌سته‌ له‌ گه‌ڵ خۆت نابه‌یت و ته‌نیا رۆح ده‌فڕێ. ئه‌وه‌نده‌ سووك كه‌ ته‌واوی رێگا ده‌توانی سه‌مابكه‌ی،... سه‌مایه‌كی سپی و

پەمەیی، جارجارەش سوور. فریشتەکە زۆری لە گەڵ دەمایەوە. ئەمیش بەو تەمایە کە ئیتر ئەمشەو جێی ناهێڵێ و لە گەڵی دەڕوا، هەڵدەستا و جل و بەرگە سپی، پەمەیی و سوورەکانی لە بەردەکرد و هەوڵی دەدا دەستەکانی بداتە دەستی. دەستە چرچ و پیر و لەرزۆکەکانی. کەچی ئەو وەک هەمیشە بە بزەیەکەوە بە جێی دەهێشت و دەیگوت: "پەلە مەکە!" ئەمیش چەند پەلەی بوو. کە سبەی لە خەو هەڵدەستا، لە عەشقی شەوی داهاتوو بە بزەوە هەڵدەستا، ئارام و لەسەرەخۆ سەروچاوی دەشۆرد، نانی دەخوارد و وەک هەمیشە لە سەر قەنەفەکەی دادەنیشت و لە پەنجەرەکەوە سەیری رابردووان و دەرەوەی دەکرد. گوێ،... ئا، گوێشی بۆ دەنگە نادیارەکانی ناو ژوورەکان هەڵدەخست، ئەو دەنگانەی ئەم ئیتر لەم چەند ساڵەی دوواییدا جوان لێکی نەدەکردنەوە.

سەرئەنجام رۆژێک مردن هات. بەڵام شەو نەبوو، کاتی رۆژ بوو. رێک لە سەر قەنەفەکەی. کاتێک لە دەرەوە بەفر بە بێ ترپە هەنگاوی دەنا و رێبوارێک وەک هەمیشە لە فکردا بوو و دەنگەکانی ناو خانووەکەیش زیاتر لە جاران ئاڵۆز بووبوون. ئەم کە پێی وابوو دیسان خەوی بە فریشتەکەوە بینیوەتەوە، بە بزەوە لێی رووانییەوە. بە چاوە کراوەکانییەوە. فریشتەکە پێی گوتبوو: "ئیتر ئەمە خەون نیە، ئەمە یەکێک لە راستەقینەترین سەفەرەکانتە!" ویستی پێی بڵی کە بۆچی ئەم کاتە، بۆچی شەو نا؟ ئاخر ئەو لە مێژە پلانەکەی وەها دانابوو." بەڵام بزەی جوانی فریشتەکە کە یەکجار لە جارەکانی تر جوانتر بوو، وەها لە خۆیدا نوقمی کرد کە دەستبەجێ پرسیارەکەی لە بیر چووەوە.

پێکەوە لە جیاتی ئەوەی لە دەرگاکەوە بڕۆنە دەرەوە، لە پەنجەرەکەوە رۆیشتن. لە نێو شووشەکانەوە. کە لە شووشەکان تێپەڕین، بۆ یەکەم جار دووای ساڵانی ساڵ دەنگەکانی ناو ژوورەکانی لی ونبوون. نازانێ دڵی تەنگ بوو یان نا، بەڵام کتوپڕ ئەو بیرە بە مێشکیدا هات کە تەواوی ئەم ساڵانە ئەوەندەیش تەنیا نەبووە. ویستی بە فریشتەکە بڵێ ناکرێ دەنگەکانیش لە گەڵ خۆیان ببەن. دەستە نەرم و گەرمەکانی فریشتە خوێن شیرینەکە ئەوندە نەرم و گەرم بوون، ئەوەندە دەستە چرچ و سارد و بێ هێزەکانی ئەویان گەنج دەکردەوە کە دیسان پرسیارەکەی لە بیر چووەوە.

بە سەر حەوشە و کۆڵاندا تێپەڕین. منداڵەکانی ئەو بەر کۆڵان خەریکی یاریکردن بە بەفر بوون. دووکەڵە رەش و سپییەکان لە دەنکە بەفرەکان دەئاڵان و لە شوێنێک لە ناو خۆیاندا، بزریان دەکردن. بەرز و بەرزتر فڕین. بۆ ناو هەورەکان. نەرمیی هەورەکان چەندە لە نەرمیی فریشتەکەیان دەکرد. ئاسمانی شینی بینی. ئەوجار لە شوێنێک ئاسمان رەنگی نەما. نە رەش، نە شین، نە سپی و نە هیچ رنگێک. تەنیا ئاسمان. شوێنێک وەک هیچ. شوێنێک نە "بوون"، نە "نەبوون". رەنگە شتێک لە

نێوان ئەم دووانەدا. یان شتێک وەک واوەتر لەم دووانە. لێرە نەیدەزانی کە داخۆ دەڕۆن، داخۆ هەروا دەفڕن، یان راوەستاون. کە رەنگەکان نەمان، جوڵەیش دەوەستێ. سەیری فریشتەکەی کردەوە. لە تەواوی رێگادا یەک وشە چییە لە گەڵی نەدوابوو. فریشتەکە تەنیا لە پێشەوەی خۆی دەڕوانی. بە جۆری روانین و جوڵەی جەستەیدا زانی کە دەبێ لە جوڵەدا بن. هەوڵیدا تەنیا بیر لە دەستە نەرم و گەرمەکانی بکاتەوە. بێگومان لە گەڵ ئەم دەستانە دەتوانی بۆ هەموو شوێنێک بچی، تەنانەت تا ئەو دیوی مردن، ئەو دیوی مردنەکان و کاینات.

سەرئەنجام لە دەروازەیەک نزیک کەوتنەوە. دەروازەیەک بە تاقی تەنیا، بێ هیچ دیوار و ئەستۆندەکێک بە تەنیشتییەوە. دەروازەیەک تێکەڵ لە کۆن و نوێ. کە سەیرت دەکرد، هەموو دەروازەکانی جیهانت دەهاتەوە یاد. فریشتەکە گەڵایەکی لە گیرفانی دەرهێنا و لە سەر دەستی بەرز رایگرت و ئەوجار فووی لێکرد. گەڵاکە فڕی، بە سەر دەروازەکەدا کەوتە سەمایەکی لانکە ئاسا و ئەوسا کتوپڕ دەروازەکە کرایەوە. چوونە ژوورەوە. سەرەتا سەحرایەک، ئەوسا باغێک و دوواتر ئەو کۆڵانە تەنگ و درێژ و گڵینانەی کە کەس نەیدەزانی لە کوێ کۆتاییان پێدێت. ئەم چاوی بۆ بنیادەمەکان گێڕا. بێگومان ئەوان لێرە لە ناو خانووەکاندا دەژین. هەموو مردووەکان. ئەو مردووانەی لێرە زیندوون و لەوێ مردوون. مردووە زیندووەکان یاخود زیندووە مردووەکان. نازانێ چەند کۆڵانیان تێپەڕاند. سەیرێکی بان سەری خۆی کرد. لەوێ لەو دووردەستانە تەنیا هیچ بوو و هیچ. ئەوسا نیگای بۆ پەنجەرەکان بەرێ کرد. بیری پەنجەرەکەی خۆی کەوتەوە. بیری ئەو مردووە زیندووانەی کە ئیستا لەوێ لە ژوورەوە لە سەر قەنەفەکان دانیشتوون و سەیری رێبوارانی ناو کۆڵان دەکەن. ئەو رێبوارانەی هەمیشە شتێکیان بۆ بیرلێکردنەوە پێیە.

سەرئەنجام فریشتەکە لە کۆڵانێکی تەنگەبەر راوەستا. بۆ یەکەم جار دووای سەفەرێکی دوورو درێژ، قاچەکانی زەوی گرت. بەڵام ئێرە زەوی نەبوو. لە بەردەمی خۆی روانی. لاقەکانی تا گۆزینگ لە ناو مژ یاخود هەورێکی سپی و خۆڵەمێشی دا کە بەردەوام لە دایک دەبوو و دەمرد، ون بووبوون. فریشتەکە کلیلێکی دایە و دەرگایەکی رەنگ سپیی نیشان دا. ئەوسا بۆ خۆی لەو سەری کۆڵان لە فڕینێکی هەورین دا ون بوو. ئەم ئارام بە ناو زەوییە هەورینەکەدا هەنگاوی هەڵگرت. کلیلەکەی خستە ناو کونی قوفڵی دەرگاکەوە و بایدا.

بە پێچەوانەی کۆڵانە تەنگ و باریک و درێژەکان، ئێرە حەوشەیەکی گەورە بوو بەو خانووە گەورەو قەدیمییەوە کە هەر شوێنێکی رێک لە خانووەکەی سێ نەوەکەی دەکرد، بەڵام گەورەتر، یەکجار گەورەتر. حەوزێکی ئاوی لە ناوەراستی

حەوشەکەدا بینی کە ئاوێنەیەکی گەورە بە قەد باڵای مرۆڤێک بە تەنیشتییەوە بوو. بە ناو ئەو گوڵانەدا تێپەڕی کە ئەوانیش لاسکیان لە ناو مژە هەورینەکەدا ون بووبوون. گەیشتە ئاوەکە. تینووی بوو. مشتێک ئاوی هەڵگرت و لە زاری رۆکرد. خۆشترین ئاوی دونیا. لە ژێر چاوەوە لە پەنجەرەکانی رووانی. لە بەر خۆیەوە وتی ئیستا هەموویان لێم دەڕوانن. چاوەڕوانی منن. دەستی تەڕی بە قژەکانیدا هێنا،... بە جل و بەرگەکەیدا. یەکەمین دیدار دووای ساڵانی ساڵ دەبێ بە رێک و پێکی بڕواتە پێش. چووە بەر ئاوێنەکە. بە دیتنی خۆی وەها ترسا کە هەنگاوێک کشایە دوواوە. لە جیاتی خۆی هەیکەلێکی بینی هی سەردەمی گەنجیەتی خۆی. خۆی بینی. خۆی خۆی. ئەو خۆیەی هێشتا خۆی تەمەن و پیری، بەربینگی پێنەگرتبوو. لە خۆشیا قاقایەکی توندی لێدا. تەواوی حەوشەکەیش کەوتە پێکەنین. گوڵەکان کرانەوە و بۆنی عەترێکی هەمە چەشن لە مژە هەورینەکە و پەنجەرەکان ئاڵا. ئەوسا سێبەرەکانی بینی کە لە پەنجەرەکان نزیک دەکەوتنەوە. تەنیا بە لاچاو سەیری کردن. سەیرکردنی تەواوی هەڵگرت بۆ ژوورەوە. قسەی زۆر پێ بوو. تەنیا لەوێ لە ژوورەوە، رێک لە بەرامبەر خۆیاندا دەتوانێ باسی ساڵانی ساڵ بێتاقەتی و دووری بکا. باسی خانووەکەیان کە ئیستا کتوپڕ یەکجار بۆی بێتاقەت بووبوو.

هەنگاوی هەڵگرتەوە. بە ناو گوڵەکاندا تێپەڕی. کلیلەکەی چەرخاند. لێرە هەر شتێک کە بەر شتی دیکە دەکەوت، دەنگی لێوە نەدەهات. هۆڵەکە هەر وەک هۆڵەکەی خۆیان، لەوێ لە سەر زەوی کە ئیستا بووبوو بە رابردوو. یەکەم دەرگای دەستی راستی کردەوە. بنەماڵەیەکی گەنجی بینی. دایک و باوک و منداڵەکان هەموویان لە یەک تەمەندا! خوشک و برا و دایک و باوکی خۆی بوون. ناسیانەوە. لە گەڵیان دانیشت. ئەم دایک و باوکی خۆی بە پیریەتی لە بیر بوو. ئەوانی تریش بە تەمەنێکی مام ناوەندی. چاوێکی بە ژوورەکەدا دەگێڕێ. شتەکان هەر وەک سەر زەوی. لە دڵەوە سوپاسی فریشتەکە دەکا. بەڵام چ کێشەیەکی گەورەیە هەموو لە یەک تەمەندا و بە گەنجیەتی. جێیان دەڵێ. دەرگای ژوورەکەی تر دەکاتەوە. دایەگەورە و باوەگەورەو منداڵەکانیان دەبینێ، منداڵەکان هەمان دایک و باوکی خۆی کە هەر ئیستاکە تاوێ لەوبەر لە ژوورەکەی تر بەجێی هێشتبوون. ترسێکی سەیر سەرتاپای دادەگرێ. ئارام دەرگاکە پێوەدەداتەوەو روو لەو ژوورە دەکا کە قەنەفەکەی جارانی لێبوو. چوو لە سەری دانیشت. ئەگەرچی جەستەی جەوانی حەزی بە دانیشتن نەبوو. رێک بەرامبەر پەنجەرەکە. ئەو پەنجەرەیەی کە چیدی بە سەر کۆڵاندا نەیدەڕوانی. دڵتەنگییەکی سەیر دایگرت. دڵتەنگی

تامەزرۆی دیتنی ئەو رێبوارانەی کە هەمیشە لە کاتی تێپەڕیندا شتێکیان بۆ بیرکردنەوە پێ بوو.